

# OLANPAR


ساڵی
1992

**دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان**


ژمارە
1











3

هەڵبژاردە لە،
بەرهەمی هونەرمەندی
کورد ـ جەمال ڤانلی
"کامپی ئاوارەکان"
تابلۆ ـ رۆن

65 x 70.cm

OLANPAR

# دڵنەپار

دەنگی کۆمیتەی ئاشتی وپشتگیری نیشتمانی کوردستان

ناڤنیشان :

000M
POSTE RESTANTE
00100 HELSINKI
FINLAND

بە سەر پەرشتی لیژنەی بڵاوکردنەوە :

ر. مامەش
ر. محێدین
ئا. مستەفا
ه. ئەکرەم

خوێنە رانی بە ڕێز !

لە و ژمارە یە دا پرسە و پیرۆزبایی ، لە ئامیزی یە کتری دان ، وە ك هە ڵە بجە و نە ورۆز ، یا نە ورۆز و هە ڵە بجە ، مێژوو سە پاندنە ، بۆ ئێمە ی کوردیش وا کە وتە وە ، ئە ویشیان بە شێکە لە نە خشە ی دوژمنانی کورد و کوردستان ، ئە ویشیان ، تە قە لایە کی تری داگیرکارانی کوردستانە بۆ هە رە سهێنان بە بیروباوە ڕی نیشتمانیمان ، بۆ سڕینە وە ی گیانی مرۆڤ پە روە رانە ی هاووڵاتیانی کوردستان ، بۆ چاندنی بێ هیوایی وبێ هودە یی لە دە رونی مرۆڤی خۆڕاگر و کۆڵنە دە ری کوردستان ، بۆ سڕینە وە ی خە ونی سە ر بە خۆیی و ئازادی مرۆڤی کورد کە هە زاران ساڵە لە پێناوی دا گیان فیدایانە خوێن دە بە خشێ ، بە کوێرای چاوی داگیرکاران ، ئینجانە یە کی مە زن بە هێندە ی هە ڵە بجە و پڕ لە گوڵی سوور دیاردە کە ین ، چە پکە گوڵێك ئە وە ندە مە زن و باڵا لە هە موو هاووڵاتیانی کوردستانە وە دیار بێت ، چە پکێك وە ك مە شخە ڵی گڕی نە ورۆز سوور ، دە ستێك بە رز دە کە ینە وە بۆ پرسە ی هە ڵە بجە ، دە ستە کە ی تر بۆ پیرۆزبایی نە ورۆز ، دیسا بە مرۆڤایە تی دە ڵێنە وە ، کێوی هیوای کورد لە بن نایە ت ، لە سە رکە وتن بێ هیوا نابین .

لیژنەی بڵاوکردنەوە

---

بخوێنەوە!
بڵاوی بکەوە!
بە بەرهەمی بەپێزتان... بەسەری کەنەوە!
کۆمەك و یارمەتی لێ مەبڕن!
هەمڕازەی خۆتانە... هەمیسان نیشتمانەکەمان!

HEVALÊN HIJA!
PŜIKDARI PIŠKET LATINI, GOVARA OLANPAR BKEN!
J̌ HEVIYE ALIKARÎT XWNDEVANÊN HEJ́A!
NAVNIŜANÊT NU :
000M - POSTE RESTANTE - 00100 HELSINKI - FINLAND

تابلۆی بە رگی یە کە م : مادۆنای کورد
هونە رمە ندی ئە مریکی: ماریۆ ئوربی
تابلۆی بە رگی دووهە م : ناوپردان ١٩٧٤
هونەرمەندی کورد : رەهبەر

ئاگاداری،

لە ژمارەی داهاتوودا . بەشی کوردی - کرمانجی - بە پیتی لاتینی دەست پێ دەکەین . تکایە هەرکێ نیازی بەشداری هەیە ، بۆئەدرەسی سەرەوە ، بەرهەم رەوانە بکات .




نرخی بیست مارکی فینلەندی یە

# ئیمساڵ ساڵی کوردیە!

هەواڵنامەی کتێب

مارت....شتیَ لە نیَوان بون ونە بونا ....چە ند پیتیَ کە نە شیَ یە کبگرن ، رستە یە ك ووشە بە خۆە ی نە گریَت ......بـوونیَ لـە نیَوان هە لّپە ڕکیَ ی شادی و شایی مە رگ ....ژە هر و هە ناسە ، هە ناسە و ژە هر .....خە ونی سە رکە وتن و رووده ی نوچدان .....جە لادی گوناهکار و گوناهکاری جە لاد، ....مارت ...شتیَ تیَکە ڵ وە ك فرمیَسك و پیَکە نین ، خویَن و بە فـر..... سە وزایی دامین چیاو....سپیاتی ترۆپك ، دۆزە خ و بە هە شت.....خانی و ئە وینی پاك ،دە رە بە گ و بە کری مە رگە وە ڕ، پیَشـە واو و چوارچرا... ....چوارهە زار چرا و سیَدارە ....سە ربە خۆیی و روخان ....ئـــازارو ئاشبە تاڵ ...شتی لە نیَوان دوورە نگی بە ڵە ك ... پانتاییە ك شـــادی و هیوا و بە ختە وە ری ....پانتاییە کە ی تریان خە م و پە ژارە و مـــە رگ تولّە سە ندنە وە و راونانی دوژمن ...نیگە رانی و ئاوارە بوون وقــــــڕان لە دایك بوون و لە بارچون ...هە ناسە هە ڵکیَشانیَك بۆ ژیان......... وروژانی مردن لە گیان ،بانك وئاڕپیجی و دنکە شقارتە وبە ڕیَوە بە رایە تی سیخوڕسازی ، منالّیَك بۆ دواجار لە گۆی مە مکی دایکی مردن بخــــواتە وە، شۆڕش و دە ست پان کردنە وە لە بە ر جە لاد ، مە رگی شە هید شــــە هاب و فوزە یلیە بە زاندن ، مە رگی شە هید جــــە عفە ر و ئە بو غریَب تــــۆقاندن، مە رگی شە هید ئــــــە نوە ر و ئازادی ..........جە ماوە ر و...... مە جید کیمیاوی حە سە ن فاشی ، مە رگی شە هید دۆغــــــــان و زیندانی دیاربە کر ........نە تە وە یە کی ژیَردە ست ، مە رگی شە هید کە مال پیرو خۆڕاگرتن ، مە رگی شە هید مە عســـــوم و سە رهە ڵدان ...دارلاستیك و

# ٢١١٦ ی

سۆخۆی ....راستی سه رکه وتن و...درۆی شکستی ...تیرێکی بازنه یه یی
نوکی له پشته سه ری خۆیدا چه قی بێ ، بیستویه کی مارت وشانزه ی مه رگ
...یه کی هه ڵه بجه و یه کی ئاخه لێوه ....خـــم و ده سترازه ی ره نگین ،
هه ش و سه ری به قوڕ و رووی به پێکه نین ، هه زاران په نجه ی لێکترازاو
.....هه زاران ده ستی یه کگرتوو .....وه رین و چرۆکردن ، هه ناســه و
گیان ده رچون ، تابوت و داربه ڕوو، گلان و سه رکه‌وتن ، وون بــــوون و
په یدابوون ، شه شی سه ربراو ...یانزه ی بێزار ....شانزه ی شــــانۆی
خۆکوشتن ... بیستویه کی ژیانه وه ... پیری ده ستی قوماربازه کــــانی
سه رده م و سه دام .....بیستویه کی دوای مه رگ ...شانزه ی پێش ژیان
.....هیشکانی و ئاوه زێ ....باران و بروسکه ، شریق و هۆڕو رونـــاکی
....گرمه و گاز و تاریکی ..... خه ونی سێ هه زار ســـاڵ سه رکه وتن
شکستی سێ خوله کی گازی ژه هراوی ، له نێوان هه ڵه بجه ونه وروزدا سێ
رۆژ...له نێوان خه ونی سه رکه وتن و شکانه وه ی مه رگ سێ هه زار ساڵ
....مارت شتی له نێوان ....راپه ڕین و خۆبه ده ستــه وه دان ......دوو
هه فته ئازادی و دووهه فته ژێرده سته یی ،رۆژێك به خته وه ری وسێ هه زار
ساڵ خه م و که سه ر.....له رینه وه ی ژێ و بێده نگی سامناك ....پێنوسی
هۆزان و نوك شکان ، ترپه ی دڵ بۆ ژیان ....وه ستان بۆ مردن ....ناوك و
مناڵ ....شیر و ژه هر ، برینێکی گوڵ لێڕواو ...گولێکی خوێن لــــــه
به ر رۆیشتو ، چاوێکی گه ش و بینایی کوێر ....تابلۆیه کی زیندوو......
...زیندوویه کی په یکه ر ......مه سیحێکی له خاچدراو ..... مه سیحێکی
چاوه ڕێ کراو .....کفن و زیندووبونه وه ...گۆڕ و هه ڵسانه وه ، ســه ر و
به ردی ئه لحه د .....خوا و شه یتان ....پێشمه رگــــه و....جا ش ،
گۆڕ هه ڵکه ن و مامان .... هه ڵه یه کی وون بوو .... پێشنیـایێکی نوێ
...سفری سه ره تاو سه فه ری بێکۆتایی ژماره ، چواری راپه ڕین ......
شه شی ئازار ....یانزه ی هه ر ئازار .... شانزه ی هه ر ئــــــازار
....بیستویه کی خوشی .....کۆتایی ره شه مێ و سه ره تای ئاخه لێــوه
نه بوایه....ئیمساڵ ٢١١٦ ی کوردی بوو،له وساڵه نوی یه دا ...مێژوویه کی
نوێ ده ست پێده کات ،هه موو رۆژه کان پرده کاته وه ، چواری مارت وشه شی
مارت و یانزه ی مارت وشانزه ی مارت وبیستویه کی مارت وبیستوهه شــتی
مارت ،٦ - ٢ = ٤ چواری راپه رین ،٦ شه شی مارت ، ١١ یانزه ی مارت ، ١٦
شانزه ی مارته ،٢١ نه وروزه ، ٦+ ١+١ = ٢٨ ی هیرش ، ٦و٤ و یــــــه کی
نه وروزي ١١ ، ١١ و٦ حه قده ، چواری راپه رینیش ٢١ و٤ و ٦ =١٠ ، ١٠ و ٢١=

٣١ دە كاتە يە كی ئە پریل داگیرکردنە وە ی هە موو ئە وە ی ئازاد کرابـــوو
مێژوویە کی نویێ . . .مە تە ڵێکی کۆن ، کۆتایی ساڵێك و سە رە تای ســـاڵێك
ماڵ ئاوایی لە مە رگ و پێشوازی لە ژیان تا سە ردە مێکی تر مە تە ڵێـــکی
هـــە ڵنە هێنرا و هـــــە ڵنە هێنراوێکی مە تە ڵ ، کـــاوە یە کی لە خاچدراو
کـــــــــاوە یە کی چـــــــــــــــــــــــاوە ڕێ کـــــــــــــراو !



# رۆژمێری راپەرینی ئاوارە

ئامادەکردنی : لیژنەی سەرپەرشتی و
بـــلاوکردنەوە

١٩٨٧- کە بە کە سانی سە ر بە و پـــــارت و رێکخراوانە ی « دوواتر بە رە ی
کوردستانی عیراقیان پێکهینا » دە ووترا[ کیمیچە ك پرمە ترسی یە ، بە هێندە ی
کلۆ شە کرێك لە بۆمبێکدا بۆی هە یە چە ند هە زارێك بکوژێ ! دە یان ووت ( کاکە
ئێوە بۆ دژی شۆرشن ! بۆ چی هە ترە شی ئە و خە لکە دە بە ن و دە یان ترسێنن !
١٩٨٧- دە تە ماشاکە ن لە شێخ وە سانان چی قە وما ........ بە راستی ئێوە ن
ناتانە وێ گوێ لە کە س بگرن ؟! برا وانییە ! شێخ وە سانان بۆ ئێمە وانــە یە کی
مە زن بوو ( هە ر عە قلە لە خە سارە کی ، ئێستێکە جە ماوە ر هۆشیار بــۆتە وە
کە زانیان بۆمبی کیمیگاز لە نزیکیان دە تە قێتە وە ، سە ردە کە ونە سە ر دارێکی
بلند ! یا شوێنە بە رزە کان ! چونکە کیمیگاز لە زە وی دە نیشی !!! ئە و خە لکە ش
گێل نییە فێلی خۆی دۆزیوە تە وە !!!!
١٩٨٧ - ئە م وە لامە تە نیێ خێلە هیندووە سورە کانی ئە مریکای دێنایە وە یاد ! کە
لە ژیانیان تۆپ و تفە نگیان نە دی بو ، وایاندە زانی ئە گە ر بچنە ترۆپکی شاخە
بە رزە کان ئیتر گولە یان ناگاتێ !؟
١٩٨٧ - پە یڤ -ژمارە -٥ -٦ -سالی دووهە م -ئۆکتۆبە ری ١٩٨٧ - چاوپێکە وتنێك
لە گە ل نە وشیروان مستە فا { جێگری ســکرتیری یە کێتی نیشتمانی کوردستان }
لاپە رە-٧.٣-ستونی یە کە م ، دێری سێ وچوار وبە رە وخوار ، لاپە رە-٧.٧-دێری ١٧و
بە رە وخوار !
-ئێران بە شێکی کوردستانی داگیرکردووە ، دۆوستی کوردە ؟ئە ی کوا چە کــــــە
قورسە کانی ئێران؟ بۆچی یە کێ لە و فرۆکانە یان نە خستە خوارە وە کــــە ماوە ی
سێ رۆژ لە ئاسمانی هە لە بجە تە راتێنیان بوو؟
-شێخ وە سانان هیمایە ك بوو کە رژێمی داگیرکاری عیراق لــــــە بە کارهێنانی
کیمیچە ك دە ستناپارێزێ ، کە چی هە رئە و هێزانە لە پە نا ی بلاو کردنــــە وە ی
ئە م جۆرە پە رە گرافانە ی سە رە وە نە ك هە ر چارە نوسی هە لە بجە یــــــان
خستە بە ردە م هە رە شە ی کیمیچە کی سە دام ، بە لکو جە ماوە ریشیان دە ست
خە رۆدە کرد ، دواتریش هە ر خۆیان تالانیان کرد !؟
-سکرتێری یە کێتی نیشتمانی کوردستان جە لال تالە بانی لە چاوپێکە وتنێکدا ، کە
بلاوکراوە یە کی یە کێتی نیشتمانی لە فرنسی یە وە کردوویە بە کوردی ، لە وە لامی

پرسیاریَ ده رباره ی تالانی هه له بجه ده لێت { بــــه لیَ راسته تالان كراوه و پێشمه رگه ش له وتالانه دا ده ستی هه بووه }!؟
-ئه و هه والدانه ی جه لا ل تاله بانی له پێناو دانهێنان به راستیدا نییه ، بــه لكو یه كه م : دوای كاره ساتی هه له بجه {؟؟؟؟؟} كوردستانی عیراق ته واو بیَ هیوا بو له به رده وامیدان به به رگری ، دووه میشیان : ئه وان چاویان بــه رایی نه ده دا ، دوای ئه و كاره ساته ، رێكخراوێكی جه ماوه ری بۆ به رگری له داوا ره واكــانی هاوولاتیانی كوردستان په نا به رێته به ر خه باتی چه كداری { پێشمه رگایه تی } بۆیه ش وایان به چاك زانی تاوانی تالان كردنی هه له بجه له سه ری پێشمه رگه بسوون !؟ ناوی پێشمه رگه وه ك دز و جه رده بزرێنن ! به بیَ ئه وه ی بیر له وه بكه نه وه كه هاوولاتیانی كوردستان بۆیان هه یه بپرسن : باشه ئێوه كه ماوه ی چل سالێكه گوایه خه ریكی پێشمه رگه په روه رده كردنن ! ده رئه نجام چــل پێشمه رگه و چوار كادری ده ستپاكتان { كه بۆ كۆنترولكردنی شــارێــكی وه ك هه له بجه و پاراستنی ده رگا وبانی دانیشتوانی قرِان تێخراوی به س بوون } پــیَ په روه رده نه كرابیَ ، چاكتر نییه ئیدی بۆ خۆ خه ریكی كارێكی تر بن ؟ خــۆتان خانه فنیش [ تقاعد] بكه ن !؟
- ئه و هێزانه چه ندین سال بو ببونه مایه ی كاره سات وبه دبه ختی بزووتنه وه ی رزگاری خوازی ، سالانێكی دوورودرێژ خه ریكی قرِكردنی یه كتری بوون ، نــــه ك هه رله كوردستان ، له ده ره وه ش له لایه ن داموده زگا جیهانی وده ولَه تییه كــان ناسرابون ، له هه ردوولاش جێگه ی متمانه نه بوون ، هێزه ده ولَه تییه كــان وه ك جۆكه ری خه وتووی یاری مامه له یان ده كردن .
١٩٨٨- له دوای هێرشه درِادانه كه ی له شكری داگیركا ری عیراق بۆسه ر ناوچه ی بادینان ، سه رانی به ره ش به ره و ئه ورووپا به ریَ كه وتن ، دوای شكستییه كــی مه زن كه خۆشیان نه یان ده زانی چی ناو بنێن !
١٩٨٩-كه سانی سه ربه به ره كه وتنه بلاوكردنه وه ی بابه تێك بــه تایبه تی جغدیان ده كرد له سه رئه وه ی [ ئیمپریالیزم - به تایبه تیش ئه مریكا رازی نییه كورد ده ولَه تی خۆی دابمه زرینی !! ] هه روه ك ئه وه ی كورد چه ندین ســه ده ســــال بێت ته مای به وه بووبیَ ئه مریكا و ئیمپریالیزم ده ولَه تی بــۆ دابمه زرێنن ؟! بۆ نمونه برِوانه - الثقافه الجدیدة - ژماره - ٢١٤ تشرینی یه كه م ١٩٨٩- لاپه رِه - ١٥- نوسینێكی ئه ندامی سه ركردایه تی هه رێمی ســوله یمانی پارتی دیمكراتی كوردستان - به تایبه تی كۆتایی باسه كه .
-٢/ ١٠ / ١٩٩٠ له شكری داگیركا ری عیراق ، هێرشی كرده سه ر كوێت و له ماوه ی چاوچوقانێكدا وولاته كه ی داگیركرد ! ئه مریكا و كۆمه لێك وولاتانی خــــۆرئاوا كه وتنه گه له كۆمه كیَ بۆستاندنه وه ی كوێت،له راستیدا پاراستنی ستراتیژیه تی ده ولَه تی له ناوچه كه دا به سوودو به رژه وه ندی خۆیان .
-١٩٩٠- سه رده می داگیركردنی كوێت ،له لایه ن ده ولَه تی عیراقه وه ، بــــه ره ی كوردستانی عیراق له بلاوكراوه یه كدا جارِی ئاگربه ستی دا - بـــــیان القیادة السیاسیه لجبهة كوردستان - طریق الشعب - لاپه رِه - ٥- كۆتایی نۆڤێمبه ر[ وه ك چۆن به ره فرمانی داوه به پێشمه رگه كانی چالاكی سه ربازیانه رابگرن ، له وه ته ی قه یرانی سه ره تای ئه یلولی رابردووه وه]

١٩٩٠- سه رانی به ره له وه ده ترسان ئــــه م [ ئه مریكا و ئیمپریالیزم - رازی نییه كورد ده ولَه تی سه ربه خۆی كوردستان دابمه زرێنیَ ] كه پرِوپاگه نده یان بۆ ده كرد و له زۆر بلاوكراوه دا بلاویان ده كرده وه ، نه گاته وه ده می جه ماوه ری

کوردستان «ئه وکاته زۆر ئه سته م بوو بتوانن ئه و بلاوکراوانه بگه ینه وه نێو جه ماوه ری کوردستان» بۆیه چه ندین جار له رادیۆکانی ده نـگی ئه مریکا و بی،بی،سی بریتانیا ئه و هه والانه یان ، دوای چه ند سه ردان بـۆ ئه مریکا ، ده باره کرده وه ! به و مه به سته ی هاوولاتیانی کوردستان لـه و قسانه گوێیان پرِبێ .

.۱۹۹- که ده ووترا ، باشه ئێوه ی چه پ‌اِته مای چیتان بـــه ئیمپریالیزم و ئه مریکایه ؟ بزه یان ده هاتێ ! چاکه له وه گه رِێن ، به لگه ی ئـــه م قسانه تان چییه ؟ ده یان گووت خۆیان وا ده لێن ! زۆر چاکه خۆشیان بون به جیا بوونه وه و سه ربه خۆیی هیچ لایه ك رازی نه بوون ،به لام ئایا رازی نه بونی ئه وان رێگه ی جیابوونه وه و سه ربه خۆیی گه لانی کوێر کردۆ؟ ته وه ؟ کـــێ جیانه بوه وه و ئه وان پێش هه مووان دانیان پیا نه ینا ؟ ئاخر ئه وه بـــۆ کورد هه فته مین نه لواوه ! گرفته که گرفتی جوگرافییه !!!!!!!!!!!! سه رئه نجام ، ئازادی نه ته وه یه ك ، چینێك ، تاکێك ، هه رلایه نێك ، که به ده می خۆی جارِی نه دا و نه یلێـت کێ ده بێ له جیاتی بیلێت !؟ ئه و سه ربه وخۆییه چ نرخێکی ده بێ که له بری خۆت لایه نێکی تر برِیاری ده رکات ؟؟؟؟

.۱۹۹ - کۆتایی سال / گرفته که ئه و هێنده ناهێنێ، به ره یه کی ئاوها بـــێ ده سه لات ، که خۆی به شێوه خه باتی پچرِ پچرِ و جغزی سنووره ده سکرده کـــان به ستۆته وه ، ده بێ چه ند لایه نێکیش په یدا بکات دژی داخوازی جه ماوه ربن، دژی کوردستانێکی سه ربه خۆوئازاد ، ئه گه ر ئه وه نه کات چی بکات ؟!

.۱۹۹- له گه رمه ی ها ژوو هوژی جه نگ له پێناو ئه ستاندنه وه ی کوێت ،له شاره کانی به شه کوردستانی به خورتی لکێندراو به عیراقه وه ، کـــۆمیته ی شورای بالای شار پێك هێنرا و رۆژانه جموجۆلیان له په ره سه ندن دابوو.

۱۹۹۱/۳/٤-له شاری رانییه ی ، بناری کێوه رِه ش تروسکه ی راپـــه رینێکی جه ماوه ری و سه رتاسه ری بروسکه ی دا !

۱۹۹۱/۳/۱۹- له شکری رژێمی عیراقی داگیرکـــــــار ئاوای چیاکانی سوورێن - حه مرین - کرا ، ئه وانه ی که وتنه ده ست جه ماوه ری راپه ریو ســزای مه رگیان درا .شاره کانی ئه و به شه داگیر کراو به خورتی لـــکێندراوه ی کوردستان ئازاد بوون !

ئازاری/۱۹۹۱-له و باره ناسکه ی راپه رینی جه ماوه ر، بـــه ره ی کوردستانی به هه لی زانی ، خۆی پیاکرد ! به هه موو مێژووی تالیانه وه ئه و پارتانه ، لـــه به رده م شه پۆلی توورِه ی راپه رِین قووت بوونه وه ؟ راپه رِین ئـــه و هێنده به گرِوتاو بو به هیچ شێوه یه ك رژێمه ی ده توانی خۆی له به ر رابـــگرێت ، به لام له و خۆ تێ هه لقورتاندنه ی -سه رانی به ره -مه به ستی تـــایبه تی هه بوو .

۱۹۹۱/۳/٤ - ۱۹۹۱/۳/۲۳-به ره ی کوردستانی له و قۆناغه دا ، دوو خـــالی سه ره کی کردبووه ئامانج ، به هۆی ئه وه نه یان ده توانی راسته وخۆ ده ست به سه ر راپه رِینه که دابگرن و ژێررکێفی که ن ، ئامانجی راپه رِینه کـه زینـده به چالی مه رامه کانی خۆیان بکه ن ده بوایه پێشه کی ئـه و دووخاله ئه نجامبده ن یه که م : ئه وه ی تاوه کو ئه و رۆژانه به نوسین یا له رادیۆکان بلاو یان کردبۆوه ده بوایه راسته وخۆ به جه ماوه ری بسه لمێنن ،بۆیه له ته واوی شار و شارۆچکه ئازاد کراوه کان ، که وتنه میتینگ گرتن ، به گه رمییه وه جارِیان ده داو دووپاته یان ده کرده وه [ جیابوونه وه له ئارادا نییه ! باره که نه گونجاوه و شـــتی وا

مه حاله ....خه ونه .....ئیٚمه ش پیٚمان خۆشه ... به لام ده بیٚ واقعی بـــین !؟ ]
به و شیٚوه یه گرِی مه شخه لی ئازادیان داده مرکاند .....تا خه پاندیان !

دووهه م : چۆن ئه و خه لکه پرِله بزووتنه وه و دل گه رمه ژیٚررِکیٚفی ده سه لاتیان بکه ن ! ده بوایه بیان ترسیٚنن ، هه رِه شه یه کی ناراسته وخۆی وایان لیٚبکه ن که بۆ رۆژانی داهاتوو که لکی لیٚ وه ربگرن ؟ بۆ ئه وه ش ئه وانه که له سالی ١٩٨٧ ده یان ووت [ زه نده قی خه لکی مه به ن .....ئیٚوه دژ به شۆرِشن !] بــــــه هه موو کون و قوژبنیٚکی شار و شارۆچکه کاندا ، له هه ر کویٚ ڤیدیۆ هه بـــوو فلیمی هه له بجه ی هه ناسه برِاویان به خه لکان پیشانده دا؟ به و فلیمه جه ماوه ر سامی لیٚنیشت !

١٩٩١ - به رله کۆتایی مارت - سه رانی به ره ئاماده یيان نیشانداوه بۆ گفتـو گۆکردن له گه ل رژیٚمی سه دام « بۆ نمونه برِوانه - مافی گروپ و که مه نه ته وایه تییه کان - راپۆرت - داڤید .م ، چاپی دووهه م ، سپتیٚمبه ری/ ١٩٩١ - لاپه رِه ٤٣ ، ستونی دووهه م ، له دوو دیری کوتاییه وه بو لاپه ره - ٤٤ - ســــــــتونی یه که م « گفتوگۆ له ١٨ ی ئه پریل ده ستیٚ پیٚکرد ، به لام پیٚش ئه وه چه ند نامه ك ئالوگۆرِ کرابوون - بۆ پتر روون کردنه وه برِوانه په راویٚزی ٨٩ ».

١٩٩١ / به رله دووا رۆژانی مارت - له سی کیلۆمه تره ی دوور له هـه ولیٚره وه و له کۆشکه ی سه دام و له هاوینه هه واری ســـه لاحه دین - پیـرمـــام - مه سعود بارزانی ، به جه غد و دووپاته کردن وپیٚداگرتن ، هه ولی ده دا له رۆژنامه نوسه کان بگه یيٚنیٚ [ ده بیٚ روون بیٚت ، ده مانه وی له هه موو لایه ك ئاشکرا بیٚت ، کــه سه ربه خۆیی کوردستان هه رگیز له ئارادانییه ]!؟ « بۆنمونه برِوانه - تـــایم -١٥/ ئه پریل - ١٩٩١- لاپه رِه -١٧-ستونی دووهه م ،هه والده رانی ئه م گۆڤاره له کاتی رووداوه کاندا له کوردستان بوون.

١٩٩١/٣/٢٧ - ده بـــیٚ خه لکی جیهان ، ئۆرگان و سه رۆك ده وله تان چۆن بچوك له نه ته وه یه ك برِوانن که خۆی به زاری خۆی هاواربکات و به پیٚداگرتن و دووباره کردنه وه [ سه ربه خۆی له ده ره وه ی بازنه ی گرفته ] .

١٩٩١/٣/٢٧ - هه شت کاتژمیٚر دووای گه یشتنی ئـــه و هه والانه «کۆشکی سپی» برِیاریدا ، ریٚگه به رژیمی عیراق بدریٚت ، فرِۆجه نگییه کانی به کاربیٚنیٚ !
گه ر هه ر له کۆنه پیاوه کانی سه رده می پاشایه تی گۆرِبه گۆرِ، بــــــه کورد و عه ره به وه ، هه تا سه رانی به ره و به رهه لستکارانی عیراق ،تا به سه دام ده گات یه ك بن له سه رئه وه ی نه خشه ی عیراق هه لنه وه شیٚته وه ، ئیتر بۆ ده بــــیٚ ئه مه ریکا به زۆر هه لی وه شیٚنیٚته وه !؟

١٩٩١/٣/٢٨- له شکری عیراق به فرۆجه نگی و تۆپ و رۆکیٚت په لاماری کوردستان ده دا .

١٩٩١/٣/٢٩ - چاره! ده چینه سه ر چیا به رزه کانمان ، راست نزیکه ی ســیٚ ملیون هاوولاتی راپه رِیویان سه ر چیاکان خست ! چی بکه ن کورد هۆشیاره کـــــه زانی کیمیبۆمب له نزیکی ده ته قیٚته وه سه رده که ویٚته سه رشویٚنه به رزه کان ! به لام خۆ ئه و خه لکه هه مووی حاجیله قله ق نییه لـــــه سه رمناره ی مزگه وته کان بنیشیٚته وه ! له چیادا نه بیٚ جیٚ ی نا بیٚته وه !

١٩٩١/٣/٣٠- شاری که رکو ك له لایه ن سه ربازانی دووژمن داگیرکرایه وه .لـــــه هه موو لایه ك بوه هاواری فرِۆکه هات ، کیمیگازه! [ خـــــــه لکی ئیٚمه ده زانن فرِۆجه نگییه کانی سه دام چیان له ده س دیٚت ، ده تۆقن ! زراویان ده رِژیٚ ]!؟
خه لیل ئیبراهیم - له شاری زاخۆوه بۆ په یامنیٚری گۆڤاری - هــــــه واله کانی

هه فته - ١٥/٤/١٩٩١-لاپه ره -١٢- دواوه .

١/٤/١٩٩١ - له ماوه ی حه فتاودوو کاتژمێردا ، سه دان هه زار له هاوولاتیانی راپه ڕیوی ئاواره ، ملی ڕێگایان گرت به ره وشوێنه به رزه کان .
٢/٤/١٩٩١ - شاری سوله یمانی یش له لایه ن رژێم داگیر کرایه وه .
٤/٤/١٩٩١- سه دان هه زار له هاوولاتیانی راپه ڕیوی ئاواره کراو، سنوری ده سکردی ده وله تی ئێرانیان بڕی ، له سنوری ده سکردی تورکیادا رووبه ڕووی ژه ندرمه بوونه وه .
١٩٩١ - سه ره تای رۆژانی ئه پریل - دیمه نی خه لکی ئاواره سه رده می نوحی دێنایه وه یاد ! کاره ساته که یه گجارگه وه بوو ، سه رتاپای جیهانی به مرۆڤ و دامووده زگاو ده وله تانه وه هه ژان!سه دام لافاوی فرۆکه و تۆپ وسه ربازی رژانده سه ر ئه و خه لکه ، به ره ش له به له مێکی بێ بنی هاویشتن ، که به که لکی ده ریانه وانی نه یه ت ! سه دام لافاو دروست ده کات ، به ره ش به له می بێ بن !!!!!! سه دام لافاو دروست ده کات ، سه دام کۆتری سپی هه لده دات....
سه دام خوایه !!!! خوای به ره ، به ره ش ده زانێ چۆن راپه ڕین له ئاوی ده ریا هه لده کێشێ و هیشکانی پیشان ده دات !!!!! هیشکانی له کوێ یه ؟ له به رده م پێ یه کانی سه دام ......! راپه ڕین ئاواره کراوه......ده ست وپێ ی له کۆت و زنجیری سنوره ده سکرده کان و دوا رۆژی له که مپه ته لبه ندکراوه کاندایه ، له ژێر چاوه دێری پاسدارانی رژێمی ئیسلامی ئێران و ژه ندرمه ی تورکیا !!!!!!!!!! هه ر چرکه یه ك چاوه ڕێ کردن = گیانی هه زاران هاوولاتی راپه ڕیوی ئاواره یه ؟ دادی راپه ڕین بردرایه وه به رده می سه دام ! سه دامکیمی ! کیمی گفتوگۆده زانێ ؟ وه لام ، پرسیار له هه له بجه بکه ن!

« نامه ی گفتوگۆش وا دێ و ده چێ
ده با راپه ڕین هه رگیانی ده رچێ »

[شاعیرێکی کوردستان به ده رکراو]

- له و خۆ تێهه لقورتاندنه ی به ره ، له و ئامانجه ی سه ره وه پتر هیچی تری گه ره ك نه بوو ! ؟ به م شێوه یه به ره بووه ریشسپی کورده کان !!!!!!!!!! بۆ چاره سه رکردنی ده رده که یان لای دکت ...اتۆری هه ره به ناوبانگ سه دامی حوسه ین کیمی! چاره هه ر کۆتره سپییه با ئه و کۆتره ش به خوێنی هه زاران منالە کورد و به ده ستی سه دام سورکرابیت ! چارنییه هه ر ده چین ....کاکی خۆم ئه و خه لکه پێویستی به هیشکانییه !!!!
کاره ساته که ئێجگار گه وره بوو ، خه لکی راپه ڕیوی کوردستان ، ئه وانه ی به رله چه ند رۆژێك گه وره ترین سه رکه وتنی مێژوویان به سه ر فاشیه تدا تۆمارکردبوو ، به خۆ و به راپه ڕینه وه ئاواره کران !؟ پاداشتی راپه ڕینیان سه له می گفتوگۆی جه لادی پێده کرا ؟
٥/٤/١٩٩١- نه ته وه یه کگرتووه کان بڕیاری -٦٨٨- ده رکرد - له و بڕیاره دیارکراوه یارمه تی به کورد بکرێت ، هه روه ها له سه ر ده وله تی عیراقی کرد جه نگی دژه کورد رابگری ، له راستیدا ئه و بڕیاره پێگه ی له گرنگی و بایه خ و سود و به رژه وه ندی ئه مریکا و به ریتانیا و فرنسادایه ، بۆ چاوبه سته کێ ناویان ناوه بڕیاری نه ته وه یه کگرتووه کان ، ئه گینا هیچ په یوه ندییه کی به نه ته وه یه کگرتووه کانه وه نییه ، هه تا گه ر به ڤیتۆش دژایه تی بکرابا

ئه و سیٚ ده وڵه ته گویان پێنه ده دا و بڕیاری خۆیان ده برده سه ر ، له شـكریان له كوردستان داده به زاند!؟ له سه رداوای توركیاش زۆنی پاراستراویان قیـــت ده كرده وه !؟

١٩٩١/٤/٨ - جۆن مێجه ر- له ئینگلستانه وه فه رموویان : له ژێـر چاوه دێریه كی ده وڵه تی« جیهانی دا »[نه ك نه ته وه یه كگرتووه كان ! ] ره نـگه شـــاره كانی [ كوردستانی عیراق ] ئۆتۆنۆمییان بۆ بره خسێندرێت!؟

١٥/ ١٩٩١/٤- ٠٠٠و٤٠٠ هه زار راپه ڕیوی ئاواره ، له سه رخاكی خۆیانـــدا ، بوون به په نابه ر!! یه ك ملیۆنیش سنوری ده سكردی ده وڵه تی ئێرانیان بڕی ٠٠٠رۆژانه یه ك هه زار مرۆڤ ده بوونه قوربانی ،خوێنی سووریان ده ڕژایه سه ر هێڵه سووره كانی سنوری ده ستكرد !!!! به لاَم له جیاتی ئه وه ی ، بڕیارێكی شۆڕشگێڕانه سنوره كان هه ڵته كینی ، خوێنی به های ئه و قوربانیانه هێڵه كانی سنوری پیٚ تۆخ تر ده كرا !!!!!!

١٩٩١/ناوه راستی ئه پریل- سه رێكی به ره [ فریاد حه وێزی ] له ئه مریكـــــاوه هه واڵی داوه به - نیۆرك تایمس -لاپه ره- ١٦- هه واڵه كانی هه فته -١٥/ئه پریل/ ١٩٩١- [٠٠٠٠وابوایه ، داوام له براده رانم نه ده كرد راپه ڕن ] !!!!!!!!! بــــه ڵیٚ كاك فریاد ، به راستی ئه و خــــــــــه ڵكه هه موو ی چاوه ڕێی فرمانی ئێوه بو تا راپه ڕیٚ !!!!!!!!!! ئه وه ش فێربووین ٠٠٠٠٠٠ راپـــــــه ڕین٠٠٠٠٠هه یه راپه ڕاندن٠٠٠٠هه یه ٠٠٠٠٠٠ده رپه ڕاندن٠٠٠یش هه یه !

١٩٩١/٤/١٨ -ده نگوباسی ده ست له ملانیٚ ی سه دام و سه رانی به ره ، سه ر تاپای جیهانی هه ژاند ، كه ڕامه تی راپه ڕینی ئاواره كراو شكێندرا !؟ ئه و نـــه ته وه ی به خه باتگێڕ و خۆبه ختكه ر و بیٚ تاوان و دادڕه وا، له هه موو جیهان ته ماشـــا ده كرا ٠٠٠٠ئه و سه رۆكه ی به جه لاد وخوێن رێژو تاوان بار داده نرا ٠٠٠٠ماچیان كرد !..له تاوانه كانی خۆشبوون ! ؟ئێسته ده ڵێن له بێناو رزگاركردنی ئه وخه ڵكه نه بوایه ،له خه می ئه وان نه بوایه ئه مه مان نه ده كرد ! هه موو روداوه كان ئـه وه ده سه لمێنن كه ئێوه راست ناكه ن ! ئێوه كه ی خه می چه ماوه رتان بوه ؟ كه ستان به هێنده ی منداڵه كوردێك بۆ قومه شیریٚ هه راسان نه بوون ، كه چی به ســـه ر ته رمی ئه ودا ، راتان كرده به غدا !! ئێسته ده ڵێن له به ر ئــه و بوو رامان كرد ! راست ناكه ن ، به به ڵگه ی دانپیانراوی مێژوویی راست ناكه ن ، گیانی هــه زران هه زار و پینج هه زارشه هیده كه ی هه ڵه بجه شایه تن ! راست ناكه ن.

١٩٩٢/٣/٤- چه ند لاپه ڕه یه ك له بیره وه ریه كانی [ ؟ ]

١٩٦١-كۆیه : « له پرسه رله ئێواره هه واڵی به ردوومان كردنی شاری كۆیـــــه راگه یێندرا! له بیرمه كاك « موشیرسه عید » برای « شه هید دكتۆر خالید سه عید » به مایكرۆفۆنێكی وه رزشییه وه به ناو شاردا ده گه ڕا ، خه ڵكی شاری ئاگـــادار ده كرده وه ، كۆیه ی ئه و رۆژ جمه ی ده هات ، جگه له دانیشتوانی خه ڵكی شـار میوانیكی یه كجار زۆری كه وتبویه ، به تایبه تیش كه له و رۆژانه نــــه مر مسته فا به رزانی و پێشمه رگه كانی ماوه یه ك٠٠٠٠٠٠ » . « لـــه ماوه ی نیوان كاتژمێر هه شتی شه و تا نزیكی به ره به یان زۆربه ی هه ره زۆری دانیشتوانـی شار بۆ ناوچه كانی ده رووبه ری شار و ئه و دیوی چیاكانیش گوازترانه وه بـگره شوێنی دوورتریش ، ئێمه خۆمان ٠٠٠٠ »


١٩٩٢/٣/٤- ئیمرۆ بیره وه ری راپه ڕینه ، چاكه بپرسین ، ئایا نه ده كرا هه ڵه بجه له ماوه ی چه ند كاتژمێرێك چۆل بكرێت ؟ به ڵیٚ زۆر چاك ده كرا ، دانیشتوانـــی هه ڵه بجه ی ١٩٨٨ هه رهێنده ی كۆیه ی ١٩٦١بو كه متر بوو بیٚ زیاتر نـــه بووه ،

زیاتریش بووبێ ، هه‌ له‌ بجه‌ ی ١٩٨٨ سێ هێنده‌ ی کۆیه‌ ی ١٩٦١ ماشینی گواستنه‌ وه‌ ی لێبوه‌ !؟ که‌ چی نه‌ به‌ زه‌ یتان پێیدا هاته‌ وه‌ و نه‌ خه‌ میشتان خوارد ده‌ رخواردی ژه‌ هری کیمیاویتان دا ! تالانیشتان کرد ! پێشمه‌ رگه‌ شتان پێوه‌ ی رسواکرد !؟ ئێوه‌ یه‌ ك له‌ ماوه‌ ی ١٩٦١وه‌ تاوه‌ کو ١٩٨٨ له‌ و رووداوه‌ ی کۆیه‌ وه‌ فێر نه‌ بووبن ! ده‌ تانه‌ وی بلێن به‌ و دووساله‌ ی دوای هه‌ له‌ بجه‌ وانه‌ نوێیه‌ کان تێگه‌ یشتین وفێربووین ! ئێوه‌ خۆتان به‌ و خۆ هه‌ لخه‌ له‌ تاندنه‌ ی خۆتان باوه‌ڕ ده‌ که‌ ن ؟ هه‌ تا خه‌ لکان باوه‌ ڕتان پێ بکه‌ ن؟

# نه‌وڕۆزتان

# پیرۆز

کۆمیته‌ی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی
کوردستان




# نامەی خوێنەران.....

هە ڤالێن هێژا د گوڤارا – دلانپار – دە ،
هە ژمارێن گوڤاریٚ کو وە ژمە رەشاندبوون گە هیشتنە مە ، ئە م ویٚ ژ بـو
هە نارتنە وان سپاس دکە ن.
ئە گە ر دە رفە ت هە بن ئە میٚ ئالیکاریا وە بکە ن . دیسا ژ هە ر هە بن ژ
بو کوردستانە کە سە ربخو ئو ئازاد .

دگە ل سلاڤێن شورش گێری
سـە ر نیڤیسیارا رە وشـــە ن

هەواڵنامەی کتێب

– هە ڤالێت هێژا سە رنیڤیسیارا گوڤارا رەوشە ن ،
ئە م هێڤی دارین کو دە رفە تا ئالیکاری دماندنا پە یوە ندێت مـــــە هە رگاڤ
بە ردە وام ب ، ئالیکاری روشنبیری د مابە ینا تمیٚ روشنبیرێن کوردستان،ل
کوردستان ئو دە رڤە کوردستا نیٚ دا هە نگاڤە ك مە زنە ژ بو کوردســتانە
کا سە ربخو ئو ئازاد . سلاڤێن مە نیشتمانی ژ هـــە میٚ هە ڤلا ئو خوێندڤانا
گوڤارێت روشە ن هێژا ئو سە رفراز .

کومیتە ئاشتی و پشگیری نیشتمانی
کورد ســــــــتان
لیژنە ی بلاوکردنە وە ی – دلانــپار–


–برای هێژا بە رێز کاك جانی دیلان !
لە نامە یە کی تایبە تی دا پیروزبایی دە رچونی – دلانـــــپار– ی راگە یاندووە ،
هە روەها {چرپە ی ژانێکی نقوم بوو – کومە لە هە لبە ستێکی – مامۆســـتا
جە لال میرزا کە ریم } کە لە چاپە مە نیە کانی مە لبە ندی کلتوری کورد لــــە
ئە مریکا – یە وە ك دیاریە کی بە نرخ و بیٚ هاوتـــــای پیشکە ش کردوین ،
کە شایە نی سوپاسێکی بە هاو بیٚ هاوتایە ، دیسا وێنە ی بە رگ – مادونای کورد
دیاری کاك جانی دیلان ە ، هیوادارین – دلانپار– لە شێوە ونـــاوە روکدا جێگە ی
رە زامە ندی خوێندە وارانی کوردبیٚ .

-خوشکه -له یلا حوسه ین { له -هیٚلسنکی-فینله ندا }
-پارچه په خشانه که تان گه یشت ،هه ڵبه ته هه رچه ند چاوه ڕیٚکردن ناخۆشه ، ده بیٚ تا ژماره ی داهاتوو ش ، لیٚمان ببوری و گله یی زۆرمان لیٚ نه که ی ،گیروگرفتی پۆسته و له م وولات بۆ ئه و وولات نـــــــه ختی باری ئیٚمه شی سه خله ت کردووه . هیوادارین له ژماره ی داهاتودا جیٚگه ی خۆی بگریٚت .

- بنکه ی رۆشنبیری یه ککرتن -
گۆڤاری رۆشبیری تیۆری -یه ککرتن - مان پیٚ گه یشت ، یه ککرتن - ماوه یه که له وقات وقری یه ی چاپه مه نی کوردی له هانده ران ، که م ویٚنه لاپه ڕه کانـــی ته رخانی بابه تی به پیٚزو پڕ سوود کردووه ، جیٚگه ی داخه گه ر بیٚتو بـــه هۆی باری ئابوری وه ك چه ندین بلاو کراوه ی ترمان { بـــه داخه وه سه ربنیٚته وه } له گه ڵ ئاواتی به رهوام بوون ی - یه ککرتن - هیوامان زۆره که هاووڵاتیانـــی کورد له هانده ران ، له هاوکاری ئابوری به گۆڤاری- یه ککرتن- دریٚخی ناکه ن . ده گه ڵ سوپاسی بیٚ پایان ، بیٚ ئۆقره چاوڕیٚی ژماره ی داهاتوی ده بین.

بـــــــــــــــحویـــــــــــــــنـــــــــــــــه وه!
بـــــــــــــــلاوی بـــــــــــــــکه وه!
به به رهه می به پیٚزتان... به ســـــــــه ری که نه وه!
کـــۆمه ك و یارمه تی لـــــــــــــــیٚ مه برِن!
هه م راژه ی خۆتانه... هه میسان نیشـــــتمانه که مان!

HEUALÊN HIĴA!
PŜIKDARI PIŜKET LATINI, GOUARA DLANPAR BKEN!
Ĵ HEUIYE ALIKARÎT XWNDEUANÊN HEĴA!
NAUNIŜANÊT NU :
OOOM - POSTE RESTANTE - 00100 HELSINKI - FINLAND



Adela Khanum, ledare för den kurdiska Djaf-stammen. Bilden är tagen 1919 i Halabja.
ئادلە خان- هەڵەبجە 1919

# ڕۆژی ٨ ی ئادارتان پیرۆز

# خوشکە فریشتە

{بە بۆنەی رۆژی ئافرەتانی جیهان ، پێشکەشە بە دایکانی دڵسۆزی نیشتمان ، بۆ « خوشکە فریشتە » نمونەی سەردەمی ئافرەتانی کوردستان .}

هێشتاش رۆژانی منالیم لە یادە ، وە بیرم دێ چلۆن رۆژانی ژیان لە شارەکەمان بەسەردە چون ، لە و تەمەنە دایکم گەلێ چیرۆك و سەرگوزشتەی بۆ دەگێرامەوە، خەلکی بە تێکرایی گەلێ لە باسی جنۆکە و شەولەبان و شەوە دەدوان . ناوێك کە من ئەو کاتە زۆر گوێ بیستی دەبوم « خوشکە فریشتە » بو ، بۆ زۆر شوێن دایکم دەگەڵ خوێدا منیشی دەبرد ، ماڵە ناسیاو ، دراوسێ و خزم و دۆست ، ئەو کاتە لەو ماڵە هەژارانە ، زۆربەی کات ئەم ناوە « خوشکە فریشتە » دووبارە دەبوەوە ! ئا بەم شێوەیە دواوە قسەکانی زۆر رێك و پێك بوون ، پتر لە کاتژمیرێك دەربارەی گیروگرفتی هەژاران دواوە ، هەرچی دەیلێ راستە ! ئازایە ، چاونەترسە ، یارمەتی هەموو لێقە وماوانێ دەدات ، دەست و برد بە هانای خەلکی یەوە دێ !

خەلکی شارەکەمان بە خۆشە ویستی یەکی بەرزەوە باسی ئەو فریشتەیەیان دەکرد ، کە چۆن توانای هەیە چارەسەر بۆ هەموو گیروگرفتیك بدۆزێتەوە ! گەلێ جاریش ووشەکان بە لامەوە زۆر نامۆ بوون ، بەتایبەتی کە دەم بیست دەیان گوت : خوشکە فریشتە خەباتگێرە ! دەربارەی هەموو شتێ دەگەڵ نێر و مێیدا دەتوانێ بدوێ گەورە و بچوك بەسەرسامییەوە گوێی لێدەگرن !

ئەو هەموو باس و خواسانە لە بیری منداڵی مندا ، تابلێ وێنەیەکی جوانی فریشتەیەکیان نەخشاندبوو، ئافرەتێکی یەکجار قەشەنگ وجل وبەرگێکی کوردی سپی و روو خۆش و بەدوو باڵی پەری ئاسا !!! بۆ هەر کوێ بیەوێ دەتوانێ بفرێ ! بەتایبەتی کە گوێم لێ دەبوو دەیان گوت چۆتە . . مۆسکۆ . . . پراگ. . . . گەرایەوە ، لە گوتاری ئەواندا دەمزانی . . . ئەو شوێنانە دەبێ یەکجار دووربن . . . . زۆر جوان دەهاتە بەرچاوم ، چۆن بە جلی کوردی سپی یەوە دووباڵی لێکدەداو باوەش بە ئاسماندا دەکات . . . فریشتەکەم دەفرێ و دەفرێ . . . . . . !

ئەو ئەندیشەیە بیرێکی منداڵی زۆر خۆشەویست بو لەلام ، هەردەم لە یادم بوو ، زۆر بەخۆزگەی ئەوە بووم کە منیش رۆژی لە رۆژان خوشکە فریشتە ببینم ، بەلام باوەرم بەوە نەدەکرد ، دەمزانی فریشتە نایەنە خەونی هەموو کەسێ و بۆ هەرکەسێ نییە فریشتە و پەریان وە چاوی خۆی بدینێ ، تەنیا گەر خواناس و پیاوچاك نەبێ !

ماوەیەك رابورد ، ماڵمان گواستەوە شارێکی تر ، منیش لە و باوەرە دابووم کە فریشتە جوانەکەم . . . دەگەڵ ئێمە دایە و بەسەرسەرمانەوەیە چونکە

ئه و له هه موو شوێنێكدایه ! له پاداشتی ده رچونم لـــه پۆلی پێنجه می سه ره تایدا ، دایكم به ڵێنی دا ، كه له پشوی هاویندا ، له گه ڵ خۆی بـــۆ سه ردانی خزم و كه س و كارمان منیش ببات .

هه ركه ماشێن گه یشته نزیك كۆڵانه كه ی ماڵی با پیرم ، دایكم داوای لـــه شوفیره كه كرد رای بگرێت ، ئه ویش داواكه ی به جێ هێنا ، دایكم و من لـــه ماشێن پیاده بووین به ره و ماڵی با پیره م ، رووومان كرده ئه و كۆڵانه ی كه رووه و ماڵه كه یان بوو ، ئـــا له و ساته دا رووبه رووی ئافره تێ بووین، به خۆشییه وه خۆشهاتنی كردین ، تۆقه یه كی گه رمی ده گه ڵ دایكم كـرد ، به خێرایی گه لێ پرسیاری لێمان كرد و له وردوو درشتی پرسین ، دوایش ده ستێكی به سه ری مندا هێنا و پرسی ؛ داخوه تۆ له گه ڵ خوێندن چۆنی ؟ منیش وه ڵامم دایه وه زۆر باشم ، دوای ئه م ماوه كورته ماڵ ئاوایی كرد و ئێمه ی به جێهێشت ! هه ر دوایی رۆیشتنی ئه و یه كسه ر له دایكم پرسـی

– دایـــــه گیان ئه وه كێ بوو ؟

– روڵه ! ئه وه خوشكه فریشته بوو !

پتر درێژه م به باسه كه نه دا ، له دڵی خۆمدا بیرم كرده وه ، دیاره هه ركه سێ بۆ یه كه م جار به سه ردان بۆشاره كه مان بێته وه ، خوشكه فریشته به ر له هه مووان له ئاسمان دا ده به زێ وخۆشهاتنی لێده كا، له وبیركردنه وه یه شم گه لێ دڵنیابووم !

چه ند رۆژی به میوانی له شاره كه ماندا ماینه وه ، دیسا هه رباس و خواسی ده هاته گۆڕێ ، ناوی خوشكه فریشته ی تێدا دووباره ده بووه وه ، هـــه روه ك ئه وه ی ژیان و رووداوه كان به بێی ئه و نه بن ئاوه هابوو ، ئه و كـــات پێشمه رگه له گه رمه ی خه باتدا بوون ، باسه كانیش پتر گۆڕابوون ، لـــه شاره كه مان ده یان گوت ؛ خوشكه فریشته به شـــه وان ده چێته ده ره وه ی شار و نوسراوه ی پێشمه رگه كان ده هێنێ و به سه ر ماڵه هه ژاره كـــاندا ده یان به شێته وه ، خوشكه فریشته داوا له هه ژاره كان ده كات دژی زۆرداری راپه ڕن ! خوشكه فریشته ده نگو باس و هه ڵسو كه وتی دووژمنی بـــــه پێشمه رگه كان راگه یاندووه ! دووێنێ شه و به تاریكی و لـــه نیوه شه ودا دیبویان چۆن له و ئاوه زۆره ی رووباری دابو ، په ریبوه وه گۆڕستانه كه ی ئه و دیو و له وێ پێشمه رگه كانی دیبو ! له گه رمه ی ئه و باسو خواسانه دا زۆر جار خه ریك بووم هه ڵیده مێ و شتێ بڵێم ، یاخود بپرسم ، ده مه ویسـت بڵێم ؛ دایه ئه ی چه ند رۆژ له مه و به ر خوشكه فریشته مان نه دیت ! یـــا بپرسم ، باشه بۆچی به ئاسمانا نه فڕیوه له و رووباره زۆره ی داوه ، دوایش بێده نگ ده بووم ، ئه م ووت ، گاڵته م پێده كه ن ، چۆن منالی وه ك مـــن فریشته و په ریان ده بینێ !

رێكه وت ئاوه هابوو، له رۆژی گه ڕانه وه مان ، له رێگه ی چونمان بۆگه راج، له گه ڵ هه مان ئافره ت به یه ك بگه ینه وه ! به هه مان ئاوایی پێ كه نین و رووی خۆشی یه وه به رێ ی كردین و داوای بووردنی كرد كه هه رچه نده ماڵه كه ی هه ر له و گه ڕه كه دایه،له ماڵی خزمانی ئێمه وه زۆر دوورنییه ،كه چی له به ر كاروبارو سه رقاڵی ماوه ی نه بووه سه ردانمان بكات ، بـــه ڵێنی دا جارێ داهاتوو ده بێ میوان داریشمان بكات ، ئه م جاره یان له گه ڵ دایـكم ئه ولاو ئه م لای یه كتریشیان ماچ كرد !

من گه لێ سه رسام بووم ! ! چۆن فریشته له ماڵدا ده ژی و میوانداری خه ڵكی

دە کا ....دووبارە نە م وێرا لە دایکم بپرسم و بڵێم ؛ئە ڕێ دایە تۆ بۆ وا گاڵتە م پێدە کە ی ؟دوایش ئە وندە دڵنیا بووم لە وە ی کە بچوکی وە ك من نابێ خۆی تێکە ڵ بە باسی پە ری وفریشتان بکات ، ئە وان چۆنیان ئـارە زوو بێ خۆیان دە گۆڕن بە چ زمانێ بیانە وێ دە دوێن ، باوە ڕیشم وابوو گـە ر بێتو تووشی هە ر ناخۆشی یە ك ببم یە کسە ر خوشکە فریشتە بە هـانام دە گات و رزگارم دە کات ، چونکە دیارە ئە و ئێمە زۆر باش دە ناسێ !

ساڵان هاتن و ڕۆیشتن منیش گە ییمە تە مە نی گە نجی ، ئە وساکە لـە زۆر شت گە یشتم وە ك دە ڵێن رە ش و سپیم لێکدی جیادە کردە وە سە رئە نجام دڵنیابووم کە خوشـکە فریشتە ئافرە تێکی خە بات گێڕی کوردە ، رۆشنبیرو لێهاتووە ، ئە و هە رخۆی گە لێ وڵاتانی جیهان گە ڕاوە ، ئازاری هـە زاران و کۆششی ئافرە تانی کوردستانی بە خە ڵکانی بیانی ناساندووە ، تـا ئێستێکە ش هە ر لە کۆڕی خە باتدایە ، بە ڵام بە هۆی داپڵۆسین و گرتن و لێدان و زە بـرو زە نگی فاشی ، کە گە لە کە مان بە دە سیە وە دە ناڵێنی ، کە س نـاتوانی خوشکە فریشتە بدینێ ، ئە وە ندە بە نە هێنی کاردە کات،فریشتە ئاسایی کە س بە هە ڵس و کە وتی نازانێ و هە رگیز دوژمن پە ی پێ نابات و بـۆی نادۆزرێتە وە ، دیارە ئە و کاتە بۆ منیش هە روا ئاسان نە بو بیبینم! بە ڵام لە ناخە وە ئارە زوم دە کرد جارێ بم دی بایە ، ئە و کە سە رە م لە دڵدا بوبا بە شادی ، هە رچە ندە ئە وکاتە هە رنە بوبێ خوشکە فریشتە لە تە مە نی دایکم بە رە و سە رو تریش بوو ، بە ڵام هە ر چە ند جارێ سە رنجی تـابلۆکە ی « ئازادی گە ل رابە ری دە کا » دێلاکروای هونە رمە ندم دە دا ، وام دە زانـی خوشکە فریشتە هە ر فریشتە کە ی ئە و تابلۆیە یە و ئاڵای شۆڕشی بە نوکـی رمی برنۆ یە ك راگرتووە !

هە رچۆنی بێ،دوای ئە م هە موو ساڵانە وێنە کە ی ئە و تە واو گۆڕا بە شێوە ی زیندوی داکێکی کورد ، جل وبە رگ ئاسایی تارادە یە کیش تۆزاوی ، ئافرە تێ سە رقاڵی کاروباری خە بات و راپە ڕاندنی ئە رکی پێشمە رگایە تی ، فریشـتە یە ك لە جێ ی دووباڵە کە ی ، کلاشینکۆفێك و چە ند پە ڕاوێك رووا ون ،بـە ڵام دە یە ها بار لام بە رز و بە ڕێز و خۆشە ویست تر ببو ، دیتنی ئە و مـرۆڤە م لێ ببوە ئاوات ، ئاواتێك هیچ نە بو ئاوخوازی بکات ، تە نێ دیمە نی پڕشکۆی خۆی نە بێ ، بە ڵام کە ی ئە وە بۆ من دە لوێ !

ئە و ئاوا بە نە هێنی و من لە و شار بۆ ئە و شار .... زۆر ئە ستە مە بتوانم هە روا بە ئاسانی فریشتە کە م بدۆزمە وە ، ئە و کاتە پە لاماری دڕنـدانە ی فاشیە ت و شاڵاوی شومی بە عسیە خوێن رێژە کان بە جارێ هە ڵی کردبوێ منیش وە ك هە زاران هاووڵاتی تری کوردستان رێگای خە باتم گرتە بـە ر. رۆژێکیان لە رێگە یە کی شاخاوی هە زار بە هە زاردا بە ریز رێچکە مـان گرتبوو ، لە پڕ لە سە رە تای پێچی رێگاوە ، ئافرە تێك بە جلی پێشمە رگـە و چە ك و تفاقی جە نگە وە دە رکە وت ، هە نگاوە کانی پـڕ باوە ڕ و دڵنـیا، گۆچانێکی باریکی بە دە ستە وە بو، هە ر لە دووڕا پێکە نین رووی بـە ساڵاچوی گە شاندە وە بە خێرایی گە یشتە لامان وماندوونە بونی لێکردین ، دوایی رووی لە من کردوو پرسی ؛

- من چاکت دە ناسمە وە ، تۆ دە مناسییە وە؟ دە زانی من کێم ؟

-چۆن ..... نا { لە دڵی خۆمدا ووتم ،ئۆخە ی ئە مە فریشتە کە مە ، کە سـاڵە هایە خە ونی پێوە دە بینم } ئە و بیرکردنە وە یە ووشە کانی پـێ پچڕیم

بۆیه زوو به خۆ هاتمه وه ، وووتم ؛
-منیش زۆر باش ده تان ناسمه وه ، ئه ی خوشكی هه ژاران !
-ئافه رین ... گه وره بوویت ، نه مردم تۆشم ئاوا دیت ، دڵم زۆر خوشه...
...زۆر ... زۆر به خته وه رم .....
-ژیان و تاقیكردنه وه رێگای راستی پیشانی مرۆڤ ده ده ن !
-هه ر به و خێراییه ی له كه ســـــانی ئاوه ها چاوه ڕوان ده كرێ وه ڵامی دامه وه
-ئه م ووشانه به‌سن بۆ ئه وه ی نیایم كه ن !
ئه وان به ره و خوار ، ئێمه به ره و سه ر ، ماڵئاوایی و ئاواتی سه ركه وتن، گه رانه وه ، هیوای دیتنێكی تر، چه ند جار له وكێوانه دا ده نگی دایه وه !دواین كه س كه ده ستی یه كدیمان گوشی من و ئه و بووین ، پرسیم ؛
- كارێكتان نییه ؟
- نه خێر ...ته نیا رێز و سڵاومان به هه موولایه ك بگه ینه !
ئه وكاته كه هه ر دوو په له پێشمه رگه ته واو لێكدی دووركه وتبونه وه ، من هه روا له شوێنه كه ی خۆم وێستابووم ، دیتنی ئه م دایكه كورده گـڕی له جه رگی هه موومان به ردا .......رقـــی پیرۆزی خه باتێكی بێوچانو ، هانده رێكی پتر به هێزی ده خسته بیروباوه ڕ و گیانی خۆبه ختكردن......
سه یرێكی رێگاكه م كرد رێزێ پێشمه رگه ی فریشته به ره و خوار به ڕێوه بوون ...به ره و روو به رووبونه وه و په لاماردانی دووژمن ، ئه وه ی تـرس بی له دڵا نه بوو ....زۆر دڵنیا...له به رخۆمه وه ووتم ؛
- وانه یه كی نه به ردی و قاره مانانه بۆ دووژمن داده ن ........هێز نییه زه فه ریان پێ به رێ و بێ زیانیش ده گه ڕێنه وه ئـــــــــــه وه نییه خوشـــــــكه فریشته یان ده گه ڵدایه !
تاوه كو ئه م چركه یه ش له و چیاو كێو و دۆڵانه ی كوردســـــــتانه كه ی دڵـــــــم دا ئه م ووشانه ده نگده ده نه وه !!!!!

ره هبه ر
١٩٩٢ - هێلسنكی

# ئارمانجی ئەندێشەی خاو یا پاشای

# رووت

[روونکردنەوەیەك دەربارەی چاوپێکەوتنەکەی رۆژنامەی سەردەمی نوێ دەگەڵ کاك عەزیز محەمەد سکرتێری گشتی حیزبی شیوعی عیراق]
{لەو روونکردنەوەیەدا نەمە بەستمان هێرش کردنە سەر حیزبی شیوعی عیراقە ونە دەشمانەوێ پاکانە بۆ بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد بکەین بەڵکو تەنیا پیادە کردنی راستی گرفتی نیشتمانی کوردستانمان مەبەستە و بەس}

ه. ئەکرەم

" بەشی دووەم "

ئە م جۆرە روە شتە بە شێوە یە ك پە یڕە و پیادە دە کرێت و لــە لایە ن کە سانێکە وە کە دیمکراتیە ت وهــــە رچی پرۆسێسێکی شۆڕش ، پە یوە ندی مروڤ،نیشتمان ، تاك وکۆمە ڵ،سە رکردایە تی وجە ماوە ر هە یە بــە دە ستیانە وە لــە گیانە لایە و هاواری دە گاتە ئاسمانی حە وتە م ، کە چی ئە وە تا ئیمرۆش هە ر ئە وانە ، خــۆیان لێ کردۆتە خە مخۆر و پارێزە ری بــێ هاوتای جە ماوە رو گیروگرفتە کــانی . بە داخە وە دوای ئە وتاقیکردنە وە تاڵە ی دواینی بزووتنە وە کـــە ش کە هە ر لایە نە وبە ئارە زوی خــــۆی - شکستی کاتی- تێکە وتنی سە ربازی ......چە ندین ناو نیشانی تریان بۆداتاشیوە ، ئـامادە نین دان بە راستی بنێن ، هاوڕێ عە زیز محە مە د - یش لـــــێ ی رە چاونە دە کرا ئاوە هاسە رپێی وتە نکاو وساکارانە بپە یڤێ،چاوە ڕێ بوین دلێرانە تر بێتە مە یدان!هاوڕێ عە زیز محە مە د ، کـــاتێ دە ربارە ی باری ئیمرۆی کوردســـــتان دە دوێت ، دە یە وی دیسانە وە هە روە ك لە -تە قیم- دا بە سە ر هە موو رە خنە یە کی زانستیانە دا بازیان داوە لێرە شدا پاکانە یە کی چاك بۆ پارتی کۆمۆنیستی عیراق و بە رە کە یی وهە ڵویستیان لە بە رابە رئۆتۆنۆمی وهە ڵگیرسانە وە ی جە نگی ١٩٧٤ و رووداوە کانی دووای ئە وە بکات ، هە ر بـــۆ ئە و مە بە ستە ش دیسان لە بە یانامە ی یانزە ی ئازاری ١٩٧٠ وە بــۆی هە ڵدە کشێ ، لە سە رهە مان بۆ چون وبنکە بیرییە کانـــــی - پارتی کۆمۆنیستی عیراق - و بە پشتبە ستن بە رستە ی گۆرین{ فێربوون و عیبرە ت وە رگرتن لە وانە کانی مێژوو} لە دووتۆی وە ڵامە کـــانیدا چە ندین باس وسە رە باس وپێشنیا و پرۆژە وسە رە پرۆژە بــە رچاو دە کات ، بە بی ئە وە ی دارێژگە یە کی نوێ بخاتە روو، باوە ڕمان وایە کە ئە م کارە ساتە ی بە سە ربە شە کوردستانی لکێندراوبــە عیراقە وە بە تایبە تی و بە گشتی بە سە رکوردستان داهاتووە ، گە رچە ندسالێك لە مە وبە بووایە ، یا داهاتووتربێ، پارتی کۆمۆنیستی عیراق -لــە و

راو بوچونانه پتر شتێکی تری نه ده بو بیلێت وپێشنیای بکات ، ئه مه
له کاتێکدا ده یسه لمێنێ: که پارتی کۆمۆنیستی عیراق له به رابه ر
گرفته کانی ئه م بزووتنه وه یه ده سته وه ستان و دۆشداماوه ، له
هه مانکاتدا رێك ئه و به لگه یه ش به ده سته وه ده دات که
بزووتنه وه ی جه ماوه ری کوردستان به وشێوه یه ی که هه یه و له
ژێر رکێفی ئه و سه رکردایه تی و رابه رایه تی یه ی هه یه تی ،
به په سه ندکردنی ئه وه ش ، که پارتی کۆمۆنیستی عیراق پێشڕه وی
بزووتنه وه ی جه ماوه ری یه ، له قه یراندایه وله بازنه ی به تاڵدا
ده سووڕێته وه .
له راستیدا ئه و گرفته ی ئیمڕۆ له ئارادایه به وه چاره سه رناکرێت
بێن و ئاو بخه ینه سه رجۆگاشی چوار هه زار گوندی خاپور بووی
کوردستانی به خورتی لکێندراو به عیراقه وه ، که ئه نجامی هه ڵه و
ره وتی پڕ له گیروگرفتی ئه و پارتانه بوو که ماوه ی چه ندین ساڵه
کردبوویانه رێبازی سه ره کی خه بات ، دیاره ئیمڕۆش به و جۆره
جۆگه و قۆڵته رانه ئه و ئاشانه ناخرێنه وه گه ڕ ، نه وه ی نوێی
کوردستان چیتر ئاماده نییه له دوو ئه و بۆچونه خول بخوات و
گێژبێ و که له ی بکاته خۆراکی به رداشی ئه و بزووتنه وه یه ی که
هه ر تاشه به ردێکی به ده س پارتێکه وه یه وهه ر یه که ی ده یه وێت
ده ستاڕێکی لێ دروست بکات وجه ماوه ری کوردستان له چاوه نواڕی
ئاردی ده ستاڕی خۆیدا له ده یه ها ئۆردگاو که مپی ته لبه ندکراو
برسی وچاو ئه بڵه ق له ته مابووندا بهێڵێته وه ، به هیوای ئاشه وانی
خاوئه ندیشه ، ئه گه رئه مه یان راستییه کی ته واو بێ که مو کوڕی
نییه ، فه رموون بابزانین له وانه کانی مێژو چی فێربوون و په ندو
عیبره تی چیتان چنی یه وه ؟ ئێمه بۆیه رووی گفتوگۆمان له هاوڕێ
عه زیز محه مه ده ، چونکه ده مانه وێ بپرسین ، گه ر ئێوه ی خاوه ن
روانگه یه کی زانستی وئایدیالۆژیه کی دیارکراو ئاوا له مارکسیزم -
-لینینیزم - بگه ن و به و شێوه یه بیری پێبکه نه وه ، ئیتر چی
پێویسته داکۆکی له سه ر مارکسیزم -لینینیزم- بوونی پارته کانی تر
بکه ن !؟
ئێمه ده مێکه گه یشتینه ئه وراستییه ، که چاره نووسی هاووڵاتیانی
کوردستان ته نیا له ئه ستۆی چه وساوه کانی کوردستاندایه به
کرێکاروجوتیاروجه ماوه ری به زۆر راگوێزرا و ره شوڕووتی
ئۆردگا و که مپه ته لبه ند کراوه کانی یه وه ، له وان زیاتر که سی
تر بۆی نییه رێ و رێبازی خه بات به خورتی به سه ریاندا بسه پێنێ
ده بێ ئیمڕۆ هه موو لایه ك له وه بگه ن ، گه ر کاره ساتی ١٩٧٥ له
ئه نجامی هه له و هه له وێستی دوو باڵی راست ره ووی نێو پارتی
دیمکراتی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق بێت ، مادامه کێ
ئه مه ووتراوه و په سه ند کراوه {هه رچه نده له -ته قیم- دا
به سه ری دا بازدراوه و پارتیش له وه بێده نگه } ده بێ ئه وه ش
په سند بکرێت که کاره ساتی ١٩٨٨ ئه وباڵی ده که وێته ئه ستوی
ته واوی باڵی راستڕه وی پارته به رهه ڵسکاره کانی گۆڕه پانی
خه بات ، ئه و ساکه ش دیاره که هه موو پارته کان باڵی راستڕه ویان

هه بێت و هه موویان هه وینی ئه و کاره ساته بن ، ئـــــــه وه ده سه لمێند رێت که له توانای باڵی راستڕه و بوه گۆی مه یـــدانی خه بات ژێر رکێفی داره ده ستی خۆی بکات و رۆڵي باڵی چـــــه پ بپوکێنێته وه . دیاره مافی ره وای جه ماوه ریشه ئاله و باره دا لـــه قه پێلکی ئـــــه و پارتانه و قۆزاغه ی بوچونه کانیان جیابیته وه و بیته ده ر و رێباز ی نوێێ خه بات و شیوه کانی بۆچوون و بـــاوه ری نویێ لـــه دارێژگه ی باڵاتر و زانستیانه دابرێژی و به ره و ئـــامانجه راسته قینه که ی خه بات هه نگاو باوێت .

بێگومان ئه م نه وه نوێ یه که ئه م رێگه ی گرته به ر وه ك مافێکی ره وای خۆی چاوه رێی مۆڵه ت و روخسه تخوازی نه بوو لـــه هیچ لایه ك و لایه نیك ، ئه وه ی به بیردا نه هاتووه ، که بۆخه بات کردن لـه پێناو نیشتمان ده بیێ چاوه ڕێی پسوله بێ‌وروخسه ت لـه م وله و وه ربگرێت . به لکو گورجوگۆڵ هاتۆته مه یدان و کـــــــۆری خه بات ، بزووتنه وه ی جه ماوه ری کوردستانی له چوارچێوه ی پله ی دووهه می بزووتنه وه ی جـــــه ماوه ری وولاته ده ســـــتکردو و داگیرکاره کانی کوردستان ده رهاوێژتوه و چه قێکی کوردســــتانی بـــه هـــێـــز و سه نگه رێکی راسته قینه ی نێونه ته وه یی لــه کوردستان هێناوه ته کایه وه ، که ته نیا بواره بۆ هاووڵاتیانی کوردســـتان بتوانن راســـته وخۆ ده گه ل پرۆسه جیهانیه کاندا یـــه کانگیربن و هـــه ڵسوکه وت بکه ن وله سایه ی سه نگه رێکی به رگری کاری نێونه ته وه یی رووداوه کان بده نه به ر نه شته ری ئایدیۆلۆژیای تیۆپـــراکتیکی زانستی و روانگه ی بۆچونه کانی سه رده م،هه رله وبۆچونه شه وه لێره دا، ئێمه له وباس وسه ره باسانه ده کۆڵینه وه که هاوریێ عه زیز محه مه د له وه ڵامه کانیدا لێوه یان دواوه .

هه رلێره شدا واچاکه ئه وه بڵێین،که به هۆی زۆرلایه نی وتایبه تییه تی ئه و گیروگرفته ی که کرۆکی باسه که مانه ، خوێنه ر ده بینیێ که بـۆچونی ئێمه له ته واوی گرفته تایبه تییه کانی خه باتی کوردستانیدا له بیروبۆچونـــی ته واوی پارته ئۆتۆنۆمیخوازه کان جیاده بیته وه و له زۆربه ی بـاوه ڕه گشتییه کانی خه باتی نێونه ته وه یش ده گه ڵ بۆچونی پارته تیۆمارکسییه کان تێکده کاته وه ، بێگومان نه ك له گه ڵ درووشمه کانیان به لکو لـــــه رێباز و ریێ ره وی خه باتی رۆژانه ی گشتیدا ، ئـــه مه ش هه ر خـــۆی ئه و ره خنه یه ی ئێمه ئاشکراده کات که کورته که ی ئه مه یانه :

لـــه کاتێکدا که پارته کۆمۆنیسته کان،له گرفته تایبه تییه کانی خه باتی کوردستانی وورد نه بونه ته وه و سه ره ده ریان لێنه کردووه ، لـــه هه مان کاتدا پارته ئۆتۆنۆمیخوازه کان ، له باری گشتی کوردستان ســــه رنجی قولیان نه داوه به هێندیان هه ڵنه گرتووه ! هه ر ئه و دوو خاڵه هـــه ره گرنگه شن،که بوونه ته هۆی درووست بونی ته گه ره له نێوان تایبه تیه تی گرفتی خه باتی { نیشتمانی و چینایه تی } هاووڵاتیانی کوردستان .

پرسیاری یه که م :

{خاڵی یه کـــه م }

هه روه ك له پێشه وه رونمانکرده وه ، هاوریێ عه زیز محه مه د ، یه کسه ر به یانامه که ی یازده ی ئازاری حه فتا ده گرێت و لیێ یه وه پرســــیار

هه ڵده ستینی، هه روه ك ئه وه ی بزووتنه وه ی هاووڵاتیانی كوردستان و گرفته سه ره كیه كه ی به یانه مه كه ی ئازاربێت { ئه گه رچی پرسیاره كان هه ر خۆیان ئه وه ورروون ده كه نه وه و، ئه وه ش ره تده كه نه وه ، كه ئه م به یان نامه یه ، به یان نامه یه كی مێژوویی بێت } هه ڵبه ته ئه مه لـــه م روانگه وه ســـه رچاوه ی گرتووه ، كه هه نگاوی یه كه م ده بێ وه ده ست هێنانی ئۆتۆنۆمی بێت ،ئه مه له كاتێكدا بزووتنه وه ی ئۆتۆنۆمیخوازی لـه كوردستان به گشتی و له به شی لكێندراو به عیراقه وه بوه بـــه مه زنترین شانۆی گاڵته جاری جه ماوه ر ، زۆربه ی هه ره زۆری جـــــه ماوه ر گه یشتۆه ته ئه و باوه ڕه ی كه ئۆتۆنۆمی ئه و سه ربانه نییه بتوانن لـه بنیدا ئۆقره بگرن ! ته نیا دووچاری پاڵه په ستۆو گوشین و زۆرلێكردنـی پتریان ده كات ، له گه ڵ هه موو پلانی رامیاری چه په ڵی ده وڵه تـه داگیر كاره كان لـــــه كوردستان و هـــــه موو چاو و راوی درووشـــمه كانی به رهه ڵستكاراندا ،كه ده یانه وی لـــــه هۆش وگۆش و هه ست ونه ستی خه ڵكی كوردستاندا جێگیری بكه ن ، ته نیا ئـــــه نجامی تاوه كو ئیمرۆ به ده ستیا ن هێنابی بێهوده یی و بێ ئه نجامی ئـه و ئامانجه یه ، كـــه به هۆی ئه وه وه له گه ڵ سروشتی خه باتی ره وای هاووڵاتیان نه گونجاوه، نـاتوانن پێ ی بگه ن ، چاكترین به ڵگه بۆ ئه وانه و راستی درووشمه كانیان ، به لای خۆیانه وه ئه وه یه كه بـــــكه ونه پیا هه ڵدان به و خۆشی و سه یران و خۆپیشاندانانه ی سه رتاپای جه ماوه ری گرتبوه وه ، كه له راستیدا ئـه و دیارده یه ، به شداربوون نه بووله سنووری تێگه یشتن لــــه چوارچێوه ی مافی ئۆتۆنۆمی به لكوبه شداری بوونێك بوله سروشتی هۆشیاری ئـامانجه رزگاریخوازیه كه ی هاووڵاتیانی كوردستانه وه سه رچاوه ی هـه ڵگرتبو نه ك له ناوه ڕۆكی به یان نامه كه خۆی ، به ڵگه ی ئه و راستییه، ئـه و بۆچونه ده یسه لمێنی كه هه رله سه ره تای شۆڕشی ئه یلوله وه ،به لكو پێش ئه ویش و به تایبه تی تریش دوای ئه ووئیمرۆشی له گه ڵ بێ له هیچ جۆره به رهه میكی ئه ده بی و هونه ری ئه و قۆناغه دا ئه و دروشمه شـــونی دیار نییه ، ته نیا ناتوانین تاكه نمونه یه ك به رهه می ئه ده بی پیشان بـــده ین كه دژی ئه وراستییه بێ ، ئه م ده ربڕینانه – كه ی رزگارمان بوو – كـــه كوردســـــتان ئـــازاد بوو – كـــه ی سه ربه ستیمان وه ده ستهێنا –كـه داگیركارمان ره تاند – به گشتی له ماناو ده ربڕیندا لـــــه چوارچێوه ی ئۆتۆنۆمی و یاسا و مافی ئۆتۆنۆمی نه ك هه ر فراوانترن به لكو بـــــه ته واوی جیاوازن .

هه موو ئه وه ی له سه رتاپای به رهه می هونه ری نزیكه ی ســـی ساڵی رابردوودا ره نگی دایه وه ، یه كدوو گۆرانی به زۆرهه ڵبه ستراومۆسیقاو میلۆدی شل وشه كه ت و بڕگه كه ش و فش بوو ، كه به ریان نـــه كه وت یه ك له ملیۆنی تاكه گۆرانییه كی فۆلكلۆری یا نه و باوی كوردی لـــه دڵ و ده رونی هاووڵاتیانی كوردستان جێگه ی خۆیان بكه نه وه یـــا له نێو عه ره بی عیراقدا بایی یه ك له سه دی { لاخَبَرَ– لاخه به ر } بڵاوببنه وه !

ئه و نمونه خۆی له خۆیدا نمونه یه كی ده رونی یه كجار قووله ، مـروڤـی هۆشیار ده بێ لێره وه هه ست له ترپه و خرپه ی دڵـــی جه ماوه ر بگرێت ، نه وه كو هاوڕێ عه زیز محه مه د دێت و دروشمی دیمكراتی و ئـۆتۆنۆمی كه چه ند پارتێك به رزیان كردبوه وه له گۆڕه پانی خه باتدا وجه ماوه ریان

په له کێشی گه وره ترین تراگیدیاو کاره سات کرد ،بیکاته پێوه روبه ڵگه ی
راستی و دروستی خودی دروشمه که،نه ك هۆشیاری جه ماوه ر و هه ست و
هۆش ی جه ماوه ر و ئه و ئامانجه ی که له راستیدا خه باتی بۆ ده که ن و
قوربانی بۆ ده ده ن و بۆی ده ژین ،هه رلێره وه وه ك له کۆتایشدا ده گه ینه
ئه و ئه نجامه ، که چۆن لــه وه ڵامه کانی هاوڕێ عه زیز محه مه دا – رووده
واقع – خاوئه ندیشه – وهم – تێکه ل به یه کبوون .
هه ر ئه م سه رابه هه ڵخه ره تێنه ره یه ، رێگه ی له وه گرتووه که پارته
کان بتوانن به هۆشیارییه وه لـــــه بارستایی و هاوسه نگی هێزه کانی
کوردستانی لکێندراو به عیراق وعیراق بگه ن ،که له چ ئاستێکی ململانی و
له چ قه واره یه کی هاوسه نگی دابون ،ئه و وه خته له ماوه یه کی که م و
به هۆی تێکشکاندنی سه نگی به رده کانی ئه و ته رازووه،بێگومان ئه نجامه
کانیش هه موویان ئاوه ژووی خواستی جه ماوه ربوون وپارسه نگی پارته
کانیش له ریزی جه ماوه ردا ته واو دا له نگا. گرفتیش هه رئه وه نه بو
که به بێ دیمکراتی ، ئۆتۆنۆمی ، یا به بێ ئۆتۆنۆمی دیمکراتی مسـۆگه ر
نابێت ، به لکو گرفتی هه ره مه زن ئه و پێداگرتنه ی بزووتنه وه یه کی
جه ماوه ری خاوه ن قه واره و هێزبوو، که نزیکه ی بیست ساڵ بو له ژێر
سێبه ری دروشمێکی به سه رچوودا پاڵی لێدابوه وه ! نـــه ی ده توانی
خودی دیمکراتییه ت وه ك پرۆسه یه کی شۆڕشگێڕی ره هـــا بکات و
دروشمی قۆناغێکی نوێ تـــر و شۆڕشگێڕانه تر به رزبکاته وه ، که هه ر
له سه ره تای ساڵانی ده ست پێکردنیه وه بارێکی ئاوه هایی نێوده وڵه تی و
ناوخۆیی بۆ شۆڕشه جه ماوه رییه پڕ له قوربانییه کـه ی ره خسابوو ،
به داخه وه که به زۆری زۆران له بری له دایك بوون چه ند جـار خرایه
به ر نه شـته ری لـــه بـــارچـــوون !

هاوڕێ عه زیز محه مه د درێژه به وه ڵامه که ی ده دات و ده ڵێ : هێندی
ده ڵێن شکستی یه که به ر له ئیمزاکردنی به یان نامه که وه ده ســتی پێکرد
له پێش تریش ده ڵێت :له ۲۰ ی ئاداری ۱۹۷۰ نیگه رانی خۆمان له به رده م
نوێنه رایه تی سه رکردایه تی بزووتنه وه ی نه ته وایه تی کورد له وکاته دا
ده ربڕی .
به پێشه کی ئه وه ی ده بێ به یادی بێنینه وه که ئیمزاکردنی به یان نامه
که ی ئادار هه روا له خوتی یه وه نه بو ، جگه له رابردووی شـــۆڕشی
ئه یلول ، باری ناوچه که و جیهانیش که م و زۆر بێکاریگه ری نـه بوون
به لکو تاڕاده یه ك له سه ر سه رکردایه تی نه ته وایه تی کوردیـان ده کرد
به یان نامه که ئیمزا بکات ، له دوایشدا ده رکه وت ، کـــــه ئه وانه هیچ
لێکدانه وه یه کیان بۆ گرفتی نه ته وه ی کورد نه کردبوو وه ك گـرفتێکی
سه ره کی به لکو پله ی دووهه م و سێهه میش ، هه روه ك داشی دامه که
بوو به لایانه وه ، هه ر له و روانگه شه وه هه ڵویستیان ده رکه وت کـــه
ته نیا مسۆگه رکردنی دیمکراتییه تیش له عیراقدا کارێکی ئه وتۆ نـــه بو
ئه وانه خه می لێبخون ، به لکو به رژه وه ندییه کانی خۆیان له پێشه وه ی
به رژه وه ندی هه ر لایه کی تر بوو ، ئیمرۆکه ش بــــه بێ پاساودان و
شاردنه وه ، به ئاشکرا ئه وه ده رده بڕن ! ئـــــــه گه رئه و پێشه کی یه
راستییه کی مێژوویی بێ گری و گۆڵ بی ، وه ك هاوڕێ عه زیز محه مه د
ده ڵێ { دوای که متر له دوو هه فته مه ترسی خۆیان ده ربڕیوه } ئـــه گه ر

ئه وبۆچون و راده ربرینه راستییه کی پێ زانراوبێت ، جێگه ی سه رنج
دانه - به چاو پۆشیش له وه ی که را پۆرتی رامیاری پــارتی ده ڵێت:
{ به عس به رپه رچی ئه وه ی دایه وه که - پ - ك - ع-به شـــداری
ووتوێژ بێ ، له گه ڵ ئه وه ش پ - ك - ع - هیمای بۆ پارتی کرد لـــه
گفتوگۆ به رده وام بێ } له به شی یه که می پرسیاره که ماندا بپرسین : له
بری هیماکردن به به رده وامیدان به گفتوگۆ ، ده ربرینی مه ترسی دوای
ئیمزاکردنی به یان نامه که به چه ند رۆژیك ، بــــۆچی هه فته یه ك
رۆژێك به ر له ئیمزاکردنی ، ئه و مه ترسییه یان ده رنــه ده بــــڕی،
به پێچه وانه وه هیمای به رده وامی بوونیان دا ؟
زۆران هه ن ده ڵێن ئه و کاره ساته ی به سه ر پ - ك - ع - دا هـــات ،
هه ر له ئیمزاکردنی - به ڵگه نامه که ی - بــــــه ره ی نیشتمانی
پێشکه وتووخوازه وه بوو ! ئه ی جێ ی سه رنــجــدان نییه له وه ش
بکۆڵینه وه ، چجایی - پ - ك - ع - ده ستی لــــــه بزووتنه وه ی
پێشکه وتووخوازی جه ماوه ری کوردستان به رداو رووی له به عس نا ؟
ئه وێك که خۆی مه ترسی ده ربری بێ چۆن پێ ی نا ناو ئه و ته شـــقه
مه ترساوییه و هه ڵه یه کی له هه ڵه ی پارتی دیمکراتی کوردســـــتان
گه وره تری کرد ؟؟ زیانی دووسه ره ی بۆخۆی هه ڵبژارد ؟؟؟ یـــا بڵێن
پارسنگی ته واوی هێزه کانی پێ شێل کرد ، ته رازوی هاوسه نگی لـــه
سه ر ئاستی نه ك ته نیا ناوه خۆ به ڵکو ته واوی جیهان ، داله نگا ! لـــه
سه رێك هاوخه باتی بزووتنه وه ی نه ته وایه تی کوردی له ده ســــدا،
به وه ش بزووتنه وه ی نه ته وایه تی کورد سه نگی جیهانی دالــــه نگا ،
له سه رێکی که شه وه قوربانییه کانی ئـــه و قۆناغه ی - پ - ك - ع -
وه ك له ده کیۆمێنته کانی کۆنگره ی چواره مدا دیاریکراوه - حه فتاو دوو
هه زار ئه ندا م لایه نگر و دۆستی که وتۆته به رشاڵاوی کوشتن و بڕین و
تیرۆر و راونـــــــــــان؟
ئه گه ر ئه و ژماره یه به سه ر ژماره ی چاپکراوی - رێـــگه ی گه ل - دا
دابه ش بکه ین ، هه ر ژماره یه کی به درێژایی ساڵانی ده رچونی بـــه
ئاشکرای ، سێ که سی به رده که وێت ، شه هیدێك ، زیندانییه ك ، ســه ر
له دوونراویك !؟ ئه وه ی له و برگانه دا ووترا هـــــه مووی ده چێته
که وانه ی به شێکی پرسیاره که مان ، به لێ شانازی کردن به مـــه رگی
شه هیدانه وه پیرۆزییه ، به لام هه ڵبه ته نه ك له بۆچونێکی پتر لـــه
ئیسلامی وشیعه یی.....دواکه وتو تـر ، خۆ که ئیمامی عه لی ویاوه رانی و
کوڕانی شه هیدبوون و خه ڵکی به گورزان سنگیان بۆده کوتن ، داوایـــان
له که س نه کردبوو نازناوی شه هیدیان پێ ببه خشێ ، تا له وان رۆژاندا
سه رووتاری ئه و رۆژنامه یه ، داوا له به عس بکات ، بیستویه ك لـــه
سیداره دراوی کۆمۆنیست ، ناویان به شه هید تۆماربکرێت ! وه ك - رد
اعتبار- ئایا ره وای حه قه وه ك که ئێوه ناتانه وێ له قه ڕاغی قولایی
راستی هه ڵگێرانه وه ی ئیدیۆلۆژی مارکسیزم نزیك ببنه وه ، نـــه وه ی
نوێش چاو له و هه ڵگێرانه وه ناقۆڵایه بقوچێنی؟ له ته نکاوی رووداوه
کاندا چاوه ڕێ بکات تا شه پۆلێکی تری زه ڵکاوی فاشیزم پـــه له کێشی
کاره ساتی گۆمی بێ بنی ده کات و زگاو ده ی خنکێنێ ، دیاره گه ر لــه
بواری باوه ڕی کۆمۆنیستی خۆمانه وه ئه م نه وه نوێیه پـــه روه رده ی

ئه و باوه ڕه نه که ین ، که جه نگی ئێمه ته نیا جه نگی پارتایه تی ئه م و ئه ونییه ، به لکو ململانێ ی ڕامیاری و دیپلۆماسی وقولی ژیاری بایی یه مرۆڤایه تییه کانه ، ئه وه دیاره ئێمه ش له تیۆسۆسیالنستی-تیۆری سۆسیالیزمی زانستی- سه ره ده رمان نه کردووه ، ئا ته نیا لێره شدا و له هه ڵوێستی ئاوادا ئه وه مان بۆ ده رده که وێ که فاکته ره کانی ژیاری ، قۆناغه کانی مێژوو، داب و نه ریت و کلتور و ئاین و په روه رده کردن ، هه ستی نه ته وایه تی ، سۆسیال نه ته وه په رستی ، چینایه تی، پریسترۆیکاوبه باوه ڕه نوێیه کانی دیپلۆماسیه تی ئه مه ریکا شه وه ،له نیو هه ر کۆمه ڵگایه کی مرۆڤایه تییدا چه نده بڕده که ن له بڕیار و چاره نوس و هه ڵسه نگاندنی گیروگرفته کان و هێنانه کایه وه ی تێگه و تێگه یشتنی نوێ ی وقول بونه وه له سه رجه می به ره وپێشه وه چونی کۆمه ڵایه تی ، هه ر لایه نه و به و شێوه یه ی که ده گه ڵ به رژه وه ندییه ره چاوکراوه کانیدا ده گونجێن .

له ئه نجامی هه ڵسه نگاندن و لێکوڵینه وه ی ڕووداوه کانی ئه م چه ند ساڵه ی دوایدا ، ده مێکه ئه و ڕاستییه ده رکه وتووه ، که له گه ڵ ئه و هه موو که م و کوری یه ی له بزوتنه وه ی جه ماوه ری به شه به خورتی لکێندراوی کوردستان به عیراقه وه ده بیندرێت ، هێشتاش له مامه له ی ڕامیاریدا ئه و باڵه ڕاسته ی پارتی که گوایه لایه نیکی هه ڵه کانی له سه ری هه ڵده سون ، له هه موو لایه نه کانی ترسه رفرازتر ده رده چێت ئا ئه و هه ڵوێسته ی لێره دا باسی لیوه ده که ین ، به ڵگه یه کی به هێزو سه لمێنه ر و ده مه ته قێ هه ڵنه گره .

به ڵێ کاره ساتی ١٩٧٥ شکستی بوو، به ڵام له به راوردا هێشتا ناگاته سه د له یه کی کاره ساتی ئه م ساڵ ١٩٨٨ ، هه ڵبه ته ده پرسن : بۆ ؟ ئێمه ش ده ڵێین ، دژایه تی سه ره کی پارتی و به عس ، له سه ر ئه وه بو که به عس له سه ر ، نوێنه رایه تی نه ته وه ی کوردی ده کرد ده س له شه نگار و که رکوك و خانه قین هه ڵبگرێت ! نوێنه رایه تی نه ته وه یی کوردیش نه ده چووه ژێرباری ئه م داوایه یه وه ، هه روه ك نه ده بوایه بچێت،له ئه نجامدا به عس دووباره له شکری له سه رکورد کرد .

# ئاڵایەك بۆ نیشتمان
# ئاڵایەك بۆ كوردستان

نوسینی ـ ئاڵا

ده مه ته قیێ و دانوستاندن له سه ر ره وشی خه باتی ناوچه یی و پچڕ پچڕی بزووتنه وه ی رزگاریخوازی كوردستان ، سات به سات گه رم تــر و فراوان تـــــر ده بێت ، مایه ی شانازیه كه ئیمڕۆ پتر له هه موو رابردووی پــڕ له كاره ساتمان خـــــه باتی رزگاریخوازی نیشتمانیمان وا به ره و رێڕه و ی راسته قینه ی خۆی هه نگاو ده نێ ،له پێناو ده سته به ركردنی ده سه ڵاتێكی رامیاری + ئابووری + سه ربازی ، سه ربه خۆ، كـــــه ئه ركی به ڕێوه بردنی نیشتمانی هاوولاتیانی كوردستان وه ئه ستۆبگریت ، بـــــه و شێوه یه ی كه هاوولاتیانی كوردستان په سندی ده كه ن ،ئه و خه باته كه ئیمڕۆ یـــه كجار تیژڕۆیه مه ترسی سارد بوونه وه ی خێراشی لێ ده كرێت ، هـــــه روه ك تاقیكردنه وه كانی رابردوو! كه هه رده م ئه م تیژڕۆییه و ســـــاردبوونه وه خێرایه ی سه ری كردوه به كاره سات ونوشستی نوچدان ؟

كه واته چیمان پێده كرێت ، بۆ رێگه گرتن له وه ی ئه م ره وشه ش بـــــــه هه مان ده ردی تاقیكردنه وه كانی رابردوودا نه روات و هـــــــــــه مان چاره نووس لرفی نه دات !؟

له هه موو لایه ك ئاشكرایه كه كاریكتێری گاڵته جاری ئۆتۆنۆمی خـــه ریكه كۆتایی پێدێت ،گه رله هه موو كوردستانیش نه بێت ،له به شی هه ره زۆری كوردستان بیری ئۆتۆنۆمیخوازی خه ریكه به ته واوی تورده ده رێته زبڵخانه كه ی مێژووه وه ، ده بێته به شێك له پیته كانی رسته ی -هـــــه ڵـــــه ی رابردووی پـــــڕ له كاره ساتمان -له و وه رچه رخانه مێژووییه دا ئه وه ی جێگه ی داخو مایه ی تێ رامانه ، ئه م پرسیاره یانه : ئــــایا ئه م پرۆسێسه كه ئیمڕۆ له ئارادایه ، هه روه ك ئۆتۆنۆمیه كه ی رابردوو لـــــه جغزی سنوره ده سكرده كاندا ده مێنێته وه ، یاوه خۆ بۆ دووا جار دووایی به دابه شـــكردن دێنێ و سنوره ده سكرده كان هه ڵده ته كێنێ؟؟؟

خه باتی ئۆتۆنۆمیخوازانه ئه و خه باته بوو له جغزی سنوره ده ستكرده كان واته به هه موو مانایه كه وه هه ڵنه وه شاندنه وه ی سنوره ده وڵـــــه تییه ده سكرده كان و مانه وه ی كوردستان به دابه شكراوی ، ئــــــه وه ی لێره دا به پێویستی ده زانین رووبه رووی بینه وه ئه و دیارده یه یه كـــــه خه ریكه جێگه به ئۆتۆنۆمی چۆلده كات ، به بێ ئه وه ی له جغزی خه باتی پچڕ پچڕو سنوره ده سكرده كان تێ ی په ڕێنێت !؟

زۆربه ی لایه نه کان ئیمرۆ به گه رمییه وه بـــــاسی خه باتی یه کبووی کوردستانی ده که ن له هه ولی دامه زراندنی ده سه لات و ده وله تدان ،به لام به داخه وه له ئه نجامی دانوستاندن له گه ل ئه و لایه نانه ، ده گــــــه یته ئه و نیاییه که خه باتی یه کبوی کوردستانی و دامه زراندنی ده ســـه لات و ده وله تی سه ربه خۆ ، له سنووری فیدرالی تیپه رناکات ! روون تـــــر کوردستانیکی فیدرالی لـــه نیو سنوری ده وله تی درووستکراوی -تورکیا-عیراق -ئیران - سووریا -ئه مه ش یانی مانه وه ی کوردستان بـــــه دابه شکراوی له نیوان سنوری ئه و ده وله تانه وچه ند هیزیکی خـــودی بزووتنه وه ی رزگاریخوازی کوردستان ؟! هه ر چه نده هاتنه کایـــه وه ی ئه م باره یه کجار ئه سته مه ، لـه هه مان کاتدا هاتنه کایه وه ی، ئـــه م باره جیگه ی مه ترسی مه زنه بـــــه سه ر خودی دووارۆژی بزووتنه وه ی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان ، هه تا گه ر بیتو کــــــــــۆماری سه ربه خۆشبن !

هیندی له و پارت و ریکخراوانه ئه و پرسه ش ده خه نه روو ، فید رالـــــی له گه ل رژیمه داگیرکاره کان و له سنوری ده وله ته ده ستکرده کان ، لـــه پیشه وه تره ، یاخود ، به فید رالی بوونی کوردســــتان له گه ل خۆیدا ، کـــامیان په سند ن پیش ئه وه ی ئه و هیزانه فید رالی وه ده ست بینن له گه ل ئه و ده وله ته ده ستکردانه و له چغزی سنوره ده سته کرده کاندا ؟
یاخود به رنامه یه کی نیشتمانی هاوبه ش بخه نه روو؟
هه لبه ته دیاره به فید رالی بوون له سنوری ده وله ته ده سکرده کــــاندا هه مان بۆچوون و به رماوه ی پلانه ســــــه ره کی یه که ی ئۆتۆنۆمی یه، هه نگاوی یه که م ئۆتۆنۆمی ، ئه و جار یه کگرتنه وه لــــــه کۆماریکی سه ربه خۆدا ، ئـــه م تاقیکردنه وه یه نه ك هه رشکستی هینا ، به لکوبووه رابردووی شکینراو ، به لام وا ده رده که وی لای هیندی تـه نیا رووالـه تی گۆراوه به فیدرالی لـــه ناوه رۆکدا هه مان باوه ری ئۆتۆنۆمیخوازه کانی پاراستووه ، واتا سه ره تا چه ند کۆماریکی فیدرالی دووایی یـــه کگرتنه وه له کۆماریکی سه ربه خۆدا ! هه ر چه نده ئه مه خۆی هه نگاویکه بـۆ رزگار کردنی بزووتنه وه ی رزگاریخوازی نیشتمانی له چغزی ئۆتۆنۆمی ، بـــه لام له هه مان کاتدا له ناوه رۆکدا هـــــه ر هه مان ناوه رۆکی ئۆتۆنۆمیخوازه کانه ، دیارده و مانه وه ی سنوره ده ستکرده کان لیره شدا بــــــه زه قی ده دیتریت! که واته بزووتنه وه که دووباره هه ر له بازنه به تاله کـــه ی مانه وه ی کوردستان به دابه شکراوی په یوه ست بوون به ســــــنوره ده ستکرده کان ده هیلیته وه ، هۆی ئه مه ش روون و ئاشکرایــــــه سه رچاوه که ی ئه م هه نگاوه نیوه چله نه بوونی به رنامه یه کی نیشتمانی گشتی و هاوبه شه له نیوان ریکخراوه رامیاریه کانی کوردستان ! ئه گینا هیچ گومانی له سه رنییه به فیدرالی بوونی بزوووتنه وه که خۆی لـــــه پیشتره وئه رکی نیشتمانی سه ره کییه نه ك به فیدرالی بوون له سنوری ده وله ته داگیرکاره کاندا .
جیگه ی سه رنجدانه ، له کۆتایی سه ده ی بیسته مدا و به ره و ســــه ده ی بیستوویه ك ، به شیکی کوردستان ئاماده بی به فیدرالی بوون لـــــه گه ل یه کی له و کۆمارانه و له چغزی سنوری ده ستکردی ده وله ته دابه شکه ره کان و ئاماده نه بی له گه ل به شه کانی تری کوردستان وریکخراوه کــــانی

ئه و به شه ته نیا کاریش بکات بۆ هێنانه کایه وه ی به رنامه یه کی نیشتمانی هاوبه ش ،که ده بێته بنچینه ی وه ده رهاویشتنی ته واوی بزووتنه وه ی رزگاری خوازی نیشتمانی کوردستان ، له جغزی -ئۆتۆنۆمی- فیدرالی-{مانه وه به لکێندراوی و دابه شکراوی}به ره وگه یشتن به ئامانجی دامه زراندنی ده سه لات و ده وله تی سه ربه خۆی کوردستان !

شیکردنه وه ی ئه م باره ی ئیمرۆمان روو به رووی دیرۆکی دوواکه تووی سه رده می فیوداڵی دووسه د تا سی سه د سالی رابردوومان ده کاته وه !

ده گه ل پرسیاره هه ره سه خته که ی ، ئاماده ین ده ست له دووا که وتووی به ربده ین و رووه و پێشکه وتن هه نگاوبنین ؟ یا مل که چی سایکۆلۆژیه ته میکرۆباویه که ی سه رده می فیوداڵ ده بین ؟

به داخه وه له و بواره دا هێشتا له سه ره تاین ! سه ره تایه کی پر له مه ترسی ، ئاڵۆز ، لێل !! ره واندنه وه ی مه ترسی ، گرێ کردنه وه ، روونکردنه وه ی لێلی، به باوه ری ئێمه له هه ڵدانی ئالایه کی نیشتمانی یه وه ده ست پێده کات ، ئه و ئالایه کام ئالایه ؟

ئه م پرسیاره ته ریب ده گه ڵ په ره سه ندنی بزووتنه وه ی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان هاتۆته پێشه وه ! چونکه دیاره وه ك ترادیسیایه کی نیشتمانی ، ئالای باو ئه و ئالایه یه ،که به دان پیانراوی ناسراوه، مه به ست ئالای کۆماری دیمکراتی کوردستانه -١٩٤٦- هه تاوه کو ئیمرۆکه ش ، چ له کوردستان چ له ده ره وه ی کوردستان وله نێو وولاتاندا تاکه ئالای نیشتمانی ناسراومانه ، به داخه وه هه تاوه کو ئیمرۆ، زۆربه ی پارته کانی کوردستان درووشم ئالای دیارکراویان نییه ،یاخود ئه وه ی هه یه و پارتێك به رزی کردوته وه ، ئه وه ی تریان ره خنه ی لێده گرێت، به کورتی وا ده رده که وی ، هێندیك ، ئالاکه ی کۆماری دیمکراتی کوردستان{ که هێندیك ده ستکاری کراوه } به ئالای نیشتمانی دانپیانراو ده ناسن ، لایه نی تریش هه ن ،گه ره کیانه نمونه یه کی نوێ بکه ن به ئالای نیشتمانی، به مانایه کی تر، ئه وه ی ترادیسی یه هێشتا لای هه مووان په سند نییه ، ئه وه ی نوێشه هێشتا نه ی توانیوه خۆی بسه پێنێ !

هیچ گومانی له سه رنییه ئه م دیارده یه په یوه سته به خودی فراژی بوونی بزووتنه وه که ، له سه ر ئاستی نیشتمانی کوردستان ، که رۆژ به رۆژ له په ره سه ندن دایه .

هه لبه ته له سه ر هه ڵدانی گیروگرفتی وادا هه موو لایه کمان به ر پرسیارین ، ناکرێت ئه وه شیان هه ڵبگرین ، تا براده ریکی نه شاره زا به زاری ناوچه یه کی کورده واری ، دێت و { هه ر } مان لێده کاته - هیماو مانای-باوه ربه خۆ نه بوون ، هێلێکی راستوچه پ به سه ر- سرودی نیشتمانی - کوردستان دادێنێ ! برای به رێز ! یاخوا هه ر خۆش بی! هه ر- مانای گومان و-هیمای باوه ربه خۆنه بوون نییه! نه خێر له زاری ناوچه ی کۆیه دا ، که - دڵداری نه مر- پێ ی په روه رده بووه - هه ر- بۆ- دووپاته کردنه وه یه ، نه ك گومان کردن ، له زاری کۆیه که ده گوترێت : هه ر ئه و هات ، ئه وان هه ستان . واته هه ر دوو رووداوه که جفت ده کات ، که رووداوی هاوکاتن ، که ده شگوترێت : هه ر وابووه و هه ر واش ده بێت ، ماناکه فراوانی وبێکۆتایی،بێسه ره تایی،ده گه ێنێ.

ئیمرۆکه ش واخه ریکه له به رامبه ر ئالای نیشتمانی ماندا ، هه مان

{ هه ر } مان لی راست بێته وه !؟ ئه وجا هه ر ئه وه مان که مبوو!له سه ر کــامه ئـــاڵای نیشتمانی کوردستانه؟ بیکه ن به بگره وبه رده وراکێش و بکێش له و ناوه شدا هه ر { ئـــاڵاکه مان } خــۆمان زه ره رمه ند ده بین! خوێنه ری خۆشه ویست !
نامه وێ له وه پتر درێژه به و باسه بده م ، به پێویستی ده زانم ، هـه رچی زووه هه تا ئه و گرفته ش وه ك چه ندین گرفتی تر تــه شــه نــه ی نه کردووه و پشتگوێ خستن نه ی پێچاوه ته وه ، نـــــــه بووه به هۆی لێکدابڕین و ره نجه ڕۆوکردنی هاووڵاتیان ، به هه موولایه کمان هــه وڵی چاره سه ری بده ین ، هه ر به و مه به سته ش ئه و چه ند خاڵه ده خه مه روو.
١- پێویسته ته واوی پارت و رێکخراوه رامیاریه کانی کوردستان ئـاڵایه ك به دانپیانراوی بناسێنن.
٢-زۆر له ده سه ڵات وده وڵه ت وپارته کانی جیهان له قۆناغه جیا جیاکانی خه باتدا ، ده ستکاری ، سروود ، مارش ، ئاڵای ، خۆیانیان کردووه ، بــه و شێوه ی له گه ڵ قۆناغه که دا گونجاوبێت ، جێگه ی خۆیه تی پــارته کانی کوردستانیش،گه ر رێك ناکه ون له سه ر ئاڵایه ك،چاره سه ریه کی ئـه م گرفته بکه ن.
٣-پێویسته به ر له هه موو شتێك ،له سه ر ئه م گیروگرفته دانوستاندن چێبن ، ئه وجا ده کرێت ئه و چه ند خاڵه ی خواره وه وه ك پێشنیا پیاده بکرێن .(١) ئه گه ر نه کرا هه موولایه ك له سه ر ئاڵایه ك ساغ ببنه وه ، هاڤرکێ یه ك سازبکه ن به به شداربوونی گشت هـونـه رمـه نـدانی کوردستان و ده ره وه ی کوردستان ، له ماوه یه کی دیارکراودا ، هـــه ر هونه رمه نده ، نمونه یه ك پێشکه ش بکات ، له نێوان ئه وانه دا دانه یه ك له لایه ن لیژنه ی سه رپه رشتی هاڤرکێ وه هه ڵبژێردرێت و هــه موو لایه ك په سندی بکه ن . (٢) ئـــــه گه ر هاتوو لایه نه رامیارییه کانی کوردستان ، له چاره سه رکردنی ئه م گرفته بێده نگ بوون ، بـــه ڕه وا ده زاندرێت هونه رمه ندانی کوردستان له‌وبواره دا رۆڵی خۆیان بگێڕن بۆ ئه وه ش ده کرێت ئه م چه ند خاڵه ببن به پێشنیا :
(ا) هونه رمه ندان لیژنه ك پێك بێنن ، بۆ بڵاوکردنه وه ی بـــانگه وازێك ، بانگهێشتنی ته واوی هونه رمه ندانی کوردستان بۆ به شداری کردن له نه خشه کێشانی ئاڵای نیشتمانی کوردستان.
(ب) لیژنه یه ك له چه ند هونه رمه ندی کوردســــــتان ، هــه ڵبژێرن سه رپه رشتی،سازدانی هاڤرکێ ، کۆکردنه وه ی نمونه پێشکه شکراوه کان ، هه ڵبژاردنی دانه یه ك، بکات.
(ج) هه ر ئاڵایه ك ، له لایه ن لیژنه وه هه ڵبژێردرا، پێویسته هـــــه موو پارت و رێکخراوه کانی کوردستان به ئاڵای نیشتمانی کوردســـتان په سندی بکه ن .
(د) پێویسته به هاوکاری و کۆمه کی هه موو لایه ك ژماره یه کی شیاو له و ئاڵایه ئاماده بکرێت ، هــه روه ها نمونه یه کی چاپکراویشی لـــــێ هه ڵبگیردرێته وه ، بۆته واوی داموده زگا جیهانی و ده وڵه تییه کان ، هۆیه کانی بڵاوکردنه وه - رۆژنامه - ته له فزیۆن -بنێردرێت.

# بەرۆدا

## قوبادی جەلیزادە

پەنجا هەزار منداڵ
پەنجا هەزار گەزکفنی ئاڵ؛
لەبەردەرگەی
نەتەوەیەك
نەگر
تووە
كان
دا
نەشیریان دەوێ
نەشاری یاری
نەدەرمان
ئەو رێژنە بارانی زامە
تەنیا یەك شتیان گەرەكە؛
شەهید نامە
شەهید نامە
شەهید نامە !!!

# مه گری

## ئازاد دلزار

ئه و کاته ی به پاڵه په ستۆ
به ره و خوار راپێچم ده که ن
ئاگام لێیه چاوه کانت بـــــه دوامه وه
زریانیکی شین هه ڵده که ن !
مه گری مه گری
ئێمه نـــــامرین ،
وه ك داره به ن له تاته به ردی ماهیدا
ره گ داده کوتین .
له هه رکوێ بین ،
ئه ستێره کان له گه ڵمانن ،
روباره کان لــــه دوامانن .
زه وی ، هه تاو ، رێژنه ی باران
هه موو دڵــــــه گریاوه کان
هه موو زه رد هه ڵگه راوه کان
له گه ڵمانن .
بۆیه ده ژین
لـه دمکی تیژی نیێزه دا
له شیشی به ندیخانه دا
ره گ داده کوتین
*********
مه گری مه گری
سبه ی هه رمێ ده پشکوێ ،
ره وه - خه زایی - دێنه وه «١»
کۆتری کێوی چۆن هێلانه ی لێ ون ده بێ ؟!
چاوه رێم به
له تاریکی ئه م شه وه دا ،
له فارگونێکی نمره سێدا ده هه ژێم ،
دڵم هه رده م به پێوه یه
هه تا له گه ڵ سپێده دا ،
له ژێر لیزمه ی
گریانی شادمانی یا به یه ك ده گه ین .
مه گری مه گری !
\# # # # # # # #

خه زایی ، یا ، غه زایی : باڵدارێکه لــــــه کۆتر بچوکتره ره ش و په مه یی یه به هاران به ره وه ده ده ن به سه ر دار توه کاناو ده یکه ن به قیژو هه ڵاڕێکی زۆر بۆیه وایان پێ ده ڵێن گوایا له شکری خێرن له غه زای کـــــافران هاتوونه وه!

# لەغەمی هەڵەبجەی ژارا

جەلال میرزاکەریم

-کاتێ بە فر
ماڵ ئاوایی کرد و رۆیشت
کچی بە هار
لە بە ر ئاوێنە ی سە وزە گیا و
کانی روونیا
هێدی هێدی چاوی ئە ڕشت
-کاتێ هە ور
دوا تیلە ی گڕی خۆی هاویشت
کوڕی بە هار
لە بە ردە م کێوی سە رکە شیا و
ژێی دە روونیا
ئاوازی ژووانی ئە ڕست
-لە پڕ ژە هر
رە هێڵە و تاوی خۆی هە ڵرشت
زە ردە نسار
لە ئاڵوزە ی ناسۆریا و
تە زوو دانیا
هە وارگە ی تووشی لێ راخست

*****

ئە وکاتە ی چاو ....لە بە ر نیگای
وە رزی دە رگای
نــــــە وروزە کە ی ساڵی خە ما
ئە کە وێتە برژانگی نێرگز هە ڵوە ران
باخی سینە ...نە مام ئــە گرێ
کە چی ئە مساڵ وا زام ئــە گرێ
ژالە ی تاڵ و خە ردە ل ئـــە گرێ
دڕك و ژار و دووکە ڵ ئـــە گرێ
لە بوکێنی مە رگی شــــــە ما
ئە بێتە چە پکێ چیرۆکی مێژوی گریان

*****

هەواڵنامەی کتێب

-ئا خۆ.... گریان
وولاتی سه ربه خۆی هه بێ ؟
ئه م تۆماری فرمێسکه ی تیا بهۆنمه وه .
-ئاخۆ.... ئاسمان
ئه ستێره ی ره نجه رۆی هه بێ ؟
هه له بجه ی ئه م هاواره ی تیا بدۆزمه وه

*************

ئه ڕوانمه نشێوه سوتاوه کانی ،
ئه برۆی گڕت .
ئه خۆمه وه ژانه کانی ،
وه رزی مانگی گۆنای پڕت .
گوێ ئه گرمه ناڵه کانی ،
سنگی په نگت.
ئه یلێمه وه شیعره کانی ،
ده ریای { گۆرانی } ی بێ ده نگت .
ئه بینم گوڵاڵه ی پشکۆی
گه ردانه ی گه ردنی رووتت .
خۆم که یل ئه که م به پیاڵه ی لێوی شه وانی
خه ونه کانی پڕ بارووتـــت.
ده رگای بیستنم جه نجاڵه
له هه واڵی شه هیدانی بێ تا بووتت.
سنگم له شه ق بوونه له تاو
هه ڕاجخانه ی کانی ئاشقانی ناموست .

****

هه له بجه که م !
رێگه نما وونکه ره که م !!
دوای تۆ کێ بێ ؟
تاق تاقکه ره ی ئه م شه وگاره
بکاته خه و.
خوناوگه بێ به رۆچکه که م !!
ئه بی هه بێ ؟
رێی ووشکی ئه م زرێباره
بخاته ره و.
ئاخۆ که ی بێ ؟
بێ ئۆقره ی ئه م ئازاره
{ ب س وو ت ی } و { ب ب ی ت ه }

پ
. ی
.. ش
....ڕ
.....ه
......و .

******

بە کوڵ گریانم دێ بە سە ر
دارە مە یتی پۆستە ی ناوتا و
لێت ئە پرسم !
نە ت ئە زانی ؟
شـــاری دڵت
ئاوا ...دە رگای ئاچوخ ئە بێ ؟؟
بە کوڵ گریانم دێ بە سە ر
مە لۆتکە کە ی بێشکە ی گینتا و
لێت ئە پرسم !
نە ت ئە زانی ؟
کە شتی هیوای خـــە ون وگوڵت
ئاوا ...بێ دە ریاو رۆخ ئە بێ؟؟

*****

نە ت ئە زانی !
ئە گینا چۆن ئە تهێشت ئاوا
هاجووج و ماجووجی جادوو
بـــە رماڵە چڵکنە کانیان
لە بە ر مزگە وتی پاشادا
بۆ بانگی نوێژی مە رگ راخە ن .
-نە ت ئە زانی !
ئە گینا چۆن ئە تهێشت ئاوا
سە دام زە رووی بۆ خوێن تێنوو
بە گازی نامە ی مردوویان
لە توێی سوو تووی ۷٤ تـــا
جارێکی تر بە ری هە تاوت لێ داخە ن .

پاشماوەی - ئالایە ک ....

تێبینی:لیژنە ی بڵاوکردنە وە ی کۆمیتە ی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی کوردستان ، لە کا تێکدا ئە م نوسینە بڵاودە کاتە وە ، بە چاکی دە زانی کە بە هە موو لایە کی رابگە یێنێ کە وا لە بە ر نا سکی ئە و بابە تە وگرنگی و پیرۆزی و بایە خی نیشتمانی ، لاپە رە کانی - دلانـــــپار- بۆ ئە م کارە نیشتمانییە هاوبە شە ئاوە لایە ، چـــاوە ڕێی بیروباوە ڕ و پێشنیای، پـــارت و رێکخراو ، هونە رمە ندانی کوردستانین ، بـــە رای ئێمە سە رکە وتنی ئە م کارە { چ بە دە نگدان بۆئالاکە ی کـــۆماری دیمکراتی کوردستان وە ك بنوس دیاریکردوە - بە و هێندە دە سکاری یە ی کـــراوە یاخود هە ر نمونە یە کی تر کە هە موولایە ك دە نگی بۆبدە ن و پە سندی بکە ن ، واتە رە زامە ندی هە موولایە کی لە سە ربێت } ســـە رکە وتنی خە باتی نیشتمانی هاوبە شە ، جێگیربوونی بیروباوە ڕی ســە ربە خۆیی نیشتمانی کوردستان و هیمای یە کبوونی بزووتنە وە ی رزگاریـــخوازی نیشتمانی کوردستانە ، کە ئاوات و ئامانجی تـــــە واوی هاووڵاتیانی خە باتگێڕ و نیشتمان پـــــــە روە ری کـــوردســـتانە.

هەواڵنامەی کتێب



حەسیب قەرەداغی

پرسیم ئه رێ خۆشه ویستی مه عانی چی یه ؟!
ده ریا ووتــی : من وماسی
خۆریش ووتی: من و ئاسۆ
خاکیش ووتــی: من و شا ره گی دار به ڕوو
په نجه ی نه رمی هونه رمه ندێ
ووتــــــــی : من وژێی که مانم
بولبول ووتی : من وخونچه و سروه ی به یان
شیعر ووتی من و گۆران و مام هێمن
من و کێش و سه روای جوان
زاوا ووتی من ونۆ بووك
کوردێك له و لاوه بانگی کرد ............
بیرت نه چێ من و که رکوك
************************
پرسیم ئه رێ خۆشه ویستی له کوێوه دێ ؟
خواوه ند ووتـــــــی : ئه وه ته نها کاری منه
لاوێ ووتـــــــــی : ئه و هه ر وه ڵیای کۆشی ژنه
پێغه مبه ریك ووتـــی : ته نها له پـــه یا ما
جوتیار ووتـــــــی : له گه ڵ هه وه ل هۆڵی سه رهۆڵدا
زه حمه ت کێشی ووتی : ته نها به عاره قه ی نێوچاوانــدا
شاعیر ووتـــــــی : له ئه ندیشه وله چامه وه
مه ی دێر ووتـــــــی : ته نها له مه ی وجامه وه
دایك ووتـــــــی : له پێوه پێچان و ژانـــا
شوانیك ووتـــــــی : له خه ونێکی ناو سیبه ری موڵگه ی رانا
کوردێك له ولاوه بانگی کرد
مه یخه نه بازنه ی هه وارێکی بچوکه وه
راستت ده وێ ......له شاره که ی که رکوکه وه
***********************
ویستم تێبگه م خۆشه ویستی چه ندێ جوانه ؟
{ وه لی } ووتی : باڵای { شه م } ه
{ مه م } یش ووتی ......{ زین } وه ری گرت
به ژنی { مه م } ه
{ خه ج } یش ووتی : وه ك زامه که ی { سیامه ند } ه
{ مامه یاره }
ووتی :وه کوو سه رگوزسته ی { دوانزه سواره }
له لای حه زره تی { مه وله وی } ش
وه کوو چاو ره شی لای ده وار
له لای منیش وه کوو دوو خه مه قورسه که م
{ که ژه } و { به هار }
کوردێ بانگی به ختی کرد .... ئه رێ زووکه
له خۆشه ویستی ی جوانتریش
شاره گه رمه که ی کـــــــه رکوکـه

# بەفری ڕەش نابارێ

ـ نەوزاد رەفعەت ـ

هەواڵنامەی کتێب

کوشتیانیت ، وایانده زانێ پاش خوێنی تۆ
چیدی باڵنده و جۆگه له و مناڵه کورد نایه نه گۆ
چیدی خۆر ناوێرێ هه ڵبێ و
کڵاورۆژنه ی زیندانیان تا هه تایه
یه ك تیرۆژ بایان لێ نایه ته ژورێ
چیدی ده ستی حاجی قادر خامه ناگرێ و
خانی هه ڵوێستی ده گۆڕێ
پاش مه رگی تۆ
چیدی هه ڵو به سه رچیاوه نابینرێن
که ڵ له ترسان شاخه کانیان ده شارنه وه و
دار به ڕووی کوردستان ئاسان هه ڵده کێشرێن
ده یان زانی
هه ڵگورد لێره سه رهه ڵناگرێ ؟!
لێره به فری ره ش نابارێ ؟!
لێره به فری ره ش نابارێ ؟!
لێره به فری ره ش نابارێ ؟!

# هەڵەبجە!... هەڕەشە....

## لە بێ دیپلۆماسیەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی هاوولاتیان و ئازادی نیشتمانی کوردستان

نووسینی: رێباز محیدین

" بەشی یەکەم "

خە باتی سە ختی ئیمرۆمان ، پتر لە هە موو سە ردە مێك روالـــــە تی دژایە تی کردنی داگیرکارانی بە خۆە گرتووە و لە و رووە وە شوناسنامە ی خۆی ئاشکرا کردوە ، دە گە ڵ ئە وە شدا سیمای داگیرکارانی کوردستان بە شێوە یە کی نووێ گۆڕاوە ، کارە ساتی هە ڵە بجە ، بە ردە وامی جە نگە لە نیوان ژێردە ستە و داگیرکاران دا ، داوامان لێدە کات ، بە تە واوی بۆچون و بڕیارە کانماندا بچینە وە .

لە راستیدا تاوە کو نیوە ی یە کە می ئە م سە دە یە داگیرکارانی کوردستان بە گشتی و راستە وخۆ پە یوە ستی ئیمپریالیزمی جیهانی و پـــابە ندی بە رژە وە ندییە سە رمایە دارییە کانی جیهانی بوون .

تا ئە و کاتە ش چینی بورژوای فارس ، عە رە ب ، تورك ،نە کە وتبونە خۆو بیریان لە سود و بە رژە وە ندی داگیرکردنی کوردســــــتان نە کردبوە وە {کوردستان بە خورتی لکێندراوە بە و وڵاتانە وە نە ك بە ئازایە تی ولە شکرکە شی ئە وان } یا خۆ بڵێین: هێشتا راستە خۆ نە گە یشتبونە ئە و پـــــلە سە رمایە دارییە ی کە بتوانن بە هێزی دە سە ڵاتی ناوچە یی و پلانی ئابوری و سە ربازیان ، تە واو بکە ونە ململانی لە رێ ی هێنانە دی ســـــود و بە رژە وە ندییە چینایە تییە کانیان ، جە نگی ئیمرۆی ئە م دە ســـە ڵاتانە سە رە تای هە نگاونانیانە بە رە و قولکردنە وە ی داگیرکردن لـــــە گشت بوارە کانی ئابوری + سە ربازی + رۆشنبیری ، ئە م سێ لایە نە ، لـــــە مێژووی کۆمە ڵگای کوردستاندا ، هە ر خۆیان بە یە کە وە لـــە ژێردە ستە یی سە رکردایە تی ئابوری و سە ربازی و رۆشنبیری دە سە ڵاتی بێگانە دا ، لـــە بواری ململانی یە کی بە ردە وامدا گە شە یان سە ندووە .

جە نگی عیراق+ ئیران+کوردستان + بە شداری تورکیای ناتۆ+ پشکێنی رژێمی سوریا، لە وە بە و لاوە هیمای کارە ساتێکی ترنییە کە لە رێگە یە و بە رە و

روومان ده بێته وه ! ململانێ ی راسته وخۆی ئه م ده سه ڵاتانه ، وه نه بی ، به و مانایه وه بێ که ئیمپریالیزم ، له گرفته کانی ناوچه که دووره په رێز و ده سته وه ستان وه ستابێ ، به لکو به پێچه وانه وه ، نه ك هه ر به پاڵپشتی ته کنیکی جه نگ ، به لکو به ته واوی هێزی سه ربازی-شییه وه پشگیری پلانی سه رمایه داران و ده سه ڵاته داگیرکاره کان ده کات ، { ئێران گیێت و سه ندنه وه ی فاو وسه رکوتکردنی بزووتنه وه ی جه ماوه ر ،نمونه ی کرداری ئیمپریالیزمن ، رۆڵی ئه وان لـه ناوچه که دا روون ده که نه وه }.

بۆیه خه باتی ئێمه ، نه ك ته نیا پێویسته جه ماوه ری هـه ره فراوانـــی کوردستان بگرێته خۆ ، به لکو به شێوه یه کی تـایـبـه تـی بزووتنه وه ی پشگیری جیهانیش ده سته به رکات .

له بواری ململانێ ی ئه و سه رده مه ی ده سه ڵاتی سه رمایه داری -عاره ب + فارس + تورك -بۆ دۆشینی ته واوی ئابووری کوردستان ، پـلان و هێزی جه نگی و له ناودانی به کۆمه ڵ - جینوساید - و به هێز راگرتنی نه شونمای چینایه تی و شێواندنی په ره سه ندنی سروشتی تا راده ی ته فروتووناکردن به رده وامه ، هاووڵاتیانی کوردستانیش ،له دژی ئه م باره یه وا راپه ڕیون و خه بات ده که ن له پێناو مان و نه مان و پاراستنی بایی یه مرۆڤایه تییه کانیان .

پێشه کی ، به رله وه ی ستراتیژیه تی ،ئه م جه نگه باس بکه ین ، ده بێ بزانین له گۆشه نیگای ده سه ڵاتدارانی -به غدا-ته هران - دیمه شق - ئه نقه ره -سنور یانی چی ؟ بنچینه ی دامه زراندنی ئه م نیشتمانانه چی یه ؟ ئاســـــایشی نه ته وایه تی و پلانه کانیان به سودی کێ و کامه چینه؟ تابزانین لــه کامه نیشتمان به رگری ده که ین ؟ کامه جه نگ ره وایه ؟ ئه و سنورانه نیشتمانن که به رژه وه ندی ده سه ڵاته زله کان دروستیان کردوون ، یا خود ئه وانـه ی له دڵ و ده رونی خه ڵکاندا ده ژین و جه ماوه ر له پێناویاندا خه بات ده کات و قوربانی ده دات؟

ئیمپراتۆریه ته کانی ناوچه که مان ، ده وڵه تی شاهه نشاهی فارس و تورکیای عوسمانلی ، زۆربه ی کوڕه به گ و سه رکرده خێله کیه کان ی نه ته وه ی جیا جیان راده کێشایه ریزی راژه کردنی له شکره وه ، له و فێرگه دا به شـــیری تورکیزم و فارسیزم و باوه ڕه کانی - شا - و - سوڵتان - په رستی به تایبه تی په روه رده و گۆشده کران { به ر له وانیش ده سه ڵاتی ئیسلام هه مان رێبازی پان عه ره بیزمی گرتبوه به ر } به ئامانجی لێکدانی ئه و نه ته وانه و قاڵکردنه وه یان له بۆته ی - فارس - تورك - عه ره ب - له سنوری نیـشـتـمـانـێـکدا -ئیمپراتوریه تی - سه فه وی - عوسمانلی { به رله وانیش ئیسلامی } ئـــــه و رامیارییه ، هه ر خۆی دووایی بووه رێبازی هه موو ئه و ده وڵه تانه ی کـه ئیمپریالیزمی خۆرئاوا له پێنا و مه رامه کانی خۆیدا سنوری بۆ کێشـــان پاشایه تی عیراق - ده وڵه تی فارس - تورکیای کۆماری - سوریای ســـه رده م - هه مان رێبازی رامیاری - سه فه وی - عوسمانلیان - گرته به ر، گشتـیان باوه ڕیان به وه بو که یه کێتی له شکر = یه کێتی نیشتمان !؟

چۆن ، نیشتمان له سه ر بنچینه ی له شکر درووست ده بێت ؟ له شکرێك لــه ژێر فه رمان فرمایی ده سه ڵاتی کۆنه په رستی داتاشراوی کلاسی فــیوداڵ + بورژوا یه ك ، که له هه ره تی هه ڵچون و په ره سه ندنی بـــه رده وامدایه ، به لایه وه له شکر ته نیا ئامیرێکه بۆ هێنانه دی ئامانجه کانی ، ئامیرێـــکی

ژێردەستەکردن و زەبروزەنگ و سەرکوتکردن و چەپۆکی ئاسنینی چینەکەیەتی لە پێناو قەلاچۆکردنی هەموو ئەوەی دەکەوێتە دەرەوەی جغزی ئەو پلانەی بۆ ئامانجە چینایەتییەکەی خۆی کێشاوە، سیمای سەرەکی ئەو لەشکرە دژایەتی کردنی هەموو هەنگاوێکی شۆڕشگێڕانەیە و کوتەکی دەوڵەت و داردەستی ئیمپریالیزمە، بەکورتی و بە هەموو مانایەکەوە، لەشکرێکی بەراستی دژ بە گەل و ئامانجەرەواکانی جەماوەرە بەتایبەتی دژی نەتەوە ژێردەستکراوەکان.

بەم جۆرەش ئامانجی، فیوداڵ +بورژوا ،لەدامەزراندنی نیشتمانێك ،لەسەر بنچینەی لەشکرێکی یەکگرتوو ئاوەژو دەبێ، لەوە پتری لێنایەتەوە ،کە ئەوەتا ئیمرۆ بەچاوی خۆمان دەیبینین، جەنگی بەغدا و تەهران نمونەیەکی سەلمێنەرە، کە ئەم لەشکرانە چەندە بەتەنگەوەی ئامانج و ئاواتەکانی جەماوەرەوەن، بەم شیوەیەش ئامانجە سەرەکیەکەی بورژوا لەژێر کاریگەری رەوتی بەرەوپێشەوەچونی هەلدەوەشێتەوە لە ئەنجامدا، ئەو بارەی ناوی برایەتی و یەکسانی لێنرابوو { لە ژێر سێبەری خوا } بەهەمان شێوەی رابردوو لەتەك دامودەزگای بیروکراتی سەربازی دا بەردەوام دەبێ، کە لە ئەنجامدا، تەنیا دەشێ دکتاتوریەتی تاکەکەسی، یاخود رژێمی دیسپۆتیزمی { یا ئیسلامی رەسەن } ی لێ بێتەکایەوە، هەروەك دەبینین ئەو رژێمانە برینی خوێنین لە قەلغانی بەرگری سنگی گەلانی هاوخەباتدا بە فسفور و گازەمەرگ هەلدەکەنن ،لەوەش پتر هیچ جۆرە رەفتاریکی مرۆڤانەیان لێ رەچاوناکرێت.

لەبەرابەر ئەو بارە دڕندانەی مرۆڤایەتی لە ناوچەکە ماندا لە ژێریدا دەناڵێنی، قەوارەی سروشتی مرۆڤ بەسەر قەفی زنجیری سنورە دەستکردەکاندا دەتەقێتەوە، دیارە هەرقەوارەیەك سنورێکی سروشتی خۆی هەیە، ناکرێت لە باری بوونی سروشتی دا بچێتە ژێر جەبرەزەی هیچ سنورێکی دەستکرد، ئەوەی بەپێچەوانەی ئەوە بیر بکاتەوە، کە دەگونجێ لە ژێر کاریگەری پلەیەکی یەکجار گەرمدا یا بەستەڵەکدا پێچەوانەی ئەو راستییە بسەلمێندریت، دەبێ هۆشیاری بزوتنەوەی جەماوەر - وەلامێکی بێ گرێ و روونی لە بەرامبەریدا هەبێ! ئەگەر بێت و باوەڕی بەوە بێ کە جەماوەر مەتریال یا کەرەستەی باغە نییە.

بۆیە گەر بمانەوێت وەك مرۆڤی هۆشیار لە جەنگی عیراق + ئیران { کوردستان } تورکیا + سووریا، بگەین، هەلویستیکی ریالیستمان بەرابەری هەبێت، بەرەو پلان و بیرکردنەوەیەك کە ئاشتی سەقامگیر کات، دەبێ لە پێشەوە لە بنچینەکانی ئەم جەنگە بکۆڵینەوە، تاوەکو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان رێگەی راستی بگرێت و ئەوانەی پشگیریمان دەکەن بزانن چ ئەرکێکی قورس و بەهایان لە ئەستۆدایە.

لەو پێشەکییەدا دەبێ ئەو راستییە بلێێن، کە تەواوی کۆششی گەلانی هاوخەبات هەر لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، هەتاوەکو ئیمرۆ ئەوەی سەلماندووە کە تاوەکو مافی یەکسانی و هاوکاری گەلانی هاوخەبات لە سنوری دەستکردی ئەم چوار دەوڵەتە ژێر پێ خرابێ جەنگ ئەگەر لە رووالەتی کاولکاریشدا سەرناوێ ئەوە گرفتێکی

رامیاری بە ردە وام دە بێ ، لە نیوان دە قی ئە م بۆچوونە دا ،گیروگرفتی نیشتمانی کوردستان راستییە کە ناکرێت بشاردرێتە وە ، ئە راستییە دوو پاتە ی دە کاتە وە کە تە نیا کاتێك کوردستانێکی سە ربە خۆ دە بێتە بڕیاری کات و ساتی مێژوویی سە ردە م ، ئە و کاتە دە ڕە خسێ بیر لە ژیانی ئاشتی و سە رە تای برایە تی و یە کسانی گە لانی هاوخە بات بکرێتە وە ، بە شێوە یە کی پراکتیکی کاری بۆ بکرێت .

رە نگە پە ی بردن بە و راستییە لای هە مووکە س روون نە بێت چونکە ئە و دە قە لە گە ڵ ئە وە ی پێویستی بە بە ڵگە ی زانستی و مێژووییە، لە هە مان کاتدا دە بێ بە و برگە یە ش تە واو بکرێت ؛ ئە و خە باتە هە موو جۆرە بۆچونێکی مافی ئۆتۆنۆمی پوچە ڵ دە کاتە وە، سە لماندوویە تی کە ئۆتۆنۆمی نابێتە چارە سە ر و بنچینە ی ئاشتییە کی هە مدە م ، بە لکو سە رە تایە بۆنانە وە ی ئاشوب و جە نگی ترسناکتر ،لە نێوان ئە م دە سە ڵاتە داتاشراوانە ، دژی یە کتر و لە دژی بچوکترین ویستو داخوازی رە وای جە ماوە ری هاوخە باتدا ، ئە م نە رییە بە سە ر چارە نوسی تە واوی نە تە وە کانی نیوان ئە م سنورە دە سکردانە دا دە کشێ.

بۆیە بۆ پە ی بردن بە راستی بنە ماکانی ئە م جە نگە و جە نگی هە ریە ك لە و دە سە ڵاتانە دژی یە کتری ، دووان ، سێیان ، یا خۆ هە ر چواریان {ئە مە هیچ دوور نییە لە داهاتوودا روو بدا} پێویستە لە گۆشە نیگایە کی مێژووییە وە گرفتە کە روون کە ینە وە .

بە ر لە هە موو شتێ کە باسی ئە و جە نگە دە کرێت ، لە پلە ی یە کە مدا باس لە سنور بە زاندن دە کرێت ، لێرە شدا پرسیارێك سە رهە ڵداوێت چ سنورێك ، کامە نیشتمان ؟؟

دە گێڕنە وە لە سە ردە می کۆن لە نێوان دوو داگیرکار لە سە ر مە رزی پارچە زە وی یە ك ئاشوب و جە نگ بە رپا دە بێ ، خاوە ن زە وی روو دە کاتە ئە فلاتون ، ئە ویش دە گە ڵ کابرا دە کە وێت و بە رە و مە ڵبە ندی کارە ساتە کە دە کە ونە رێ ، کە جە نگاوە رە کان دە بیستن ئە فلاتون گە یشت ، دە ست لە یە خە ی یە کتری بە ردە دە ن ، فە لاتون داوا دە کات ، بە ردێکی مە زن لە و شوێنە ی کە سنورە دابکوترێت ، دووای ئامادە کردنی بە ردە کە ، فە لاتون لە روویە کی بە ردە کە دە نوسێ ئە وە خاکی {٢} نییە هی یە کە ، لە رووە کە ی تریش دە نوسێ ، ئە وە خاکی {٣} نییە هی یە کە ، کە هە ردوو داگیرکار دە زانن خاوە ن زە وی راستە قینە ناترسێت و سورە لە سە ر داواکردنە وە ی زە ویە کە ی ، {٣} و {٢} بی دوو و سێ لێکردن زە وی بۆ خاوە ن ماڵ بە جێ دێڵن ، ژیری و بلیمە تی بزووتنە وە ی جە ماوە ری کوردستان لە وە دایە ، بە ردێکی مە زن لە سە ر سنورە دە سکردە کان داکوتی ، لە هە رچوار لای ئە و بە ردە بنوسێ ، ئێرە خاکی کوردستانە ، عیراق - ئێران - تورکیا - سووریا نییە ! تا ئێمە خۆمان بە خاوە ن خاکی خۆمان نە زانین ، ماڵان بۆ دووژمن ئاوە ڵایە و رە وا پێدراوە ، پێ بە پێ ی نە دزن ، ئە وە بست بە بستی دە کە ن بە گۆڕە پانی جە نگ و کاولگە .

ئە فلاتون ، جارێکی تر نایە ت وانە مان بۆ دابدات ، پێویستە خۆمان لە مێژووە وە فێربین ، بزووتنە وە کە مان پارچە پارچە یە و هە ر یە کە مان

له سه ر مه رزی داگیرکارێك داکۆکی ده که ین ، نوێنه رێکمان نییه خۆی به خاوه ن ماڵ بزانی ، بۆیه ش ئه گه ر که س له سه رمان نه یه تــه وه لام ئۆباڵی سه ره کی له ئه ستۆی خۆمانه ، کورد گوته نی - مـــاڵی نه خۆری بۆ چه کمه سۆری - داگیرکارانیش زۆرچاك ده زانن له ولایه نه باخه ل به تاڵین،له دیپلۆماسیه تدا هیچ ده سمایه کمان نییه ، بۆیه ده س ناپارێزن ، که سیش ئاماده نییه کوردستان له سه ر گه لێکی بێ نوێنه ر تاپۆ بکات .

هه ڵبه ته که س نکوڵی له به یه که وه ژیانی ئه م نـــه تــــه وانـــه و دراوسێیه تیان ناکات ، له سنوری جوگرافی دیارکراویاندا ، دیـــاره زۆر به شمان ئاگاداری رابردوو و مێژووی دێرینی ئه م نه ته وانه ین ، روون وئاشکراشه ، که سووریا - عیراق - ئێران - تورکیا - گیروگـــــــرفتی -لکاندنی به زۆریان - هه یه ، چه ماوه ریکی هه مه چه شنی ئاڵوز ، کـــه ئاسان نییه زمانێکی هاوبه ش به یه که وه بنین ، هیچ گیانێکی نیشتمان په ره وه ری بۆ ئه و سنورانه له وانه به دی ناکرێت ، لــه نیوان رێبازه کانی ئاینیشدا باوه ڕی جیا جیا یان هه یه ، کلتور و داب ونه ریتیان لــه یه کتری ناکات ، به شێوه یه ك مرۆڤ باوه ڕی پێ ناکات به زنجیرێـــك کۆت و به ند کراون ، که ئه و سنوره ده ست کردانه ن .

هه روه ك ده زانین کوردستان به شێوه یه کی دانپیانراوی ده وڵـــه ته داگیرکاره کانی ناوچه که ، له رێکه وتنامه ی - زه هاو - ی ساڵی ١٧٣٦ له نێوان ده سه لاتی ده وله تی فـــارس و ئیمپراتۆریه تی عـوسمانلی دوای داگیرکردنی دابه شکراوه ، به لام ئه م رێکه وتنامه یه ، هه روه ك ته واوی رێکه وتنامه کانی به دوای یه وه مۆر کراون ، پرۆتۆکۆلی یه کجار بــێ سه رو به رن ، چاکترین به ڵگه ی ئه م گرفته ، هــه ر خۆی رێکه وتنامه که ی - شا - و - سه دام - ه { شا - دام } له شه شی ئاداری ١٩٧٥ که له خاڵی یه که می دا هاتووه :

{ ده ست نیشانکردنی سنورێکی یه کجاری ، لـــه نێوان هه ردوو ولاتدا ، به گوێره ی رێکه وتنامه ی « پـــرۆتۆکۆلی قوسته نته نییه ی ساڵی ١٩١٣ »

« هه روه ها به گوێره ی ده قی دووانه کـــانی لیژنه ی ده ست نیشانکردنی سنور، له ســـاڵی ١٩١٤ ». 

رسته ی - سنورێکی یه کجاری - هه ر خۆی له خۆیدا ، نه ك ته نیا ئه وه رووندکاته وه به لکو ده شی سه لمێنێ که تاوه کو ئه وکاته - سنورێکی یه کجاری - دیاریکراو له نێوان ئه م دوو ولاته دا نه بووه ، دیاره ئه گه ر تا ئه وکاته { ١٩٧٥ } نه بووبێ، ئیتر دووای ئه وه ش هه ر نـــــه بووه ، به ڵگه شمان جه نگی هه شت ساڵه ی- به غدا و ته هرانه -له گه ل ئه وه ی ئه م دوو ووشه یه و جه نگی هه شت ساڵه و رووداوه کانی دوای ئه مانه به ڵگه ی به هێزن له لایه نی دارشتنی یاسای نیوان ده وڵه تاندا ، دیسا وه کو به ڵگه ی پراکتیکی بۆ تێگه یشتن له گرفتی سنوره ده سکرده کان به لام هه ر به و به ڵگه یه ده س له باسه که مان هه ڵناگرین ، بـــه لکو هه وڵده ده ین ئه م گیروگرفته پتر روون بکه ینه وه .

ئه وانه ی ئاگاداری مێژووی پرۆتۆکۆل و په یمانه کۆنه کانی ، رژێـــمه

داگیرکاره کانی کوردستانن ، ده زانن که هه موو جارێك ئه مه دووباره { به گوێره ی پرۆتۆکۆلی پێشو } کراوه ته وه ، ئه وه ش بزانین که رێکه وتنامه ی ۱۷۳٦ تاوه کو رێکه وتنامه ی ۱۸٤۷ - رێکه وتنامه ی - ئه رزه رومی دووهه م - به دووای ئه وانه شدا ، به سودی هه رلایه ك کۆتابووبێت ، چاره سه ری گرفتی ئه و ولاتانه ی نه کردووه ، به لکو به شێوه یه کی کاتی بگره و به رده کانی ساردکردوته وه ، ده گه ل ئه وه شدا هاوولاتیانی کوردستان ، هه رده م دژی دابه شکردن و ژێر ده سته یی و لکاندنی به زۆر بوون ، له چاکترین باردا ئه م سنورانه یان پشت گوێخستووه .

پرۆفیسۆری یاسای نێوان ده وله تان - زانکۆی به غدا - کۆلێژی یاساو رامیاری - دکتۆر مسته فا عه بدوولقادر ، به م شێوه یه ده نوسێ :

« پێناسه کردنی سنور له گشت رێکه وتنامه و په یمانه کانی هه ردوو ئیمپراتۆریه تی فارسی و عوسمانلی ، گه لێك ئالۆزن ، هه ر له سالانی ۱۵۳۵- ۱۵۵۵ ، ۱۵٦۸-۱۵۹۰ ، ۱٦۷۲-۱۷۰۸ ، تا په یمانی - زه هاو- ۱۷۳٦ - که یه که م په یمانه ، به مانای زاراوه ی دووایی ، په یمانی -گه ردن GARDN -۱۷٤٦، هه رهه موویان دووباره له سه ر ئه وه ده که نه وه ، هه روه ك ده کیۆمێنته کانی په یمانی دووهه می ئه رزه روم یش ، دووباره یان له سه رکردۆته وه ، به گوێره ی دووانه کانی پێشو له سه رئه و بنه مایه و به یارمه تی روسیای قه یسه ری و به ریتانای مه زن، سنوره کان ده ست نیشانکراون » .

ده رباره ی هه مان رێکه وتنامه نوسه ری - بارزان و بزووتنه وه ی هۆشیاری نه ته وایه تی کورد - پیره ش - ده نوسێ :

« هه رگیز هێلێکی دیاریکراو له نێوان ئه م دوو ولاته دا نه بووه ، هیچ لایه نێکیان بۆیان نه لواوه له هیچ کاتێکدا ئه م سنورانه به ته واوی ژێر رکێف بکه ن ، نه له به رده م تاکه که س و نه له رێی کۆمه لی خه لکان و نه له رووی هۆزه کورده کان » .

دووباره ده نوسێ :

« هه موو هه ول وکۆششی ئه م دوو ده سه لاته به فیرۆچوو ، هه ر له سه رده می داگیرکردنی ناوچه ی بادینان وخۆرئاوای سوران له لایه ن عیراقه وه ، نه یان توانی بگه نه چاره سه ری ده ست نیشانکردنی سنور ، له سالی ۱٦۳٦وه تا دوا ته قه لایان،که ببوه بنچینه ی پێکهێنانی لیژنه یه کی چوارقۆلی - فارسی - تورکی به ریتانی - روسی که ده س به کاربوون له سه ر بنچینه ی پرۆتۆکۆلێ ، که هه ردوو

ده وڵه ت مۆریان کردبوو ، بــــه ڵام جه نگی یه که مینی جیهانی و ئه نجامه کانی ڕێــکاری ئه م کاره یان گۆڕی ، ته نیا له نــــاوچه ی خوارو نه بێ سنور هیچ به شێکی تـــــری کاری بۆنه کرا »

له کاتێکدا دوای سه ده یه ك و چوار ساڵ ، به رده وام مشتومڕو کارکردن هه روه ك سه رچاوه یه کی تر باس ده کات ، ده وڵه تی فارس و تورکیای عوسمانلی - له ژێر چاوه دێری روسیای قه یسه ری و به ریتانیای مــــه زن ئه و پرۆتۆکۆله یان مۆرکرد ، که به په یمانی ئه ره زه روم نـــــــاسراوه ئه مه ش دوای ئه و گیروگرفتانه بو که دووباره له ساڵی ۱۹۱۱ سه ریان هه ڵدایه وه ، له شاری تاران ، دیسانه وه له سه ر بنه مای { بۆ ئــــه وه ی بناخه یه ك دابنرێ بۆ ده س کردنه وه به ووتو وێژ } له پێناو { ده ســـت نیشانکردنی سنور له نێوان هه ردوو وڵاتدا } . که گرنگترین خاڵه کانی سێهه میانه ، تێیدا تۆمار کراوه :

« کارکردنی هاوبه شی هه ردوو که میسیۆن که له ئه ستانه{ئه سته مبول} کۆده بنه وه پـــه یوه سته به و ماکانه ی که به په یمانی ئه رزه رومی ساڵی - ۱۸٤۷- ناسراون ».

به م شێوه یه له نیوان - ۲۵ ـی ئاداری ۱۹۱۲ تاوه کو - ۲۲ - ی ئـــــــابی هه مان ساڵ ، ئه و کومیسیۆنه ده جار کۆبوه وه ، له و ده کۆبونه وه یــــه دا به هۆی سووربونی فارسه کان له سه ر چه ند خاڵێك ، به هیچ ئه نجامێك نه گه یشتن ، ئه و کاته به ریتانای مه زن و گه لێ ده وڵه تی تریش بــــه گه رمییه وه خه ریکی ده ست خستنه ناو کاروباری ناوچه که بون ، بـــه م شێوه یه گیروگرفته که له نێوان زه وی قرم و ئاسمانی به رژه وه ندی دا مایه وه ، تاوه کو کۆتایی جه نگی یه که مینی جیهانی ، له و کاتیشـــــــدا به ریتانیای مه زن چه ند په یمانیکی دووقۆلی له گه ڵ ده سه ڵاتـــدارانی ناوچه که به نه هێنی مۆرکردبوو، که به«په یمانی چوار ده وڵه تـــــان» ناسرون.

## بگره وبه رده ی سنور دوایی جه نگی یه که می جیهانی:

به ریتانیای مه زن ، به تایبه تی بۆ مسۆگه رکردنی ده سکه وته ئابوریه کانی جۆکه ری سنوری به ئاره زوی خۆی له پێره کاندا جێ گۆڕکێ پێ ده کرد ، له کاتێکدا - نوری سه عید - پادشای عیراق ، پێش ئه ویش شـــــای عیراق فه یسه ڵ - داواکانی ده وڵه تی فارسیان داوه دواوه ، هه ر له شـــه شی ئاداری ۱۹۳۷ په یمانیکی نوێ به سترا، که به گشتی نه ته وه کانی نیوان ئه م سنوره ده سکردانه بێزاری خۆیان به رابه ر ده ربڕی ، خه ڵکی ئه و وڵاته ی که به عیراقی ساغ نه کرابونه وه ، وڵاتی فارس که له نوێ وه نـاوی نرابو ئێران ، دژی ئه و په یمانه نابه دڵی خۆیان راگه یاند ، {هه ڵبه تـــه ده وڵه تی فارس ، له ژێر ته وژمی فاشیزم - ئاریزم - ی ئه ڵمانیا ، بـــــه مه به ستی رامیاری ناوی گۆڕدرا ، ده نا ووشه ی ئـــــــــــێران هیچ په یوه ندییه کی به و سنوره ده ستکردانه وه نییه } لێره دا ئـــــه وه ش

بێنینه وه یاد ، که ئه و داوایانه ی – فه یسه ڵ و نوری سه عید – بـــه ر
په رچیان دایه وه ، هه مان ئه و داوایانه بوون که له هه مان رۆژی شه شی
ئاداری ١٩٧٥ سه دام حوسه ین به بێ سێ و دوو مۆری کردن ، ئـــه وه ی
ره چاویش نه ده کرا ئه و هه ڵوێسته یه کجار سارد و سڕه ی جه ماوه ری
هه ردوولا و بگره ناوچه که و ته واوی جیهان بو له به رابه ر ئه و باره و
ئه و رووداوانه ی به دواوه ی دا هاتن .
له سالی ١٩٥٠ تاوه کو ١٩٦٩ ئێرانی ناونراو و عیراقی ســـاغ نه کراوه
{ بۆیه ده ڵێین ساغ نه کراوه ، چونکه ئه و به شه ی کوردســـــتان که
به عیراقه وه لکێندراوه له سه ره تادا بۆ ماوه ی ٢٥ ساڵ ، به شێوه یه کی
کاتی نرابوه ژێر چاوه دێری به ریتانیا و فه رمان ره وایی عیراق } دیســا
به گه رمی گیروگرفتی سنور له نێوانیاندا به رپابوو، تا ئه وراده ی شـای
ئێران له سالی ١٩٦٩ په یمانی سنوری هه ڵوه شانده وه ، ئه وه بو ســالی
١٩٧٥ له سه ر مه رگی شۆڕشی کورد و زه فار و لاشه ی هه زاران هه زار
شه هید ، په یمانی نوێی عیراق و ئێران ئیمزاکرا ، کـــه له ٢٢ ی
سه نتیابه ری سالی هه زارو نۆسه دوهه شتا له لایه ن رژێمی عیراقـه وه
هه ڵوه شێندرایه وه .

## هاوولاتیانی کوردستان له پێناو ئازاد بوون له پلانه کانی داگیرکردن ودابه شکردن ولکاندنی به خورتی وخه بـــات ده که ن ، ئه وه ش یانی خه باتێکی نیشتمانی و نه ته وایه تی به رده وام

له پێناو ئازادی و رزگاری نیشتمانی کوردستان ، دژی پلانی داگیر کــردن و
به خورتی لکاندن خه باتی سه خت کراوه ، لێره دا تایبه تمه ندییه کانی به مێژووی
چه ندین سه ده سالی رابردوودابینینه وه ، به لام ده شێ به کورتی بـــڵێین :
هێرشی موحه مه دییه کان بۆ سه ر کوردستان ، بۆشاییه کی گـــه وره ی
خسته نیوان ژیاری کۆنی کوردستان و ژیاری سه رده می هه لسانه وه ی،
که رووه نه ریه کانی تا ئیمرۆش به رده وامن و رۆڵیان له چاره نوسی
هاوولاتیان ونیشتمانی کوردستاندا دیاره و تا ماوه یه کی تریش کاریگه ری
به رده وامی ده بێ }.
له به ر کورتی ماوه لێره دا ، بۆ به ستنه وه ی گرفتی سنوره ده سکرده کان
به کرۆکی باسه که مانه وه ، راسته وخۆ ده چینه ناو باسی به شـــکردنی
کوردستان له نێوان دوو ده وڵه تی داگیرکاری -عوسمانلی – سه فه وی -که
له راستیداجۆری سیسته می فیوداڵ رۆڵێکی کاریگه ری بووه له سه پاندنی
ئه م باره ناهه مواره به سه ر هاوولاتیانی کوردستان ، پێویستی بـه شی
کردنه وه ی { ئابوری + مێژوویی } یه .به شێوه یه کی سه ره کیش فـژاری
بوونی سیسته می فیوداڵ له کوردستاندا و له ژێرڕکێفی ده سه لاتـــی
بێگانه دا، به هۆی ئه وه وه ئه م فژاری بوونه گیروگرفتی یــه کجار
مه زن له هه ر کۆمه ڵگایه کدا دروستده کات که دووچاری ئه م جۆره بـاره
بێت « جاوه نه بێ گێلی سه رکرده وساکارییان ،یاکه مته رخه می یان هۆی
سه ره کی تێکشکاندنی راپه رینه کانی سه رده می فیوداڵ بن »گێڕانه وه ی
سه رنه که وتنه کان و خۆ ده ربازکردن له راستییه مێژوویه کان به چه ند
وشه ی وه ك « گێلی وکه مته رخه می و تێنه گه یشتن ی سه رکرده کان له

راستی رووده و رووداوه کانی رابردوو » له راستیدا ته نیا یه ك شـــت ده سه لمێنێ ئه ویش « گێلی و گه مژه یی و که مته رخه می ئـــــه و نوسه رانه یه » به هۆی ئه وه وه ئه م تێشکان و سه رنه که وتنانه ره گی مێژوویی و قول و راچوویان به ناخی جۆری سیسته می فیودالْدا چوْته خوار - هێزه کانی به رهه م هێنان - ئامیره کانی به رهه م هێنان - پـه یوه ندییه کانی به رهه م هێنان - له پله ی هه ره سه ره کیشدا -سودی زه وی واته قرمی جوتیار له فراوانکردنی زه وی وه ك مافێکی ســـروشتی و ده ربازبوون له چه وساندنه وه ، هه ل به ده س هێنانی چینی فیودالْ له و باره و سود وه رگرتن له و هێزه ی جوتیاره کان ده ی خه نه گه ڕ له پێناو فراوانکردنی زه وی ، به شێوه یه کی تر له پێناو فراوانکردنی ده ســه لاتی ناوچه یی یان ، ئه وجا له سه رووی هه موو ئه مانه وه ده ولْه تی بنکه یی داگیرکار ، به سود وه رگرتن له ته واوی ئه و باره له پێناو فراوانکردنی ده سه لاتی ده ولْه تی له ده ره وه ی سنوری نه ته وایه تیدا ، ئــه م باره تێکڕا یه ك هۆی بنه ره تی کوْی ده کاته وه، لێره دا له گۆشه نیگای هــه ر یه ك له و سێ هێزه ، هه ر لایه و ره چاوی به رژه وه ندی خۆی ده کـات ده ولْه ت ، فیودالْه کان ، جوتیاره کان .
بێگومان قرمی جوتیاره کان له پێناو فراوانکردنی زه وی بۆده سته به ری پترکردنی به رهه مه ، چونکه هه ر له سه ره تاوه له نێو کۆمه لـــگای فیودالْی کوردستاندا ، تایبه تییه ك هه بوه ، که ئه مه یانه :
جوتیار هه رچه نده به روالْه ت خاوه ن زه وییه ، به لام ئه و زه وییـه ی که کاری تێیدا ده کات هی خۆی نییه { واته خاوه ن زه وی نییه } لــــه به ر ئه وه هه ول ده دات هێندیك پتر له و به شه به رهه مه ی خـــۆی به رکه وێت ، له به رامبه ر هه مان رووبه ره زه وی ، که کاری تـێدا ده کات ، که ئه مه ی بۆ ناره خسێ ، روو له پرۆژه یه کی تر ده کات ، واتـــه هه ولْده دات زه وی پتر داچێنێ و به رهه م پتر بـــــکات ، لێره وه ش فیودالْه کان هه لی لێ وه ده س دێنن ، مادامه کی به هه زاران جـــوتیار گه ره کیانه زه ویان پتربێ ، که واته له شکرێکن ، هێزیکن بۆ فراوانکرنی ده سه لاتی ناوچه یی ! وه نه بێ ئه م باره به سودی جوتیاره کان کۆتابێت به لکو به پێچه وانه وه ، چونکه سیسته می فیودالْ به فراوانکردنی زه وی نه ریته کانی خۆی له ده ست نادات ، به لکو به ره وخه ست بوونه وه وتیری ده ڕوات ، دیاره جوتیاره کان له پێناو مافی سروشتی خۆیان هه ولْده ده ن که ئه مه یانه { مادامه کی به رهه م پێویستی یه کی ژیانه ، مادام ده توانێ کاربکات ، هێزی به رهه م هێنان -له پله ی یه که مدا - ده بێ زه وی ده سته به ربکات} به لام له ئه نجامی ئه وه دا که ئه م پرۆتسێسه ئــابوریه+ کۆمه لایه تییه شێوه یه کی راسته وخۆی گه شه کردن ناگرێته به ر و له ژێرڕکێفی ده سه لاتیکی رامیاری + ئابوری ده ره کی دایه به ئامانـــجی سه ره کی خۆی ناگات .
هه لبه ته زۆرهۆی کاریگه ری تر، وه ك : بازرگانی ده ره وه وناوه وه ی ناوچه فیودالْیه کان ، ئاستی پێشکه وتن و نوێ بونه وه ی ئامیره کانـــی به رهه م هێنان ، رۆلْی گرنگ ده بینن له سه رکه وتن و یه کێتی بـــه ره ی جوتیار و فیودالْ دژی ده سه لاتی بنکه یی - ئیمپراتۆریه ت ، به لام بـلاچی له پۆپه ی هه ره می ئه م پرۆتسێسه مێژووییه هاوولاتیانی کوردستان

بۆیان نه لواوه ببنه ئه و هێزه یه کگرتوه ی له سه ر ئاستی نیشتمانی سنوری تایبه تی خۆی دیار ده کات ، ئه و نه هێنییه چییه له ژێر خانه وه هه لقولاوه ؟

ئه و نه هێنیه هه ر خۆی له و ره گه دایه که باسمان کرد - سودی زه وی - راپه ڕینی جوتیاره کان ، خه ست بوونه وه ی ده سه لاتی ناوچه یی ، لێره دا ئه و هێزه تێکه ل به فاکتی ژێرده سته یی سه دان ساڵه ده بێته وه ، باری په ره سه ندنی کۆمه لگا له ژێرڕکێفی ده سه لاتی - سه ربازی + ئابوری - بێگانه دا پتر له هه موو کاتێك خۆ ده رده خات ، له راستیشدا هه موو گه شه کردنێکی ئیفلیج { شێوێندراو } رامیاریه کی ئیفلیجیشی به دواوه دێ کۆمه لگایه ك سه ره رای هه موو ره نج و کۆششێکی به رده وام له ژێر زه بری چه وساندنه وه و برسیه تی دابێ ، بیرکردنه وه ی نه خۆش و پلانه کانی پوچه ل ده بن ، بۆیه ده بینین فیودالی کوردستان هه رگیز نه ی توانیوه یه کێتییه ك له فۆرمی پاشایه تی دا پێك بێنێ ، زۆر به ئاسانی له لایه ن ده سه لاتی بێگانه -داگیرکار -کۆنترۆل کراوه ، یاخود که وتونه ته دووسه نگه ری و دژایه تی کردنی یه کتری،دووباره بوونه وه ی ئه م باره و به رده وام بوونی بۆ ماوه ی سه دان سال ، نه خۆشیه کی سایکۆلۆژی له ده رونی تاکی کۆمه لگادا دروستکردوه ، له ئه نجامی نه بوونی چاره سه ری و جێگریك بۆ هه لوه شاندنه وه ی پلانه کانی داگیرکار ، دووباره بوونه وه ی - نمونه که - ئه م دیارده سایکۆلۆژییه له ده رونی تاکه کاندا وه کو نه خۆشی تیراوه ی لێهاتووه و به رده وام سه رهه لده داته وه ، ده کرێ ناو بنرێ نه خۆشی - یا - تیراوه ی دووژمن په رستی - ئه و باره ده رونی یه ئالۆزه ئه نجامی ژێرده سته کردنی کۆمه لگای کوردستانه له لایه ن دووهێزی بێگانه که به رده وام هێزه کوردستانییه کانیان به گژ یه کتری داکردووه ، له وه ته ی دروست کردنی ده وله ت و ده سه لاته نوێ یه کانی - سوریا - عیراق - ئێران - تورکیا - ئه م نه خۆشی یه پتر گه شه ی کردووه، زۆرتر زیندوویه تی وه به رخراوه له رێگه ی پترکردنی ده سه لاته داگیرکاره کانی کوردستان ، به شێوه یه ك گه ر سه رنجبده ین ده بینین زۆربه ی هێزه کانی کوردستان به شێوه یه کی نووێ له و جغزه به تاله دا ده سوڕێنه وه که به ر له چه ندین سه ده سال پێش ئیمڕۆ، جوتیاره هه ژاره کان و فیودالی ئیفلیجی کوردستان تێیدا ده خولایه وه ، ئه وه تا ئیمڕۆ ، نه ك دوو ناوچه ی فیودال ،به لکو دوو پارت دووبه ره ، ته نیا دوو تاکی کۆمه لیش { هه ر چه نده باسی زانست و تیور یش ده که ن } له بوارێکی نه ختی والادا ناتوانن به یه که وه کاربکه ن و زمانێکی هاوبه ش به یه که وه بنین - تکایه بۆ رونتر تێگه یشتن له دووباره بونه وه ی { نمونه که } سه رنجی لاپه ڕه کانی به شی دووهه می ئه و باسه بده .

که واته به هۆی قولی و کاریگه ری بنه ماکانی داگیرکردن و گه شه کردنی کۆمه لگای کوردستان له ژێرڕکێفی ده سه لاتی بێگانه دا ، که به ر له دابه شکردن و له گه ل داگیرکردن و دووباره دابه شکردنه وه ی کوردستان وه کو هۆیه کی ده ره کی له ته ك هۆیه ناوه کییه کان په ره ی سه ندوه هه روه ك خۆی هۆیه کی ناوه کی بێ ، له دیارده ی بازرگانی ناوه وه و ده ره وه ی کوردستاندا ، ئه و کاریگه ریه زۆر روون و ئاشکرایه و

به ردوام ته گه ره بوه له رێگه ی سازدانی موگناتیسی هاوئاهه نگی کوردستانی ، به لکو گۆپکه کانی به رده وام دژی یه کگرتن و پێکهاتن بوون ، هه تا له سه ره تای سه ده ی بیسته میشدا، کوردستان نه ی توانی وه ك ناوچه یه کی ئابوری سه ربه خۆ تێکه ڵ بازاری سه رمایه داری جیهانی بێ و بنکه ی ده سه ڵاتی ناوه ندی خۆی هه بێ ، هه رچه نده مه ڵبه ندێکی هه ره گرنگی پترۆڵ یش بوو، چونکه فاکته کانی داگیرکردن و دابه شکردن هێنده کاریگه ر بوون بوونه هۆی زاڵکردنی لکاندنی به خورتی کوردستان به ده وڵه ته کانی - فارس - تورکیا - عیراق - سوریا -ئه و فاکتانه له راستیدا به رماوه ی فیوداڵ بوون ، که له لایه ن داگیرکاران و ده وڵه ته خاوه ن به رژه وه ندیه کان ، گیانی زیندووبونه وه یان به به ردا کرابوه وه ، له پێناو به رده وامیدان به پاراستن و پارێزگاری ده سکه وته ئابوری یه کانی ده وڵه ته به رژه وه ندی داره کان .

خه سته ی تێگه یشتنمان له و بابه ته و پاشکۆ مێژووییه که ی ، واته به خورتی لکاندنی کوردستان ، گه وره ترین و تاڵترین و ساماناکترین کاره ساتی سه ده ی بیسته می هاووڵاتیانی نیشتمانی کوردستانه ، نیشانه یه کی هه ره دیاری سه رنه که وتنی دیپلۆماسییه تی نیشتمانی کوردستانه له کۆڕی دیپلۆماسییه تی جیهانی نێوان ده وڵه تان ، تا ئه و چرکه یه نه وه به دوای نه وه تاڵی پێوه ده چێژن ، هه رچه نده له به رابه ر ئه و پلانه دا هاووڵاتیای کوردستان چه ندین راپه ڕینیان به رپاکردوه له پێناو سه ربه خۆیی و گه یشتن به ئامانجه کانیان سه خت تێهه ڵچون ، بۆ پیاده کردن و هێنانه دی به نده کانی { سیڤه ر } ته قه لای زۆریان خستۆته گه ڕ، به لام هه موو ئه مانه زۆرکز تر و لاواز تر بوون له وه ی له سه رکه وتنی دیپلۆماسی و رامیاری داگیرکاران به تایبه تی به ریتانیای مه زن ، رێگه بگرن ؛ « له پێناو دڵنیاکردنی هه موو خاوه ن ویژدان و نیازپاکه کان ، به راهێنان و باوه ڕهێنان و ده سته مۆکردنیان به پابه سته بوون به ده وڵه ته کانی -به غدا - ته هران-دیمه شق -ئه نقه ره کاریگه ریه کی مه زنی کرده سه ر ئه و بڕیاره ی «سیڤه ر» و هه ڵی وه شانده وه ، ئه وه بو له په یمانی «لوزان» ئیتر گرفتی کوردستان ناوی له هیچ کونجێکدا نه ما ، به و شێوه یه ی که ئیمرۆ خۆمانی تێیدا ده بینین، ده بینین کاره ساته که جێگه ی خۆی له شانۆی تراگیدی مێژووی کوردستاندا کرده وه .

ئه و ده وڵه ته سنورکێشراوانه ، که له بنچینه دا ره نگدانه وه ی به رژه وه ندییه ئابوری+ رامیاری -یه کانی ئیمپریالیزمن ، به خورتی به رژێم و یاسا و سنوره وه به سه ر کوردستاندا سه پێندران ، له گه ڵ کشانه وه ی به رواڵه ت راسته وخۆی ئیمپریالیزم له ناوچه که { دوای په روه رده کردن و به هێزکردن } نا په سندترین توێژی چینی بورژوای نه ته وه سه رده سته کان ده ستی به خۆ راگه یشتو که وته به گه ڕخستنی رامیاری تواندنه وه ی نه ته وه یی ، ڕێ گرتن له هه موو جۆره پێشکه وتنێکی کۆمه لایه تی + ئابوری هاووڵاتیانی کوردستان ، په یمانی ره شی پیرۆزی نیوان ده وڵه ته داگیرکاره کان دژی خه باتی نیشتمانی کوردستان که وته گه ڕ و پلانی له نێو بردنی هه رچی بایی مرۆڤایه تییه پیاده کرا ، رێگه ی به -تورك - عاره ب - فارس - کردنی کوردستانیان

گرته به ر، په یمانیکی ره شیان پیاده کرد له پێناو پاراستنی سـوود و به رژه وه ندییه کانیان ، به پشتگیری و یارمه تی رامیاریه کی جیهانـی نه خشه کێشراو، کوردستانیان کرده ده ریاچه یه کی خـوێنین، قه سابخانه یه کی داخراو ، ماوه ی حه فتا ساڵ ده بێ ته نیا نـاوی کوردستان له ئه تڵه سی جوگرافیشدا چاپ ناکرێت ، به هه موو شێوه یه ك هه وڵدراوه کوردستان و گرفته نیشتمانی یه ره واکه ی هـاووڵاتیانی کوردستان سورگوم بکرێت و شینه ومۆره ی لێبدرێت ، هه ڵبه ته ئـه م به رده وامییه ی ده سه ڵاته بنکه یی یه کان به بێ یارمه تی و کـۆمه کی ناوه خۆ نه بووه ، به تایبه تی پاشماوه ی فیوداڵ له وانه ی تـاوه کو ئیمرۆش له خوده وه نه خۆشی سایکۆلۆژی دوژمن په رستی شـپرزه ی کردون ، روون و ئاشکرا دیاره شۆڕشی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان دژی هه موو ئه و هێزانه یه که ئامانجی سـه ره کیان هێشتنه وه ی کوردستانه به ژێرده سته یی و به رده وامیدان به مانه وه ی کوردستان به لکێندراوی و دابه شکراوی ، که تاکه رێگه یه بۆگه یشتن به ئامانج به هه موو مانایه که وه جه نگی سه ربه خۆی نیشتمانییه ، ئیمرۆخه بات له سه ر ئاستی نیشتمانی کوردستان نه بێت ، به هیچ ئامانجێك ناگات هه روه ك سه رده می فیوداڵ چۆن ده سه ڵاتی بنکه یی سوودی له راپه ڕینی جوتیاران ده چنییه وه ، هه رئاوه هاش ئیمرۆ داگیرکاران و ئیمپریالیزم له شۆڕشی هاووڵاتیانی کوردستان هه مان سوود ده چننه وه ، نمونه ی هه ره ئاشکرا و به رچاو هه ڵویستی شۆڕشی ئه یلول و بـه رده وامی ئه و کاره ساته یه که تا وه کو ئه و ساته ش زۆربه ی جه ماوه ری لـه و گۆشه دا گیرکردووه ، زۆر به سه رسامییه وه بپرسن : ئـایا مێژوومان هه ر خۆ دووباره کردنه وه یه ؟؟

بێگومان .....نه ! نه خێر ! مێژوو خۆی دووباره ناکاته وه ! به ڵام خـۆی دووپاته ده کاته وه ! رووداوه کانی مێژوو ، گـرفت و رێبازه کان ، فاکته کان ، پتر روون و ئاشکراده کات ، به لکو ده یـان سـه لمێنێ و ئیسپاتیان ده کات ! به داخه وه تراگیدیا به دوای تراگیدیامان بـۆ به جێد یڵێ! سوڕی دووباره بوونه ی مێژوومان له بنه ره ته وه دووژمنه سه رسه خته کانی کوردستان نه خشه یان کێشاوه ، له پێناو ناچارکردنمان به چۆکدادان له به رده م ئه و چاره نوسه ، خۆ به ده سته وه دان بـه و دیماهیه ی که ده بێ هه ر بێت و باوه ڕهێنان به وه ی که ده رچون لـه و بازنه یه دا کارێکی بێهوده یه ، ده بێ له کۆتایدا ، ببینه - تورك - فارس - -عه ره ب - له بواری پرۆسه ی سه ره تایی بون به تورکیایی - ئێرانی- عیراقی - سوریایی - دژ به هه موو هه ست و نه سـتێکی نیشتمان په ره وه ری و ولاتپارێزی بۆ ئه و خاکه ی که دایـنگه مانه .

واره چاو ده کرێت ، که عیراق و ئێران وتورکیاو سوریا ، دژی هێزه کـانی بێگانه و وابه سته بون به رۆڵی ئیمپریالیزمی جیهانی ، جه نگی مه زنیان به رپاکردبێت و رێگه ی خه باتی سه ختیان گرتبێته به ر ، به ڵام راستی ته واو پێچه وانه ی ئه م ره چاو کردنه یه ، مێژووی رزگاری ئه م وڵاتانه سه ربه خۆییان ، چۆنیه تی به ده ی هێنانی ئه ندامی یه تیان له کۆمه ڵه ی گه لاندا ، دواتریش له نه ته وه یه کگرتووه کاندا ، ئه وه ده سه لمێنێ ، کـه ئه م ده ستکه واتانه یان له رێگه ی ده ستبه سه ری و دامه زرانـدن و

گۆشکردنی ئه و ده سه ڵاته ناوچه ییانه بو ، بۆ ئه رکی ستراتیژی یاساوڵی پاراستنی به رژه وه ندییه - ئابوری + رامیاریی یه کانی ئیمپریالیزمی جیهانی ، له راستیدا له نێوان ئه واندا ته نیا خه باتی نیشتمانی کوردستان و هه موو ئه وانه ی له سنوری ئه م سنوره ده سکردانه دا دانیان به و خه باته ره وایه ناوه ، به رپه رچده ره وه ی لکاندنی به خورتی و رامیاری تواندنه وه ی هاووڵاتیانی کوردستان و شینه ومۆره کردنی گرفتی نیشتمانی کوردستان بوون، تاکه هێز بوون له کۆری خه باتدا ، له پێناو گێرانه وه ی ئابرووی تکاوی مرۆڤایه تی له م سه ده یه ماندا ، ته نیا به سه رکه وتنی خه باتی نیشتمانی کوردستان ، رێبازی رامیاری ریالیست سه رده که وێ و مافه مرۆڤایه تییه کانی جه ماوه ری ده ست به سه ری سه دان ساڵه مسۆگه ر ده بن .

به ڵام به داخه وه ! له و جیهانه ی که سه رۆکه هه ره دیاره کانی ، داوای رامیاریه کی ریالیست ده که ن ، بێ سود ترین کرده وه ی مرۆڤانه له گۆشه نیگای ئه واندا به تایبه تی « وه زاره تی به رگری » خه باته ! بۆیه له ساڵی ١٩٦٣ پلانی { کاملیۆت پرۆژێکت Kamiluot Project } شه ش ملیۆن دۆلاری بۆته رخان کرا ، له ته ك کۆمه ڵێك له پسپۆرانی کارامه ، له ژێر چاوه دێری « وه زاره تی به رگری ئه مه ریکا » که وته کارکردن ، ئه م پرۆژه یه له بنچینه وه بۆ لێکۆلینه وه یه له چۆنییه تی خه په کردنی شۆرش ، راگرتنی پارسنگی هاوئاهه نگی په یوه ندی یه کانی داگیرکاران له جه نگی ئا شکرایان دژی یه کتری و رێکخستنی هاوکاریان له دژایه تی کردنی بزووتنه وه ی رزگاری خوازی نیشتمانی کوردستان { له ساڵانی دوای حه فتاکانه وه ئه و شه ش ملیۆن دۆلاره خه رجی چه ند هه فته یه کی ئه م پرۆژه یه بو ، که به گه رمییه وه کاری ده کرد بۆ خه په کردنی شۆرشی ئه یلول له به شه لکێندراوی کوردستان به عیراقه وه ، هه ره سی ١٩٧٥ به شێکی ئه م پرۆژه یه بوو، ئێستێکه ، جگه له بوده جه ی ده قات هێزی تایبه تی سه ربازیشی بۆ ته رخان کراوه } ئه و هێزه ده وڵه تی یه ی ئه مه ریکا + ئینگلته را+ فرنسا و لایه نه کانی تر پێشنیایان کردوه ، بۆ یارمه تیدانی « کورده کانی عیراق » له نێو کوردستانی لکێندراو به تورکیاوه له سه ربازگه دا دامه زرێندراون ، به شێکی پلانی« پرۆژه ی کاملیۆته » و له پیاده کردن دایه ، به ئامانجی پتر ئاڵۆزکردنی خه باتی نیشتمانی کوردستان ، که ئیمرۆکه له ته واوی کوردستاندا له گه شه کردن دایه ، به هیوای له بارچواندن وخه په کردنی شۆرشی نیشتمانی کوردستان له سه رتاسه ری کوردستاندا ، به تایبه تی له به شه کوردستانی لکێندراو به تورکیا ، که گه شترین سیماکانی ئه م خه باته ی به خۆه گرتووه .

# ئەفسانەی
# قەڵای ئاگرین

هەواڵنامەی کێڤ

.لە کاتێکدا جیهان لەسەردەمی ئازادی گەلاندابــــە و . بەبێ وەستان بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێ . . . . . . . .
دووژمنانی ئازادی کورد و کوردستان بە پێویستیان زانی گەلی کورد پێش بەمەرجی هەنگاوێ بەرەو دواکەوتن . . . بەشداری بکەن . . . بەشێوەیەك هەروەك نەبێت ، لەوانەی دۆستی دووژمنی مێژوویی چەوساوەکانی کوردستانن بــۆ ئەم نابەشداریەو ئەم هەنگاوە ← !!! پاشەو پاشــــە کۆبوونەوەو ئەنجومەنێکیان پێکهانی بەناوی ئەنجومەنـــــی ئۆتۆنۆمی "A.O" ـ ئــــە ئــــۆ ـ کە بەم ناوە لـــــە کوردستان ناوبانگی زڕاوە .
راستیێ کەدەبێ هەموو خەڵکی پێی بزانن ئەوەیە کە چارە نووسی هەر ئەنجومەنێکی ئۆتۆنۆمی لە کوردستاندا . . . هەرگیز لەم چارە نووسەیان بلندتر نابێ . . . بەلکو ئـــەم جارەیان لەچاو داهاتور . . . . داهاتووشیان پاشایەتی دەبـــێ لەچاو کۆتاییان !!!!!!!!!

رێژنە.

«بەشی دووهەم»

سەرلە ئێوارەی هەمان...... هەمان ڕۆژبوو ئێستگەیەك - لە چیاکانی کوردستانەوە -لە ڕاپۆرتێکدا دەربارەی کوردستانی بەزۆر لکێندراوبە عیراقەوە ، دووای باسی گیروگرفتە ئابوریە کۆمەلایەتییەکانی خەلکی چەوساوەی - کوردستان - دووای شی کردنەوەی لایەنەکانی ئەم گیروگرفتە، بە دووروو درێژی لە و ڕاپەرین وخۆپیشاندانانە دووا کە لە ئەنجامی تەوژمی چەوساندنەوە وزە بروزەنگی دارگیرکەر، خەلکی چەوساوە دژبە دەزگاکانی دەوولەتی بەرپایان کردبوو،بە تایبەتی باسی ئەو بەیەکداچونەی کرد کە لە نێوان خەلکی ڕاپەریوی شار و داموودەزگای فاشی یەکانتەقی بووەوە.....کە لە ئەنجامدا چەندین هاوولاتی بە دەستڕێژی بەعسییە فاشی یەکان- بف - شەهیدکرابون......لەوانە باسی قارەمانی یەتی کرێکارەکانی کارگەو ئەو کچ وکوڕە کرێکارەی......لە ئێوارەی ڕۆژی خۆپیشندانەکە لە نزیك بالەخانەی پۆستە لە ناوەراستی شەقامی سەرەکی دەوری قەلا بە دەستی مرۆڤکوژە بەعسییە فاشی یەکان شەهیدببون......!

جگە لەوە.....لە سەر زمانی خەلکی شار وا بلاوبوەوە کە - ئەنۆ-وسەرۆکایەتی-ئەنۆ-شەوی رابردووتاك تاك لە ئاودەستخانەو، بەجوتە لە بانیۆ،بەرەوە لە کۆریتی جوجەکان شەویان کردۆتەوە ڕۆژ!وەك چۆن دەوترا فۆتۆگرافەکەی سەرۆك ئەنجومەن- ئێستا لە کاتێکدا بە ڕێزپارێزگاری شار دەرپێی پێدادەکە نێ..جوانترین وێنەی، فۆتۆگرافی سەرسام کەرە ، لە ستۆدیۆکانی بازاڕدا بە هەزارەها پۆستکارتی لە سەر دەگیردرێتەوە،بە هۆی ئەوەی خەلکی شار بە مرادەوەن سەرو دانە یان لێی دەست کەوێ......بە ماندووبونێکی زۆر نەبێ وەچنگیان ناکەوێ، دیسانەوە واباوە کە هەرچەندە پێشنیاێك کرابوو، کە هەرلە کارگەی مریشکەوە ، بە سواری هەلیکوپتەر، بۆهاوینەهەواری پیرمام یا شوێنیکی نەزانراوبفڕن ، بەلام بە هۆی ئەوەوە لەوە ترساون کە ئەم هەرایە بگاتە هاوینە هەوار...یا هەر شارێکی تر،دیسانەوە لە بەر ئەوەی شەو یان بەسەرداهاتووە،رەنگە لە شوێنی نەزانراویشدابەم شەوە تووشیان بە تووشی شەوەوە بێ ، بە هۆی ئەوە شەوە،شەوە بە شەولە هەمووشوێنێکدا هەن..لە ئەنجامی کۆبونەوەدا بڕیاریاندا ، شوێنەکانی خۆیان کۆریتی جوجەلە ،بانیۆ،ئاودەستەکان چۆل نەکەن تاماوەیەکی دیارنەکراوشوێنەکانیان بەرنەدەن!دوای ئەوەی یارمەتی یەکی یەکجارزۆریان لە هێزی تابیەتی_قخ_قوات خاصە_پێگەیشت ودلنیابوون لەوەی چواردەوریان تەنراوە ، هەروەها خەلکە کە دەلێن ئەمین عامی ئەوقاف -ئەع ئە-بەدەم بێ هۆشیەوە ، دوێنی شەولە یەکێ لە ئاودەستەکاندا سروشی بۆهاتوتە خوار ،دەنگیان داوە کە پێشنیایێك بکات، لە ورۆژەوە بەدوواوە ،لە هەرشوێنێکی ئاوهادا ئاودەستێك درووست بکرێت بەشی ئەوە بکات کۆبونەوەکانی- ئەنۆ-ی تیائەنجامبدرێت!

ئەمەو واباوە کە لە نێو ئەووێنانەی کە وتۆنەدەستی خەلکەوە ، بەکرە یەك فلیمی ڤیدیۆیە،کە کۆبونەوەنهێنیەکەی-ئەنۆ-ی تیاتۆمارکراوە ،لە کاتێکدا بە ڕێزان بە روتووقووتی وەستاون.......بە ڕێز- ئەع ئە - لە ناوەراستا.....بە کە واوسەلتە وتەڕبوشی سورەوە.....دەردەکەوێ،لە کاتێ پێشنیایی کردنەکەیدا یەو.........!!!!!

ڕاستی ئەم ڕووداوە وئەو دەنگوباسانەی کە بە دوایەوە هاتن،سەرەتاکەی لە دوێنی بەیانی یەوە دەستی پێکرد :

دوێنێ بەیانی......هەرلە زوویە کە وەوا دیاربوو،ڕۆژەکەی ئێجگارگەرم دەبێ... بە ڕاستیش تابلێی ڕۆژیکی گەرم بوو، دەمەو نیوەڕۆ، پلەی گەرما گەیشتە رادەیەکی وا مرۆڤ پێلاوی لە قیرڕی شەقامدا لەی بە جێ دەما،ئاوی تانکی سەربانەکان لە بەرتینی خۆرە تاوهەلیان لێ هەلدەستا دەوروبەری کاتژمێر دەی بەیانی بەڕیوەبەری کارگەی مریشك وەك ئەوەی بە سەرخەزنەی

قارووندا که وتبێ ،له خۆشیاخه ریك بووبفرێ
شوێن نه بووخۆی پێدابکات وتێیدا هاواربکات
زاربیستی ته له فۆنه که ی به ده سته وه بــو
رووی وه ك سه لکی سلق ســورهه ڵگه رابوو
لوته زله که ی له ته ماته یه کـی زێده گه یوی
ده کرد،ملی دووبست درێژ.......ده ماره کانی
ره پ ببون،ژێرزمانی تاقه راغ لیوه کانی پڕاو
پڕلیکاوبوو.....ده موشبه ویلاکـــی فلته فلتی
لیوه ده هات،به ده نگێکی به رزووهـــه میشه
هاواری ده کرد،به هه موو توانای ده ی نه راند
کۆمه لێ فرمانبه رخه ریکی رازانــــدنه وه ی
هۆلی میوانداری بوون، کۆمه لێکیش ره وانه
کرابوون بـــۆکڕینی بیبسی کۆلاوچه نـــــد
شوشه یێ وێسکی وایت هۆرس،به هۆی ئه وه
وه،نه خۆشی سووتانه وه ی گه ده ، لــه نێوان
ئه ندامانی- ئه ئۆ-بلاوه به فــــــــرمانی
سه رکردایه تی ئه نجومه نی شۆڕش -ئاش- و
وه زاره تی ته ندرووستی گشتی- واوتاگێ-
لـــــه وه لامی پێشنیاکه ی ئه مانه وتی گشتی
ته ندرووستــی- ئاگی تا- ئــه ئــۆ -عاره قو
خواردنه وه کانی تری لێ قه ده غه کراوه!
به ڕیوه به ری کارگه ی مریشك ،له پشت مێزه
که یه وه،به پێوه وه ستابوو،وێنه که ی به رێز
سف-له سه رسه ریه وه ره نگین ده چوه وه له
نێوجاموچوارچێوه یه کی به هادا........دوو
باره ی ده کرده وه وهه میشه به هـــاواره وه
ده ی فه رموو:
-به لێ....به لێ...کاکی سکرتێر........
به ڕیوه به ری کارگه ی ....مریشـــــــکه !
سکرتێری پارێزگار، که زاربیسته که ی بستێ
له گوێچکه یادوور راگرتبوو، به م به یانی یـه
گه رمه ...په رداغ له سه رپه رداغ ئاوی فــڕ
ده کرد ، لـه تاو ئه وده نگه بێڕه زایه وبێزاری
له وهاتووهاواره ...هـه مووگیانی ده گوشرا
ناچاری له وه لامدانه وه ی ده بیسترا ، نـاچار
هاته گۆ....وه لامی دایه وه :
-به ڕیوه به ری کارگه ی....مریشکه ، تــێ
گه یشتم !
به ڕیوه به ری کارگه ی مریشك - بێ کۆئێم -
له کاتێکدا ده ستێکی به زاربیسته که وه بــوو
به ده سته که ی تری هیمای ده کرد ، په نجه ره
کان پاك بسڕنه وه ، به ده ربڕینێکی پـــڕله
پاڕانه وه ووتی :
-کاکی خۆم ده وجابمخه ره خـــه تی پارێزگاره
وه!!
سکرتێر په رداخه که ی پـــــــڕ ده کرده وه
په لـه ی بووله و ده نگه ناسازه رزگاری بـــێ
وه لامی دایه وه :
-فه رموو ...فه رموو..-هه رئێستا .
به ڕێوه به ر زاربیسته که ی،خسته ده ســتــه
که ي تری وبه ده ستی راســـته هیمای ده کرد
ستلّه زبلّه که ی ژێرمێزه که ، که پڕی بوولــه
توێکلّه هێلکه ی سالّی رابردوو، سه ره بیبسی
و-رۆژنامه کانی- سه وره -جمهوريه - عیراق
چه نـــــــد دانه یه ك قووتوه بیره ی ئه لمّانی
به تالّ،هێندی کلینیکسی کاره تایه تییه کانــی
فڕێ ی بده ن وستلّه که پـــــــاك بکه نه وه
ده یشی فه رموو:
-ده ی به قوربان کاره که هـــی ئه وه نییه دوا
بخرێت!؟
سکرتێری به رێزتابه یه کی گه یاندن ، دۆلکـه
ئاوه که ی چك کرد،له تاواقیژه ی لێ هه لّـــسا
-فه رموو،فه رموو به رێز پارزگارله گه لّتایه
به هێمنیه وه ش به پارێزگاری راگه یاند :
-به رێزم...به ڕیوه به ری کارگه ی مریشك !
به ڕیوه به ردووباره زاربیسته که ی خسته وه
ده ستی راســــــتی وبـــه چه په ش هیمای
ده کرد یه کێکیان جامی سه رمێزه کــه بـــه
جوانی بسڕێته وه ، تائه و وێنه ره نگینانه ی
جۆره هامریشك وهێلکه وهانی شاکروجوجه و
سه عدون جابیروسه رۆکی فه رمانده -سف -
سه میره سه عید وئه نجومه نی شۆڕش-ئاش
مه یاده حه ناوی وئه نجومه نی گــه ل - ئاگ -
وعه موبابه وئه نجومه نی- ئه ئۆ-سلاح داود ه
جوان ورازاوه دیاربن....وفه رمووی :
-رۆژباش..........چه ناب خۆتانن ؟
مێزه که ی پارێزگار،له گه لّ مێزی به ڕیوه به
ری کارگه و زۆربه ی دامود ه زگاکا نــــــی
ده ولّـــــه تی جیاوازیه کی ئه وتۆی نییه جگه
له وه ی هێندی وێنه هه ن له سه رمێزه که ی
ئه وداناديترێن ، ره نگه لـــه به رهێندی هۆی
تایبه تی له بــــاخه لّی هه لّیان بگرێت،یــا
له گه لّ ڤیدیۆفلیمه کانی...لـه چه کمه جه ی
مێزه که یدا بیانشارێته وه ، بـۆکاتی ته نیایی

جـگـه لـه وه چـوار ویـّنـه ی- سـف -یـان هه لّواسیوه ......یه کیّ له م به ری یــه کیّ له وبه ری ، یه کی له به رامبه ری ودانه یه ك له...... سه رسه ری.....پاریّزگار.....بـوّ بوّئه وه ی هه مووکاتیّ-سف-یان لیّوه دیاربیّ .....بوّ یه کدی پیّ بکه نن .....بزووتنه وه و هه لّسوکه وتیشی زوّرجیانی یه لــه ره وشتی پیاوانی ده ولّه تی ،وه ك خوّی،ته نیا ئـــه و هیّنده نه بیّ جه نابی پـاریّزگارانه ره فتـار ده کات ......ئه و دیمه نانه ش له دامووده زگا کانی ده ولّه تدا ئاسایی وبه رچاون ،لــه ته ك گوته کانی- سف -هه لّبژارده لــه پروّگرامی به عس -هاپرّوبه -گوته کانی هـــــاوریّ ی دامه زریّنه ر-میّشیّل عه فله ق - ئیّم عـا - و قورئانی پیروّز-قاوز-....پاریّزگاری به ریّز هیّنده له میّژیش نی یه فیّری داب و نــه ریتی نوویّی ژیانی سه رده می بـووه ......فنجانی قاوه که ی به دوو په نجه گرتبووپاریّزگارنـــه دوا :

-به لّیّ فه رموون!؟

به ریّوه به ری کارگــــــه به نه رمه کلینیکس ئاره قه ی نیوچه وانی ده سرپیه وه .......و ده ی فه رموو :

-قوربان ووتم .....ده رباره ی ترپّله که ....

پاریّزگاری به ریّز خه ریك بـــو فنجانه که ی بوّده می ده برد،پاریّزگارانه پرسی :

-چی ده رچوو ؟

به ریّوه به ری به ریّز که زوّر په له ی ئـــه م پرسیاره ی بووبه هه شتاوه وه وه لاّمی داوه :

-جه نابی موحافیزمریشکه !!!!!!

پاریّزگاری به ریّزله هه ژمه تی ئه و وه لاّمه و ئه وکاردانه وه یه ناخی ته کا،قومه قاوه کـه ی که تازه ئاوای ده می کردبوو،بوّی قووت نه درا زاری لیّك بوه وه ولـــه ده می پژاوبه لاشه ویلاکی داهاته خوار....فنجانه که ی ده ستی که خه ریك بوو به تووره یی یه وه لـــه سه ر میّزه که ی داده نایه وه قلّپ بــوه وه ورژایه سه ر ئه وکاغه زو و فرمان و فرمانکاریانه ی له به رده ستی بوون .......جوّگه ی کردوو خاچیّکی هیتله ری له سه ر رووی میّزه کـه دا ریك به سه ر وینه کانی- سف - و- ئاش- و- ئه ئوّ-درووست کرد ،له داخاهاواری کرد :

-مریشك نی یه و....کـــــه نغه ره ! جه نابی به ریّوه به رله به غداوه ته له فوّنیان کردووه به سکرتیّره که میان راگه یاندووه به موخافیز بلّیّ......مریشك نی یه ،هیتله ره ! بلّیّم ... که نغه ره !

به ریّوه به رکه لـــــه پوّزیّکی نویّ وه ستابوو ته نیشتا وته نیشت،له نیوانی کورسی ومیّزه که ی دا........ده ستی خستبوه کـه مه ری و رووی بوّ لای ویّنه که ی -سف-وه رسوراندبـو وه لاّمی دایه وه :

-نه خیّر قوربان ..به ریّزم جه نابی موحافیز کــه نغه رنی یه ! مریشکه !هه ر ئیّستا خوّیان ته له فوّنیان بوّکردم ره نگه ئیّستا له نیّوانی تووز و که رکوك بن .....ده وری یـه ك و دوو ده گه ن !

پاریّزگاری به ریّزکه پاریّزگارانه پلی لـه سه ر زه نگی ده نگدانی فه راشه ی که ی بو....... پرسی یه وه :

-دلّنیایی که نغه رنی یه!ئه وان به سکرتیّریان ووتوه به موحافیزبلّیّ کـه نغه ره ! که نغه ری ئوسترالّیشه !

فه رمانبه ره کان که لـــه کاره کانیان ببونه وه له چاوه روانی فرمانی به ریّوه به ردا لـــــه ده وری میّزه که دا کوّببونه وه به ریّوه به ری به ریّز به پیّکه نینه وه لـــــــه ویّنه کانی به رده می ده روانی ....په نجه ی دانا سـه ر ویّنه ی مریشکه سپی یه گه وره که و...... فه رمووی :

-به لّیّ گه وره م دلّنیام ...جه نابی موخافیز که نغه رنی یه ،مریشکه!مریشکی به رازیلیشه.

فه رمانبه ره کان تووند ده ستیان نـــابووه سه رده میان ،به ریّوه به ر چاویّکی لیّ زه ق کردنه وه و سه ری راوه شاندنی...بـه فرق و هوّر و گه ره لاوژه خیّرا هوله که یان بـه جیّ هیّشت، فه راشه که ی پاریّزگارکه له وکاتـه دا لـــــه چاوه روانی فرمان...به خوّو ده سته باشییه وه راوه ستابوو....گویّ ی لــیّ بوو پاریّزگارده ی فه رموو :

-باشه ....باشه ....که واته ده ورووبـه ری یه ك ودوو لاتان ده بین !

به ریّوه به ری به ریّز ..له ویّنه که ی مه یاده حه ناوی رامابوو، ده ستی به که ره فیّته که ی

داده هێناو به پاڕانه وه وه ڵامی دایه وه :
-گه وره م..چاوه ڕێتانین، بێگومان جه نابتان سه رۆکی ئه نجومه نیش ئاگادار ده کات!؟
پارێزگاری به ڕێز به ده ست هیمای کردو لـــه فه ڕاشه که ی گه یاند ،سه ر مێزه که ی پاك بکاته وه،ده ستێکیشی بـــه ده موو شه ویلاکی داهێنا و، فه رمووی :
-خه ...متان...نه .....بێ ئێوه....
خه ریکی...کاری خۆتان....بن!
ئه وجا به ڕێوه به ری به ڕێز ده ستێکی به به رو ورگی داهێناورووی وه ڕسوڕا نده وه بـــه ره و لای وێنه که ی-سف-و ووتی :
-زۆرسوپاس گه وره م ! سوپـــاســـتان ده که ین!
جه نابی پارێزگار......که به هێواشی زاربیسته که ی داده نـــایه وه، ده ستی به سه رته له فۆنه که هیشك بـو، ته واو تاسا........وه ك چۆن تـه نه که یه ك به فراوی به سه ر دا بکه ن ...لـه ناکاو له سه رکورسیه که ی خۆی راته کان...
فه ڕاشه که ی وای هه ست کرد پارێزگار خه ریکه په لاماری بدا، فنجانوژێره که ی په ڕه ته ڕه کانی بـه ده ستی یه وه بوون رای فڕاندن وبه په له رای کرد ، خـاچـه هیتله ریه که ی ، بـۆ جه نابی پارێزگار به جێ هێلا ،له و کاته پارێزگاری به ڕێز هه ستی کرد...ته زوویه کی سارد لـــه نووکی پێ یه وه وه ك بروسکه تا ته وقی سه ری ........نه وه ستا، لـه به ربای کۆندیشنه که ش....ئاره قه که ی سارد بوه وه ..له رزی لێهات له به رخۆیه وه وورینه ی ده کرد :
-باشه تۆ بڵێ ی که س گوێ ی لـێ بوبێ؟
جه نابی موحافیزکه نغه ری ئــوسترالی نییه ومریشکی به رازیلییه ! ئه م بـــێ ئابڕووه چی کرد....ئه وه چی بـوو...
به م به یانی یه تووشمان بـوو! هێنده ی پێ نه چوو، زاربیسته که ی هه ڵگرته وه داوای لـــه سکرتێرکرد ، ئه مین عامی به ڕوه رده – ئه ع په – ی بـۆ وه رگرێ !
سکرتێر دوای ئه وه ی ژماره کـــانی چه رخاند فه رمووی:
-قوربان وه ڵامی نییه!
پـــارێزگـــاری به ڕێز وای بیر کرده وه من-ئه ع په –ی بـــه ڕێز بناســـــم به امه سه له که ی زانیوه ...هه رلـــه ئێستاوه خۆی گه یاندۆته کارگه بۆیه فرمانی دا:
-بۆی لێ ده وه .....به په له !
سکرتێرکه بۆقومێ ئاوی سارد چـاوی لـــه فه ڕاشێك ده گێڕا ،به په لـــه بازنه ی ژماره کانی ده چه رخاندن ،لـــه دڵی خۆیـــدا بیری ده کرده وه { به م گه رمایه و.......به و رۆژه گه رمه........کێ ئاره زوی لێدانی هه یـه خـۆنایه لن پیاو تاوێکیش پشوو بدات} !
فه رمووی:
-قوربان بوێم لێداوه ....فه رمووون ..فه ر .....خ...یه تی.....ئه مین عامی په روه رده ،به ڕێز –ئه ع په–که سکرتێره که ی ئاگاداری کرده وه ، پارێزگاری به ڕێز ،داوای ده کـــا ، ختوکه ی ده هاتێ، وه ك چۆن بـــه ڕوی له زاردا ته قابێ هه ر زوو فه رمووی :
-به لێ فه رموون :
سکرتێرکه داڵده ی قومێ ئاوی ســـارد بو ، گه رۆی هیشك ببو، ووتی:
-قوربان جه نابی پارێزگار،لـه گه ڵ...تایه!
فه رموون! –ئه ع په –بـــه په له پرسی یه وه
-قوربان رۆژتان باش ، چۆنن ؟ پـــارێزگاری به ڕێز ته ماشایه کـــی وێنه که ی – سف – ی کرد و به رامبه ری پێکه نیه وه وفه رمووی:
– بژین ، بژین !
ئه ع په – سه یرێکی کاغه زه که ی بـــه رده می کردو فه رمووی :
-بفه رموون قوربان کارێ خزمه تێ؟
پارێزگاری به ڕێزکه پارێزگارانه ئـــــه دوا فه رمووی :
-ووتم ده رباره ی مه سه له کـــه ئـــاگادارت بکه مه وه ...
ئه ع په –ی به ڕێز بیری کرده وه ولـــــه دڵی خۆیدا ووتی { جه نابی پارێزگار زۆر بـــێ مێشك و که رپیاوه ....واده زانێ من هـــه ر خه ریکی مه سه له کانی ئه وم...هـــه زار و یه ك قۆنته راتی درووست کردنی قوتابخانـــه له گۆڕێ یه ..........ئه و هه ر خه ریکی

مه سه له كه يه } پرسى :
- قوربان كاميان ؟
له وكاته دا به ڕێوه به رى پۆليس- بىٚ پىٚ - هاته ژووره وه ، قه ڵه وێكى يه كجاربێڕه زايه شێوه ى هه رله د ڕنده وهه رس ده كات پارێزگاركه ده ستێكى زاربيسته كه بوو ده سته كه ى ترى د رێژكرد وخستييه ده ستى -بىٚ پىٚ- ئه يشى فه رموو:
-ترێله كه گه يشت!
به ڕێوه به رى پۆليس له دڵى خۆيداووتى ده فه رموون ده ى، ده ڵێن پۆليس بىٚ ره وشتن ، خۆى نه ديوه ده ڵىٚ ى عه نته ڕناشه } به ساردى يه وه ده ستى راته كان وله ولاوه له چاوه ڕوانى دانيشت،له و سه ريشه وه -ئه ع په –ى به ڕێز سه يرى داواكه ى به رده مى ده كرد وبيرى ده كرده وه له و قۆنته راتانه چه ندى پىٚ ده برِىٚ له سه ره خۆ، فه رمووى:
-به ڵىٚ. . . .به ڵىٚ چى ده رچوو ؟
پارێزگارى به ڕێز په نجه ى به زه نگى ده نگدانى فه ڕاشه كه يه وه ناو ده ى فه رموو:
-ده زانى ده ڵێن كه نغه رنييه ! مريشكه!
ئه ع په-داواكه ى وه رگێڕاديوه سپى يه كه ى ده ستى له باخه ڵى ده گێڕا، هه رچه نده سه ر مێزه كه پێنوسى هه مه جۆرى له سه ر ريزكراوه ، به لاٚم هه ربۆجوانين به ڕێزيان ئاره زوناكات ديمه نيان تێكبدات،كاتىٚ ده ستى كه وته سه رقه ڵه مه كه ى باخه ڵى ده ى فه رموو:
-جاچۆنيان زانى جه نابى پاريزگارى به ڕێز مريشكه وكه نغه رنييه ؟!
پارێزگارى به ڕێز،له تووڕه يدا پمابوو، نه ى ده زانى چى بكات،له سه ركورسييه كه ى خۆى ديناوده برد. . .ده ستێكى خسته سه ر رلاٚخى مێزه كه ي وهێزى وه به رخۆناو هه ڵسايه وه سه رپىٚ- بىٚ پىٚ- واى بۆچوپارێزگارى به ڕێز ده بىٚ زگى بچىٚ يا بايه كى زۆرى كردبىٚ ياخۆ قه بزه ! پارێزگارده ستى به رزكردبوه وه رووى گرژببو،هاوارى ده كرد :
-نه خێر و هه زارجار نه خێر، ئه مين عامى به رێزمريشكه وكه نغه رنييه ! تێگه ييشتى !
ئه ع په – كه خه ريك بوو دوو ژماره ى لێك ده رده كردن وه لاٚمى دايه وه :
-ئه ى بۆ ووتيان جه نابى پارێزگاركه نغه ره؟
پارێزگار كۆڵه مستى راست كردببوه وه. . . . . هه ره شه ى ده كرد. .له وكاته فه ڕاشه كه ى ده رگاى كرده وه كه چاوى به كۆڵه مستى پارێزگاركه وت زوودای خسته وه له به رده م ده رگاكه وه به سه رسامى سه يرێكى سكرتێرى كردووتى:
-ده بىٚ چى رووى دابىٚ جه نابى موحافيز به م به يانى يه وا تووڕه بووه ده ڵىٚمريشكه كوركه وخۆى گيف كردۆته وه!!!!
سكرتێربه تووڕه ييه وه لىٚ ى راخوڕى:
-برۆ لێره مه وه سته گه رگوێى لىٚ ده بىٚ وه لاٚهى سێداره ت بۆ هه ڵده واسىٚ برۆ نه ختێك ئاوى سارد م بۆ بێنه باشتره!!
له و چركانه دا، ده نگى پارێزگارله دالاٚنه كه دا ده نگى ده دايه وه :
-هه روه ك ووتم جه نابى ئه مين عام مريشكه! كه نغه رنييه !مريشكى به رازيليشه!
ئه ع په- خه ريك بوولێكده ركردنه كه ته واو بكات، فه رمووى :
-باشه قوربان ئێسته دڵنيام به ڕێزم مريشكه وكه نغه رنييه !
پارێزگارى به ڕێز كه له داخانا نه ى ئه زانى چى بكات ، په نجه ى نابووه زه نگى ده نگدانى فه راشه كه ى وهه ڵى نه گرت وچى بۆ نه ماوه بيڵىٚ. .فه رمووى :
-جا من له وى ده بم !!
به ڕێز- ئه ع په -شاگه شگه بو له خۆشى ئه وه ى ئه نجامى لێكدانه وه كه ى نزيكى سه د هه زارێكى ده كرد به خۆشى يه وه وه لاٚمى دايه وه :
-زۆر چاكه قوربان ئێمه ش ئاماده ين !
پارێزگارى به ڕێزبه تووڕه ييه وه زاربيسته كه ى دانايه وه و له به ر خۆيه وه فه رمووى :
-ئه وخه ڵكه ش چاك رووى هه ڵماراوه كه م ره وشت، هه رچى،هه رچى و په رچى يه ده يه وىٚ به سه رسه رى مندا ببىٚ به كه ڵه شێر ده برۆ ده ى ئاوا خه مت ده خوم!
رووى كرده وه – بىٚ پىٚ – و فه رمووى :
-چاكم نه كرد. . . !

بێ پێ- له وه ته ی دانیشتوه بۆیه كه م جا ر
لێوه كانی ترازان و فه رمووی:
-زۆر چاكت كرد!!
له وكاته فه ڕاشه كه هاته ژووره وه پارێزگار
په نجه ی له سه ر زه نگه كه هه ڵگرت و
فه رمووی :
-كه واته چایه كی چاك بۆبه ڕێوه به ری چاكی
پۆلیسی چاك بینه ....سه رمێزه كه ش چاك
پاك كه وه!!
ئه ع په - به بێ ئه وه ی خۆی شێلوكات
،هه روه ك ئه وه ی نه بای پێداهاتبی ونه
باران داوای له سكرتێره كه ی كرد به ئه مین
عامی رێگه وبانی بگه یێنێ، سكرتێر كه سه ری
سوڕمابوو له و مریشك نییه و كه نغه ره
ده یه ویست تێ بگات مه سه له كه چی یه ،
هه رده ت گوت ده گه ڵ - ئێس گی ئارپی -
سكرتاریه تی گشتی رێگاوبان په یمانیان
به ستووه ...یه كسه ردوای چه رخاندنی
ژماره كان وه ڵامی وه رگرته وه :
-فه رموون قوربان ئه مین عامی رێگاوبان له
چاوه ڕێتان دایه !
به ڕێز- ئه ع په -به ده نگه پڕ له ئاوازه كه
یه وه ، ده ستی پێكرده وه :
-قوربان خوتانن ؟
ئه مین عامی به ڕێزیه كجار زۆر ئاره زوو
ده كات به SGRB بانگی بكه ن، به لایه وه ئه م
جۆره ناوانه له ناوی كۆمپانیه جیهانی یه كانی
نزیك ده كه نه وه،به ڵام هه ر وه ك خۆی چه ند
جارله روژنامه كانیشدا بڵاوی كردۆته وه
{ ئه وخه ڵكه دوواكه وتوون وكه س به كاری
ناهێنی } بۆیه هه تا ئیسته ش هه ربه ناوی
كوڕه كه یه وه بانگی ده كه ن ، بێگومان
ئه میشیانی زۆر پێخۆشه ، به ڕێزیان كه
له سه ر كورسییه كه ی زۆر به رێكی پۆزێكی
{ ئه بووعووده بیانه } دانیشتبو، ده ستێكی له
سه ر ئانیشكی كورسیه كه وه ...ئه وه ی
تریانی به نه رمی به زاربیسته كه وه بو، زۆر
دڵخوش دیاربوو، به راستیش ئه و ده گه ڵ
ئه ع په- زۆر رێكه چونكێ باوه ڕی وایه رێگاو
بان و په یوه ندییه قۆنته رایه تیه كان ،
په یوه ندی یه كی یه كجار پته و ده یان
به ستێته وه به زانیاری و قوتابخانه و
قۆنته راته كانی به ڕێز -ئه ع په - دوو شتن
لێك جیانابنه وه ، هه رچه نده ش چه ند
قه لابه ولۆریه كی له سه ردانا وه، به ڵام سوود
زۆر له وه پتر سه ری كردوه وئه م جۆره زیانه
له به رابه ر بڵاوكردنه وه ی زانیاری به
قوربانی ده زانێ ..به تایبه تیش به ڕێز
-ئه ع په -له به ر بێ كاتی وسه رقاڵی هێندی
له وكارانه ی به ژنه به ڕێزه كه ی سپارد ووه
، بۆیه به خۆشییه وه وه ڵامی دایه وه :
-ئۆ هۆ به ڕێز ئیوه ن چۆنن....هه واڵتان له
چی دایه ؟
ئه ع په -ی به ڕێز چاوی له سه ر مێزه كه ی
ده گێڕا....وێنه كه ی -سف-ی به دی نه كرد
....ده ستی برد و پاكه ته كه دانهێله كه ی
راكیشا ....كه سه یری كرد سه رۆك وا له
ژێر پاكه ته كه وه چه روت ده كێشێ!
زه رده خه نه یه كی هاتێ و فه رمووی:
-بژیت خۆشبن......سڵاویان هه یه ، ده زانی
دوێنێ شه وخه ریك بوو ته له فۆنت بۆ بكه م
...ئه مین عامی رێگاوبان كه زۆر شاره زای
یانه كانی شه وان و كۆڵانه كانی شاره
فه رمووی:
-ده نگو ره نگتان نه بو ؟
سكرتێره كه ی خه نده یه كی هاتێ و له به ر
خۆیه وه ووتی :
-ته حا شتێكی جوان، ته له فزیونی مله وه نه
ئه ع په -كه به كاوه خۆسه ری پاكه ته كه ی
ده كرده وه فه رمووی:
-میوانم هه بو، كه سه یرم كرد ، دانیشتنه كه
هی ئه وه نه بوبه دڵتان بێ ....بیرم كرده وه
به م شه وه .....نه یكه م.... باشتره .
به راست له یادم چو باسی ئه وه تان بۆبكه م
كه به ڕێز ئه مین عامی رێگاو بان له پشت
مێزه كه یه وه وله سه ر كورسییه كه ی
ئه بووعووده یانه دانیشتبوو........هه ر له
ده مه شۆقڵ و بیلدوزه ری ده كرد...وله گه ڵ
سوڕاندنی كورسییه كه ی به رده وام چاوی به
وێنه كانی سه رمیزه كه یدا ده گێڕا ....جا
ئه وه ی كه هه ڵم بوارد ، باسی مێزه كه ی
به ڕێزیانه..به ڕاستی وه ك خۆی رازاوه یه و
ئاره زوی خۆی تێیداتیشكی داوه ته وه.......
...لێره پێویسته ئه وه ش بڵێن كه له جۆری

هەواڵنامەی کتێب

ئه وویّنانه وده گمه نی وکـــه م شیّوه ییان
میّژنی یه لـــه شارداشان بداله شانی وقه ره
له قه ره ی بدات ، به داخه وه بای ئه وهه مـوو
ویّنه جوان و بیّهاوتایه و میژووی پــڕ له
شانازیان له وده رفه ته كه مه ناكریّت چونكه،
نه دیتراون ...به رچاونه كه وتوون .......
زۆر ده گمه نن ....به لاّم كه هه ر كه وتنه وه
یاد له به ر دلّی ئیّوه ی خۆشه ویست واچه نـد
ویّنه یه ك لـــه وانه ی بەڕیّزیان چاوی پیّدا
ده گیّڕیّ ....باس ده كه م...ڕیّزی ناوه ند له
چه په وه بۆڕاست - مه یمونیّك تـــه نوره ی
كچیّكی هه لّداوه ته وه له ژیّره وه سه ری پیّدا
گرتووه ، یه كه م ، دووهه م! سه رۆكـــی
فه رمانده ، ده رگای به سته ریّكی كردوته وه
سه ری پیّداگرتووه ! سیّهه م و چـــواره م،
مه یمونیك مۆز ده خوا، سه رۆكی فه رمانده له
چیّنییه كدا ماستاو ره شاو ده كا ! پیّنجه م
دووشه مبازی له ژیّر په یكه ره به ناوبانـــگه
كه ی ئازادی ئه مه ریكا یاری ده كه ن شه شه م
سه رۆكی ئازادیخواز و شای ئیّران له ژیّــر
ویّنه مه زنه كه ی هه واری بۆمیدیّن تۆقـــه
ده كه ن ! گۆریلایه ك ســـواری كه شتییه كی
ئاسمانی بوه! حه وته م ، شـــوره ســـواری
قاد یسییه لـــه ســواری مه شحوحوفیّك دایه له
یه كیّ له هۆره كانی خواروی عیراق!هه شته م
نۆیه م ، مه یمونیك مه میله ی به زاری بیّچوه
كه یه وه كردووه ، باوكی عووده ی ، حـــه لای
ناوه ته بان قلوقاسی ! ده یــــه م ، یـــانزه م و
دووانزه هه م ، مه یمونیك سه ری بیّچوه كه ی
له رشكوئه سپیّ پاك ده كاته وه ، ســـه رۆكی
به ڕیّز وباوكی فه رمانده ده ستیان خستۆه ته
ملی یه كتر! سیّنزه هه م ، چـــوارده هه م
گۆریلایه ك له به رده م تیپیّكی مۆســـیقایی
مه یمونه كان مایكرۆفۆنی به ده سته وه یـه و
گۆرانی ده چـــریّ ، ســـه رۆكی بلیمه ت
له به رده م سه...با....حمیر..........زاو
تاقمه كه ی خه ریكه جه نگیّكی نوویّ جـار
ده دات ! پانزه م ولـــه وجۆره ویّنانه پیّدابڕۆ
....هیّشتا ریزی ناوه ندی تـه واو نه كردبوو
به ڕیّزیان وه لاّ می دایه وه :
-فه رموون ...كاریّ فرمانیّكتان هه یه ؟
ئه ع په -كه به ئه سپایی یه وه جگه ره یه كی
لـــه پـــاكه ته دانهیّله كه ی ده رده كیّشا،
فه رمووی :
-قوربان ..ووتم.... ده رباره ی... ترپّله كه!
به ڕیّز ئه مین عامی ریّگا وبان ، قـاچی نابووه
بان قاچی ، خه ریك بوو گوره ویه كانـــــی
هه لّده كیشایه وه فه رمووی :
-له سه رخۆم نه بیّ له سه ركه س نییه!داخوا
ووتم باسی چی ده كه ی !!!
ئه ع په - ی به ڕیّز كه به چه رخه ئـــه لكتر
یكیه كه ی جگه ره كه ی داده گیرساند ، بـــه
لیّوبزواندنیّك كه نه شازی خسته ده نـــگه
موسیقاییه كه یه وه ، فه رمووی :
- گرنگ نییه....بـه لاّم خۆتان ئاگادارن چۆن
قاتوقڕیه كه !
به ڕیّز ئه مین عامی ریّگاوبان ،كه به ده ستیّك
ماسوولكه گۆشتینیه كه ی رانی هه لّده ســه
نگاند وبه خۆشییه وه لیّ رامابوو......چاوی
فڕكه ی كرد و به ویّنه كه ی ســـــه رۆكدا
گیرسایـه وه ....ده یفه رموو:
-به تایبه تی مۆز.... ببورن ......گۆشت!
ئه ع په- كه له به ر پیّكه نین جگه ره كه ی لـه
نیوان لیّوانیدا بۆ نه ده وه ستا ناچار بـه دوو
په نجه له لیّوانی كرده وه ، بـه ده م قـــا قای
پیّكه نین....ده ی فه رموو:
-جا...تۆ...مه یكه به گالّته ...بـه راستمه
ئیّسته ته له فۆنیان كرد ......وا بـه ڕیّوه یه
...تۆ بلّی ی چه ند پاكه تیّكی بیست كیّلویمان
...بـه رنه كه ویّ؟!
ئه مین عامی ریگاوبان به په له پرسی :
-تـــۆ....بلّیّ ی ئیمرۆ بـــــگات؟!
ئه ع په -دووكه لّی جگه ره كه ی بـــه باده دا
....ده یفه رموو:
-به لّیّ ، به لّیّ ...بیّگومان ده گـــــات!
ئه مین عامی ریّگاوبان ، كه ده زانـــیّ ریّگاو
بانه كانی ئه م ناوه چـــیان پیّدادیّ وچـــیان
پیّداده روا ، فه رمووی :
-به لاّم وه ك من ئاگادارم مریشك نییه ،گایه!!
ئه ع په -كه نه ختی به م هه والّه سه ر و دلّی
گیرا...وناچار فه رمووی :
-نه خیّر..دلّ له دلّ مه ده ......بـه ڕیّزم هه ر
مـــریـــشـــــــــــــكه!
ئه مین عامی ریّگاوبان بـــه بیّ ئه وه ی خۆی

تێکبدا لـــه وه ڵامدا فه رمووی :
-ئاماده ی گره وه که م...به ڕێزم ...ئه گه ر گـــــــابوو!!؟
ئه ع په -به پێکه نینه وه فه رمووی:
-جـــا....گه...ربه...ڕێزم...گـــــابیٚ!!
ئه مین عامی رێگاوبان ده ستێکی بـــه سنگی دادا شه په ی لێوه هات و...فه رمووی:
-به ڕێزم.... گابیٚ ! گابیٚ ! یـانی پاره که ی له سه رخۆم !!
ئـه ع پـــه - به ناچاری وه ڵامی دایـــه وه و فه رمووی :
-هه ڵبه ته دیاره مریشکه نییه وئێوه راســـتن ...... به ڕیزم گایه !!!
ئه مین عامی رێگاوبان کـــه پێکه نین گرتبوی .... وده یفه رموو :
-وه ك ووتم مریشك نییه به ریزم...... گایه!!
ئه ع په -به دووپه نجه جگه ره که ی لـــــــه ته پله که که دا هه نجنی ، بـــــه توڕه ییه وه هاواری کرد :
-باشه باش ...به ڕێزم...گایه ...مریشـکه ....هه رچی ده بیٚ با ببیٚ ...خۆجـــه نابتان له ویٚ ده بن ؟!
ئه مین عامی رێگاوبان که له تـــاوی پێکه نینه که ی خه ریك بوو زاربیسته که له زاری خـۆی ببپه ستیٚ ....ده یفه رموو :
-هیچ گومانی له سه رنییه!!
ئه ع په - به و په ری تووره یه وه هـــــاواری کرد و....فه رمووی :
-ئی باشه خۆ له ویٚ ئاشکراده بیٚ ...بـه ڕێزم گایه ...یانا !!!
سکرتیری به ڕێزیش لـــــــه ولاوه سه ری ده له قاند وله دڵی خۆیدا ووتی :
-چاك بوو ئێسته له مه سه له که گه یـشتم!!
ئه مین عامی ریـــــــگاوبان ته له فۆنه که ی داخست و..له به رخۆیه وه ده یفه رموو :
-دووێنیٚ شه وخه ریك بوو ته له فۆن بـــکه م ......مه نگوز....دانیشتنه که م بـــــه دڵ نه بوو.....به خوا بابه جوانه ..هــه ی گه واد .....ئه ی کاتی من ...دوێنیٚ شه و لـــــه جێگه که تدا خانمم پاڵخستبو.... خۆجه نابتان له ژێر چارپایه که نه بوون !!!
به ڕێز ئه مین عامی رێگاوبان ....هـه روه ك

باسمانکرد کۆڵانه کانی شار زۆر شاره زایـــه ، تابڵێن کوڕی چاکیشه ، به م بــــه زموره زمه که یفی زۆرسازده بیٚ و دڵی یه کجار خـــۆش ده بیٚ دوور لــــــه رووی ئێوه هه رده ڵیٚ ی رۆنی سه ی تیٚ هه ڵده سوون ........رۆژ تا ئێواره ش له پاڵ مێزه که یه وه خه ریـــــکی که یفی خۆیه تی ورای ئه بوێری - بـه کوردی په تی یانی - خه ریکی قسه ی قــــــۆڕه - تـــه له فۆنه که ی نه ختێکی تـــر راکیشایه به رده می وده ستی کرده چه رخاندنی بـازنه ی ژماره کان ........سکرتێری جه نابی ئه مین عامیش....رۆژتائێواره له خودا ده پاڕێته وه ،هه روای راگریٚ ، لــــه سایه ی چاکی ئه مین عامی بیٚ فیزیان ، بۆخۆی لیٚ ی پاڵداوه تـه وه ، بیبسی ئه نۆشی-به ژه هری بیٚ -وچای فرده کا-به قوزه رقورتی بیٚ-وفسته ق ئـه ته قێنی -بـــه رگوله ی جامبێزاریٚ کـــه ویٚ - ده بڵێن لـــــه گه ڵ ســــــه رۆك وســــــــه رۆکی سه رۆکه کانیشی - ئامین - خوا له زارتـــان بنۆڕیٚ !دوای چه رخاندنی ژماره کان یه کسه ر ئه مین عامی رۆشنبیری ولاوانی نـــــاوچه ی ئۆتۆنۆمی ده رچو...به ڕێز -ره فیق عه بدول غه فارسایغ-به زمانی خه ڵکی شار-رائه وه ل ..فار...........سایق - یان - راعه ین سین- بـــــه راستیش به ڕێزیان درێخی نه کردوه له گه یاندنی هـــــــه ر کچێکی فه رمانبه رو نا فه رمانبه ر بۆ ماڵــه تایبه تییه کـــانی ، به تایبه تی تریش ئه وانه ی لـــــه بنه ماڵه ی ئه وکیٚوه لیانه نی ده ورویه ری موســــــــل -ن -چونکه وا باوه کچانی شار رووی نـاده نیٚ - ئه م ره وشته ی پیارمه تی دانی ئافره تان لـه نێو -ئه ئۆ -زۆر باوه ...بۆیه نیوانی -ئه ئۆ - یه کێتی ئـــــافره تانی ناوچه ی ئۆتۆنۆمی -یه کجار پته وه زۆربه ی کاتیان لــــه خانوه کانی هاوینه هه واری پیرمام بـه ڕیٚ ده که ن ،له پێناو پته وکردنی پــــه یوه ندییه کـــانی -یا ئانون ئو- هـــــــه ر چه نده باوه ڕیان به یه کسانی ژن و پیاو نییه و بـــــاوه ڕیان به خاوه نداریه تی تایبه تی یه کجار پـــته وه ........بـــه ڵام بۆ ئه م جۆره یارمه تی دان و پــــه یوه ندیانه سه ریان پیٚوه نییه -ده ك داوه شێن و سه ریان به تاشین چیٚ و پشتـاو

پشت سواری که ریان که ن و شـــاربه ده ریان
که ن - ئێوه بڵێن بیان تۆپێنن -نامین-خواله
زارتان بنۆڕێ!!!!





مناڵا نی نــــازیز!
خوێنه ری به رێز!
داوای بوردن ده که ین ، به وهۆیه وه له ژماره ی رابردوودا ، نـاوی ئاماده کارو وه رگێڕی ئه م چیرۆکانه [ کاك رزگارقادر ] له چاپکردندا که وتبو، هه روه هـا داوای بوردن له ئاماده کارو وه رگێڕده که ین .چیرۆکی ژمـــــاره ی رابردوو، چیرۆکێکی وولاتی [ قه رغیزیا ] بوو، چیرۆکی ئه م ژماره ، چیرۆکێکی وولاتــی [ لیتوانیا ] یه .

# بۆ پشیله دوای نانی ده موچاوی ده شوا ت!؟

جارێكیان چوێله كه یه ك له لای خانوی جوتیارێك هه ڵنیشت و ده ستی كرده دانه وێله خواردن . چوێله كه له سه ر گیا هه ڵده قونی و ده نك ده نك دانه وێله ی ده خواردن ، پشیله ی ماڵه كه له گۆشه یه كی په نجه ره وه سه یری ده كرد ، سه یری كرد ، سه یری كرد ، له پڕێك په لاماری چوێله كه ی داو به هه ردوو چنگی گرتی و گوتی :

- خراپ نی یه ، ئێستة نانی به یانیم ده خۆم !

- ئه وه چی یه ، ئه وه چی یه ، گه وره م كاك پشیله !

چوێله كه چریكاندی .

- ئه تۆ بڵێ بمخۆیت ؟

- ئه ی تۆ چیت گه ره كه سه یرت كه م ؟ پشیله پڕمه پڕمه كی كرد و خۆی ئاماده كرد سه ری چوێله كه بابدات .

- شه رمێ بكه ، چه نابی كتك ! جارێكی تر چوێله كه كه چریكاندی .

- تۆله بیرت كرد ده مووچاوت بشۆی! ئایا نازانی كه خاوه نه كه ت و خانمی خاوه نه كه ت و هه موو خه ڵكی جیهان ، له پێشه وه ده مووچاویان ده شۆن ، ئه وجا نان ده خۆن !

- ئه وه ت راسته ! پشیله گوتی ، ئه و جا چنگی بڵند كرد ده می بسرێته وه ، چوێله كه ئه و كاته ی به هه ل زانی ، بازێكی داو ....فڕی !

مام كتك زۆر دڵ ته نگ بوو ، توند میاواندی :

- له مه ودوا كه س ناتوانێ فێڵم لێ بكات ، خه ڵكی چیده كه ن با بیكه ن،به لام من نانی به یانی ده خۆم ئه وجا ده مووچاوم ده شۆم .

له و كاته وه هه موو پشیله یه ك له دونیادا ، ده مووچاوی دوای نانی ده شوا !

# ناوه ڕۆك


| بابه ت | لاپه ر |
| --- | --- |
| ئیمسالْ سالْی ٢١١٦ ی کوردیه ..........دلانپـــــــار | ١ |
| ڕۆژمێری راپه ڕینی ئـــاواره ........لیژنه ی سه رپه رشتی | ٤ |
| نامه ی خوێنه ران............... | ١١ |
| خوشـــــــــکه فریشته............ره هبـــــه ر | ١٤ |
| تارمایی ئه ندیشه ی خاو یا پادشای رووده.....هه.ئـــه کره م | ١٨ |
| ئاڵایه ك بۆ نیشتمان ئاڵایه ك بۆ بۆ کوردستان...ئــــالا | ٢٥ |
| بـه رمـۆدا...................قوبادی جه لی زاده | ٢٩ |
| مـه گـــری....................ئـــــازاد دلزار | ٣. |
| لـه خه می هه ڵه بجه ی ژارا...........جـه لال میرزا که ریم | ٣١ |
| پـرس و خۆشه ویستی..............حه سیب قه ره دا خی | ٣٤ |
| بـه فری ره ش.................نه وزاد ره فعه ت | ٣٥ |
| هـه ڵه بجه !...هه ڕه شه...له بێ دیپلوماسییه تی<br>بزووتنه وه ی رزگاریخوازی هاووڵاتیان وئـــازادی<br>نیشتمانی کوردستان ...............رێبازمحێدین | ٣٦ |
| ئه فسانه ی قه ڵای ئاگری..............رێـــــــژنه | ٤٩ |
| بۆ پشیله دوای نانی ده موچاوی ده شوات...رزگـاری مامه قادر | ٥٩ |

